# هانار

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارە 10
نۆڤەمبەر 2006

گۆڤارێکی ئەدەبی ، هونەری ، رووناکبیرییە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز :
بەڕێوەبەرێتیچاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
سەرنوسەر :
محەممەد عەبدولکەریم سوڵەیی
جێگری سەرنوسەر :
محەممەد کوردۆ
سەرپەرشتیاری هونەری :
ڕێبین مەجید
لۆگۆ
حەمیدی ئازموودە
مۆنتاژ :
رۆژگار محمود
تیراژ
500

دەستەی نوسەران :
عارف ناسراو
محەممەد عەبدوڵا
نەورۆز جەمال
هەڵەچن :
گارزان عەبدوڵا
ئاریان کامیل
تایپست :
پەیام ئەحمەد
نەخشەسازیی ناوەوە :
مەهدی ئەحمەد
چاپخانەی
یاد

ناونیشان : سلێمانی - گردی ئەندازیاران - بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ - بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
ژمارەی تەلەفۆن : 3180994
Email: hanarkurd@gmail.com Email: hanarkurd@yahoo.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| کرۆسیتۆ، کیلێکی چاوڕەشی.. | فەرهاد شاکەلی | ٥ |
| وێنای ڕوناکبیر لەنێوان دوێنێ و.. | هەندرێن | ١٠ |
| ڕایەڵەکانی نێوان سیاسەت و ئەدەب | نیاز محەمەد | ٢٨ |
| **دەق** | | |
| دوو شیعر | محەمەد ئەمین پێنجوێنی | ٤٣ |
| ئەوپەڕی گومان | بەرزان هەستیار | ٤٦ |
| ڕێگەم بدە | ئیبراهیم ئاودەشتی | ٤٩ |
| ڕەنگەکان | ئەیوب سابیر | ٥٢ |
| پەیتا پەیتا ئەستێرەکان | زەینەب یوسفی | ٥٤ |
| تەنیا بیستونەک گرامە کێشی ژیان | بەختیار کەریم | ٥٨ |
| **خوێندنەوە** | | |
| مێژووی پاڵەوانە شکستخواردووەکان | ئارام سدیق | ٦٧ |
| لەئازادییەوە بۆ ناو قەفەسی ئاسنین | جەبار سابیر | ٧٤ |
| تیراژیدیای عەشق و فرامۆشی.. | چنور محەمەد | ٨٢ |
| **وەرگێڕان** | | |
| خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ژیانی.. | ڕەزا مەنوچەهری | ٩١ |
| کۆترەکەی پاتریک زۆسکیند | کەریم مەلا | ١٠٢ |
| دوو تەنزە چیرۆک | تۆفیق عەبدول | ١٠٨ |
| **هونەر** | | |
| هونەرمەند ڕێبوار سەعید.. | دیداری: عەتا مەحموود | ١١٦ |
| دەرهێنەری عیراقی سەعید سەلمان.. | و: دلێر محەمەد | ١٢٨ |

گرۆسێتۆ کیژێکی چاورەشی بیستو شەش ساڵانە

فەرهاد شاکەلی

وێنای روناکبیر لەنێوان دوێنێ و ئەمرۆدا

هەندرێن

رایەڵەکانی نێوان سیاسەت و ئەدەب

نیاز محەمەد

# وتارو لێکۆڵینەوە

# گرۆسێتۆ،
# کیژێکی چاوڕەشی بیستوشەش ساڵانە

فەرهـــاد شــــــاکەلی

نازانم ئەگەر لوچیانۆ بیانچاردی تا ئێستا ژیابایە و لە گرۆسـێتۆ دابنیـشتایە چـۆنی پێشوازی دەکردم؟ ئایا پێی خۆش دەبوو چاوی بـە شـاعیرێکی کـورد، کـە بیـستودوو ساڵ لە خۆی بچووکترە، بکەوێت؟ لەناو شاعیر و نووسەرانـی کـورددا مـن دۆسـتی وام هەن کە هاوتەمەنی بیانچاردین، بەڵام کە چاومان بە یەکدی دەکەوێ یا سەر لە یەکتـر دەدەین و بە سەعاتان دادەنیـشین و قـسان دەکـەیـن سـنوورێکی ئـەوتـۆ لـەنێوانمانـدا نابینم. هەموومان دەبینە دۆسـتی هاوتـەمـەن. ئـەوەی لـێ دەربچێـت کـە بـە ویـست و خواستی خۆم هەندێ وردەکاریی زمانی کوردی، کە دەربڕی ڕێزە بۆ کەسێکی لە خۆت بەتەمەنتر، بە کار دەبەم، ئیدی کۆ لە هـیچ باسـێک و هـیچ بابـەتێـک ناکـەینـەوە: لـە شیعرەوە تا فەلسەفە و تەسەوف، لە سیاسەتەوە تا سێکس.

با جارێ هەر لە سەرەتاوە پێ لەم ڕاستییە بنێم. هەتا بەهاری ساڵی ٢٠٠٢ یش من نە ناوی گرۆسێتۆم بیـستبوو، نـە بیانچـاردی. ئیتالیـام دەناسـی، هـەر لـە منداڵییـەوە دەمناسـی. کـە یـەکـەمجـار لـە ئـەتڵـەسێکدا چـاوم بـە نـەخـشەکـەی کـەوت، هێنـدە سەرنجڕاکێش بوو، هیی ئەوە نـەبـوو ئیتـر لـە بیـرم بچێتـەوە. ڕۆمایـشم دەناسـی. بـە دووری نازانم ناوی ڕۆمام پێش ئیتالیایش بیستبێ. ئەمە کەی سەیرە؟ چەنـد سـاڵێک لەمەوپێش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بـووم، ئـەوە تێگـەیـشتم کـە خـەڵکـی وا هەن، کەمیش نین، ستۆکهۆڵم دەناسن، بەڵام نازانن سوێد چییە، شـارە یـان وڵاتـە، و لە کوێیە؟ ئەوان ستۆکهۆڵمیان لەبەر خـەڵاتـی نوبێـل خـۆش دەوێ. سـاڵ نییـە چـوار پێنج کەسی ئەمەریکایی ئەو خەڵاتە وەرنەگرێ.

ڕۆما یەکەمین شاری ئەوروپا بوو کە بینیم. هاوینی ١٩٧٧ کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم بە جێ هێشت و ڕووم کردە ئەوروپا، لە (لیۆرناردۆ داڤینچی)ی ڕۆما فڕۆکەم دەگۆڕی، دەبوو شەش سەعات چاوەڕوان بم. ئەو ماوەیەم بە هەل زانی و چـووم بـۆ نـاو شـاری ڕۆما.

گرۆسـێتۆ ئـەزمـوونێکی جیـاواز بـوو. هـەر لـە یـەکـەم ڕۆژەوە خۆشـم ویست. مـن شـارەکـانی دنیـام وەک ژن دێنـە بـەرچـاو: جـوانن، کـەمتـر جـوانن، هـەر زۆر جـوانن، دوورکوژن، ئێسکسووکن، ساردوسڕن... هتد. لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە ژنـان دەگـۆڕێن و دەچنە ناو ساڵەوە، بەڵام شار کەمجار دەگۆڕێ. لە چ تـەمـەنێکدا بینیوتـە، هـەر وا دەمێنێتەوە. پاریس ژنێکی چلوتۆ ساڵانی تەڕوبڕ و شیکپۆشـە. لـەنـدەن داپیـرەیـەکـی حەفتا ساڵانی هەتا بڵێـی ژیـر. هـەنـدێ جـار کـە دوو سـێ سـاڵێ دەکـەوێتـە نێـوان و دەیبینمەوە، هەست دەکەم برێک قەڵەو بووە، بـەڵام هـەر واز نـاهێنێ؛ ئێستایش هـەر شت کۆ دەکاتەوە، هەر دەیەوێ دەوڵـەمـەنـد و دەوڵـەمـەنتـر بێـت. گرۆسـێتۆ کیژێکـی جوانی ئێسکسووکی چاوڕەشی باریکەڵەی بیستوشەش ساڵان بوو، بیستوشەشی ڕێک، نە کەم و نە زۆر.

لوچیانۆ بیانچاردی یەکێک بوو لە عاشقە گەورەکـانی گرۆسـێتۆ. نـازانم چـۆن دڵـی هات ساڵانێک بە جێی بهێڵێ، لەپێناوی شارێکی (ژنێکی) دیکەدا کە ناوی میلانۆ بوو؟ شاعیرێکی عەرەب نزیکەی هەزاروسەد ساڵ بەر لە ئێستا شتێکی بەم واتایـە گوتـووە: "بڕۆ، چەندە دەتوانی دڵداری بکە و جێگۆڕکێ بکە، بەڵام خۆشەویستی هەر بۆ یەکـەم زێدە". دڵنیام بیانچاردی تا ئەو ڕۆژەیش کە ژیانی بە جێ هێشت ئـەڤینـی گرۆسـێتۆی چاوڕەشی بیستوشەش ساڵانی هەر لە دڵدا بووە.

بیانچاردی دەمێکە لەناوماندا نەمـاوە، بـەڵام دۆسـتەکـانی وی هێنـدە گـەرموگـوڕ و میواندۆست بوون کە هەر زوو خۆشەویستیی خۆیان و خۆشـەویـستیی گرۆسـێتۆیان لـە دڵمدا نەخشاند. ئێستایش، نزیکەی سـاڵێک دواتـر، کـە بیـر لـە گرۆسـێتۆ و دۆسـتانی ئەوێم دەکەمەوە، وا هـەسـت دەکـەم ژوورەکـەم پـڕ دەبـێ لـە بـۆنی کۆڵانـە تـەسـک و باراناوییەکانی گرۆسێتۆ، لە بۆنی ئەو هەزاران دارزەیتوونەی هەموو دەشت و گردەکانی تۆسکانیایان داپۆشیوە.

لە دوا هەفتەی مانەوەمدا لە گرۆسـێتۆ، شـەوێکیـان لـەگـەڵ (زریـان)ی کوڕمـدا لـە ژوورەکەمان لە هۆتێلی (شێری زێڕین Leon d'or) دانیشتبووین و قسەمان دەکرد. ئەو دەیزانی فۆنداسیۆنی بیانچاردی داوایـان لـێ کـردووم تێکستێک ئامـادە بکـەم، بـۆ ئەوەی چاپی بکەن و بڵاوی بکەنەوە. زریان دەیگوت: "ئەوە چەند ڕۆژە مـن لـەگـەڵـت دێم بـۆ هـەمـوو سـەمینـار و کـۆڕە شـیعرییەکانـت و گوێـت لـێ دەگـرم و گـوێ لـەو کـەسـانەیـش دەگـرم کـە پرسـیارت لـێ دەکـەن. مـن وا هـەسـت دەکـەم تـۆ دەبـێ

لێکۆڵینەوەیەکی وا بنووسیت کە پاشخانی شیعرەکانت ڕوون بکاتەوە و یارمەتیی خوێنەران و گوێگران بدات، باشتر تێیان بگەن." قسەکەی زریانم پێ جوان بوو، بەڵام من خۆم دەناسم و ئەویش تا ڕادەیەک دەمناسێ. من لەو نووسەرانە نیم کە بتوانم پێشەکی دانیشم و نەخشە و پلان بۆ کاری داهێنانی ئەدەبی دابڕێژم. هەمیشە ئەم ئەرکە بۆ بەهرەی ئەدەبی و بۆ چێژی هونەری بە جێ دەهێڵم، کە باوەڕ ناکەم بێهومێدم بکەن.

من نزیکەی سێ حەفتە لە گرۆسێتۆ بووم. ئەگەرچی بەرنامەیەکی یەکجار چڕوپڕیان بۆ دانابووم، بەڵام گەلێ جاریش وام بۆ هەڵدەکەوت، بەتایبەت ئێوارانی هۆتێل، کە بەتەنیا دابنیشم و بیر لە ڕابوردووی ژیانم بکەمەوە: ساڵانی منداڵیم لە گوندەکەی خۆمان (شاکەل) و سەرەتای تەمەنی لاوێنیم لە شاری کفری. شەش ساڵ لەو شارەدا خوێندم: پۆلی حەوت تا دوانزدە، لەوێ بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا کچێکم خۆش ویست، بۆ یەکەمجار دەستم کرد بە چالاکیی سیاسیی کوردایەتی و بۆ یەکەمجار دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم. ئەمانە سێ بناغەی پتەوی ژیانم بوون کە ئێستایش هەر گرنگ و کاریگەرن: ژن و نیشتمان و هونەر. ئێستایش دەست دەدەمە هەر کارێک، یا بیر لە هەر گۆشەیەکی ژیان دەکەمەوە، دەبینم بە شێوەیەک، بە کۆمەڵێ دەزووی ڕەنگاوڕەنگی ئاورێشمین، بەستراون بەو ساڵانەی ژیانی منداڵی و لاوێنیمەوە.

ئەم تێکستانە چییان ناو دەنێن، بینێن: کورتەچیرۆک، بیرەوەری، یا تەنانەت شیعر، بەڵام بۆ خۆم وەک ئەو وێنە ڕەشوسپییانەن کە لە کۆنەئەلبوومی قورس و پان و گەورەدا هەڵیاندەگرین و جاروبار دەچینەوە سەریان و ساڵ بە ساڵیش لە بەرچاومان بەنرختر و خۆشەویستتر دیارن.

**شارێک و بەرنامەیەک و کتێبێک**

تێکستی (گرۆسێتۆ: کیژێکی چاوڕەشی بیستوشەش ساڵانە) نە باسی دڵدارییە و نە بۆ پیاهەڵدانی کچی چاوڕەشیش نووسراوە. باسی شارێکە نزیکەی سێ ساڵێک لەمەوبەر سەرم لێ دا و زۆریشم خۆش ویست.

لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٢دا بە هۆی دۆستێکی کوردەوە، کۆمەڵەیەکی فەرهەنگی و ئەدەبیی ئیتالیایی پێوەندییان پێوە کردم و وتیان دەمانەوێ بێیت و ماوەی مانگێک میوانی شارەکەمان بیت. لەو ماوەیەدا لە خوێندنگە و زانستگە و کتێبفرۆشی و

کتێبخانــە و ڕێکخــراوەکــانی لاوان و ژنــان و کۆمــەڵــە فــەرهــەنگییــەکــانی شــار و شارۆچکەکانی هەرێمی تۆسکانیا قسە بکەیت و باسی کوردستان و زمان و ئەدەبی کوردی بکەیت و شیعرەکانی خۆت بخوێنیتەوە. ئەم کۆمەڵەیە ناوی (فۆنداسیۆنی لوچیانۆ بیانچاردی) بوو، کۆمەڵێ ڕووناکبیر و شاعیر و ڕێبەری سەندیکای کرێکاران و مامۆستای زانستگە دەیانبرد بە ڕێوە. دوای نامە و نامەکارییەکی دوورودرێژ لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە پاییزی ئەو ساڵە بەرنامەکەمان دەست پێ بکەین.

ڕۆژی ٧-١٠-٢٠٠٢ لە ڕێگەی پاریسەوە چووم بۆ ڕۆما و لەوێشەوە بۆ گرۆسێتۆ و تا ١-١١-٢٠٠٢ لەوێ بووم. لەو ماوەیەدا نزیکەی بیستوپێنج پرۆگرامیان بۆ دانابووم. ڕۆژی وا هەبوو دوو جار و لە دوو شاری جیاواز یا لە دوو دەستگا و خوێندنگەی جیاواز دەبوو قسە بکەم. لەبەر ئەوەی من زمانی ئیتالیایی نازانم، کچێکی ڕۆژنامەوانی ئیتالییان دانابوو کە ماوەی ئەو مانگە لە هەموو بەرنامەکاندا هاوڕێم بێت و قسەکانی من لە ئینگلیزییەوە بکاتە ئیتالیایی و قسەکانی ئەوانیش بۆ من بکاتە ئینگلیزی. خۆشبەختانە هەر پێشەکی کۆمەڵێ لە شیعر و وتار و لێکۆڵینەوەکانم تەرجەمەی ئیتالیایی کرابوون. بەرنامەکەمان یەکجار چڕوپڕ بوو، بەڵام بە هیچ جۆرێک هەستم بە ماندوێتی نەدەکرد، بگرە بەپێچەوانەوە زۆریشم پێ خۆش بوو. خانەخوێکانم هەتا بڵێی ڕووخۆش و میواندۆست و گەرموگوڕ بوون. ئەگەرچی من لە هۆتێل دادەنیشتم بەڵام زۆر جار بۆ میوانداری بانگێشتنی ماڵی خۆیانیان دەکردم. لەگەڵ ماڵ و منداڵیشیاندا دۆستایەتییەکی گەرمم پەیدا کرد. لەو ماوەیەدا ماڵ و منداڵی منیش هاتنە سەردانم و حەفتەیەک لەوێ بوون و ئەوانیش یەکیان ناسی.

لوچیانۆ بیانچاردی Luciano Bianciardi ، ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ لە دایک بووە و ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧١ مردووە. نووسەرێکی گەورەی ئیتالیایە و خەڵکی شاری گرۆسێتۆ بووە. بیانچاردی بیروباوەڕی چەپایەتیی هەبووە و نووسەرێکی پڕبەرهەم بووە. ئەگەرچی هەمووی چلونۆ ساڵ ژیاوە، بەڵام نزیکەی سەد کتێبی چاپکراوی هەیە، کە بەشی زۆری لە ئینگلیزییەوە کردووە بە ئیتالیایی. لەناو نووسینەکانی خۆیدا ڕۆمانی La Vita Agra (ژیانی سەخت) و کورتەچیرۆکی The Same Old Soup (هەر ئەو شۆرباوە کۆنەیە) لە هەموویان ناودارترن. بیانچاردی ماوەیەکی دوورودرێژی ژیانی ڕۆژنامەوان بووە و لە پەخشخانەیەکدا لە میلانۆ کاری کردووە و لە بزووتنەوەی سیاسیی چەپیشدا چالاکانە بەشداریی کردووە.

دۆستەکانی بیانچاردی ئەم فۆنداسیۆنەیان دامەزراندووە و بەشێکی گەورەی چالاکییەکانیان بۆ ڕێزلێنان و زیندووڕاگرتنی یاد و بەرهەم و بیری بیانچاردی تەرخان کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٢وە، پرۆگرامێکیان دەست پێ کردووە بە ناوی (نووسەری ئاشتی) کە ساڵانە نووسەرێکی بێگانە بانگهێشتن بکەن و ماوەی مانگێک میوانی هەرێمی تۆسکانیا بێت و لەبارەی فەرهەنگ و ئەدەب و ئەزموونی خۆیەوە قسە بکات و ئاخاوتن پێشکەش بکات. دواتریش هەر ئەوان کتێبێکی ئەو نووسەرە تەرجەمەی زمانی ئیتالیایی دەکەن و چاپی دەکەن.

کتێبەکەی من La sera Quando La luna Eclisso (ئەو ئێوارەیەی کە مانگ گیرا) مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥ چاپ کرا. کاک هونەر خدر لە کوردییەوە کردوویە بە ئیتالیایی و شاعیری ئیتالیایی ڤیلیۆ ئاباتی لە ڕووی زمانەوە پێدا چووەتەوە و دەستگا و پەخشخانەی SEF بڵاوی کردۆتەوە. کتێبەکە لە حەوت چیرۆک و ئەو کورتەپێشەکییە (گرۆسێتۆ: کیژێکی...) پێک هاتووە. لەماڵپەڕی پەخشخانەکەدا (www.sefeditrice.it) لەسەر کتێبەکە نووسراوە و لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٥دا، لە شاری گرۆسێتۆ، لە ئاهەنگێکدا بە ڕەسمی پێشکەش کرا. بڕیار وا بوو خۆیشم لەوێ بم، بەڵام بە هۆی کارەوە نەمتوانی ئەو سەفەرە بکەم.

---

گرۆسێتۆ (Grosseto) شارێکی جوان و ئێسکسووک و قشتیلانەیە. ئەوەی جارێک بیبینێت هەر وا بەئاسانی لە بیری ناچێتەوە. ئەوەی، وەک من، نزیکەی مانگێک تێیدا ژیابێت، حەز دەکات بۆی هەڵکەوێت و جارێکی دیکەیش بچێتەوە بۆ سەردانی.

# وێنای روناکبیر لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

هەندرێن

١

راسانێك، كوڕەوێك، لەدەنگی خێڵێكدا ئاوارە دەبێ و
مێژوویەك بەدەست دێوجامەی سەروەری بێسەردا،
ئیرادەی زڕاوە !

٢

ئـەمرۆ رونـاكبیری لەچركەسـاتێكدا دەژی كـە لەنـەبوونی ئیراردەیـەكی كوشـندەی چەقبەستوودا دەخوولێتەوە. ئەو ژیانەش، بەر لەوەی خەونی واتایەكی هەڵبەستراو بكاتە هـەبوونی خـۆی و دواجـاریش بەمـەرگێكی خاكەسـار شاگەشـكەمان بكـات، دەبێـت فاتیحایەكی بۆ بخوێنین.

بەڵام لێرەدا مەبەستمان لەكام روناكبیرە؟ بەڵی، ئەو روناكبیرە ئـەو بوونـەوەرە نییـە كە دەمڕاستی حزبێكی دەسەڵاتدار یان حزبێكی بەرهەڵستكار، یـانیش لەیـەك كاتـدا هـەم دەمڕاستی حزبی دەسەڵاتدار و هەمیش حزبێكی بەرهەڵستكار، دەكات، بـەڵكو مەبەسـت لەو روناكبیرەیە كە لەروانگەی ئاراستەیەكی رۆشنبیریی و ئێستیكیانەی سەربەخۆدا، وەك كردە، رۆڵەكەی پیادە بكات. كەواتـە رونـاكبیر بیركەرەوەیـەكی جـووڵاوە نـەك دەربـار و جێگر!

هەڵبەتـە لێـرەدا ئـەم نووسـینە زیـاتر ئاسـتەنگەكانی وێنـای رونـاكبیر لەباشـووری كوردستاندا نمایشدەكات، نەك گشت بەشەكان. هاوكاتیش ئەو بەشانەی تریش، بەجۆرێك لەجۆرەكان، لەئاستەنگەكانی ئەو دیمەنەدا، خۆیان دەبیننەوە.

ئەو دەمەی كە روناكبیر لەپێگـە و مانـای كـردەی خۆیـدا تووڕهەڵـدەدرێت، یـان وەك بوونـــەوەرێكی بەرهەڵـــستكاری ســـەربەخۆ واز لەجێلـــەقكردنی دۆخـــە جێگیرەكـــان و گومـانكردن لـەبڕیارە پێـشمەرجەكانی دەسـەڵاتی باڵادەسـت دەهێنێـت، لـەو پێناسـە رۆشـنبیرییە بێبـەش دەبێـت. كاتێـك رونـاكبیر لـەبری پەنجـە درێـژ كـردن بـۆ ناڕاسـتی و راتەكاندنی ناخی دەسەڵاتی ناڕەوا، دەبێتە ئامرازێكی سواو، ئەوكاتە ئەو بوونەوەرە نەك

هەر بوونەوەرێکی مردووی زیندووە، بەڵکو دەبێتە پەنجەی شادە و بچمی ئارایشکراوی دەسەڵاتێکی غەدار، کاتێك روناکبیر بەناوی هۆشیارییەوە لەبەردەم کۆمەڵگادا دێوجامەی راستیی دەپۆشێ و پاسەوانی لەناڕاستی–ساختەیی دەسەڵات دەکات، ئیتر رۆشنبیریی، وەك سەرچاوەیەك لەزیندوویەتی ژیان، لەبری گەشاندنەوەی ویژدان و هەڵقولاندن و دۆزینەوەی وزەکان، بوون و یادەوەرییمان ئیفلیج دەکات.

لەم روانگەیەوە، ئەمڕۆ ئێمە لەواقیعێکدا دەژین کە حزبی کوردی بەمجگێزی خۆیان هەڵیدەسووڕێنێت، روناکبیر بێجگە لەدیکۆرێکی قۆقز و بێکردە، هیچ شتێکی تر نانوێنێت.

ئەگەر روناکبیری کورد لەقۆناخ و شوێنکاتەکانی رابردوودا، بەدەنگ هەڵبڕین و هەڵوێست وەرگرتن لەدەسەڵاتە کورد کوژەکان، نووسینەکانی بەهای کردەییان نواند بێت، کەچی لەباری ئەمڕۆدا لەبەردەم دەسەڵاتێکی چاوەشەکاریی حزبی کوردیدا، نەك هەر لەرۆڵی دەنگ هەڵبڕین و هەڵوێستی کردەیی هەرەسی هێناوە، بەڵکو خۆی بەشێکە لەو مەرگەساتەی، کە ئەمڕۆ بەهۆی لەدەستدانی ئیرادەی ئازادی و سەروەریی، مرۆی کوردی سیخناخکردووە.

بەڵام ئەوە چ چرکەساتێکی پەڕپووتە کە وادەکات فاتیحایەك بۆ مەرگی روناکبیری کوردی بخوێنین؟ ئایا کاتێك ئەو روناکبیرە بەدوای فرەکردنی "معاش". وەك بوونەوەرێکی مشەخۆری زار قەڵەبالغ و کەهێڵ بژیت، دەکرێت خاوەن گوتارێکی رۆشنبیریی کردەیی بێت؟ لەوکاتەی کە داگیرکارانی کوردستان بەبێ منەت، هەڕەشە لەسەروەری کورد دەکەن و لەبەر چاویشمان روحی جمکانەی کوردانی لێکترێزێنراوی ئێمە کە لەبندەستی داگیرکارانە دادەپلۆسن، ئایا گشت ئەو کارەساتانە مایەی هەڕاجکردنی شەرەفی روناکبیری بەشی باشووری کوردستان ناگەیەنن؟ لەوکاتەی کە "خەونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد"یش بەهاتن و نەهاتنی "مەهدی مونتەزر" راسپێردراوە، کەچی روناکبیری کورد، رۆژانە نووسینی ئەو سکالانامانە بێت لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی حزب غەدری لەپایە و کەم و زۆری "رێزلێنان"ەکەی کردووە، دەکرێت خۆمان بەژیانێکی زیندووی ئەو روناکبیرە کوردییە دەستخەڕۆ بدەین؟ بۆ نموونە، ئایا ئەو منگە منگ و گلەییانەی کە لەلایەن نووسەر و هونەرمەندانەوە

بڵاوكراوەكانی كوردی تەنیوەتەوە، زەنگی ئاوابوونی روناكبیر و خەونی كورد، ناگەیەنن؟ هەڵبەتە لێرەدا پێویست ناكا ئاماژە بە نموونەی ئەو هەموو تەرزە گازاندانە بكەین، كە رۆژانە لەمیدیایە هەمەجۆرەكانی كوردی بەرزدەبنەوە. كەواتە ئەریٚ بەڕاست ئەو روناكبیرە مردووە بۆ پێكڤە دەست و برد تازێمانەیەك بۆخۆی دانانیٚ و پێكڤەش فاتیحایەك لەسەر گۆڕی خۆی ناخوێنێت/ناخوێنن؟

بۆ ئەوەی چەشنە راڤەیەك، یان بەفاتیحایەك، سوكەڵە دڵدانەوەیەك بۆ ئەو پرسیارە تەڤلەهەڤ و وێنە ئیفلیجەی ژیانی رۆشنبیریی كورد دەستەبەر بكەین، دەخوازێت لەرەهەندێكی جیهانگەراییانەوە رابمێنین و بهزرین.

٣

لەگەڵ گۆڕانی رەوتەنی شوێنكاتەكاندا، وێنە و كایەی مرۆڤ و كۆمەڵگایەكانیش، بەگشتی، گۆڕانیان بەسەردا داهاوتووە و دێت. لەم روانگەیەوە، بەپێودانگی ئەو رەوتەن و شوێنكاتانەدا، وێنە و كایەی روناكبیریش هەڵكێشان و داكێشانی بەخۆیەوە بینیووە. لێرەوە بۆ زیاتر روونكردنەوەی مەبەست، بەخێرایی ئاماژە بە قۆناغەكانی دوای سەردەمی رۆشنگەریی دەكەین، كە كۆمەڵگا و دەوڵەتگەلێكی هاوسەردەم و مرۆڤێكی نوێباوی لەهەناوی خۆیدا خەملاند، كە ئەم مرۆڤەی ئەمڕۆش بەرهەمی نموونەكانییەتی.

لە سەر و بەندی سەدەی شانزە و دەستپێكی سەدەی حەڤدەوە، هزرڤان و روناكبیرانی رۆژئاوا رۆڵێكی سەرەكییان هەبوو لەبەرهەمهێنانی ئەو كۆمەڵگا و جیهانبینییە نوێیەدا. هاوكاتیش لەگەڵ لێكجیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین، ئەو هزرڤان و روناكبیرە ئەرك و رۆڵێكی دیكە كەوتە ئەستۆیان. بەمجۆرە مشتومڕ و وەرچەرخانەكانی سەدەی حەڤدە، بەكاریگەرییەكانی لەسەدەی هەژدەدا رەنگدەدەنەوە. وەك پێشڤەچوونێك لەو رەوتەنە سیاسی، ئابووری، جڤاكی و هزریەی پێشوودا، جیهانبینی فەیلەسوف و روناكبیرانیش، روانگەگەلێكی جوداتر بەرهەمدەهێنن: وێڕای گریمانە و تیۆریگەلێكی نویٚ، ئاراستە و رێبازی هەمە تەرزیش لەدایك دەبن. یەكێك لەبنەماكانی ئەو رەوتە، كە بە "پرۆژەی رۆشنگەریی" ناودێر دەكرێت، رەخنەگەرییە.

هاودەم لەگەڵ ئەو وەرچەرخانانەدا، جیهان و بوونێكی جیاواز لەمرۆڤایەتی سەرهەڵدەدەن. هۆكار و هاندەرە سەرەكییەكانی ئەو دۆخە نوێیەش، گەشەكردن و

بەهـــەڕمێن بـــوونی ئایدۆلۆژییـــەکان، بەتایبـــەتییش ئایـــدۆلۆژی لیبرالیـــزم و بـــازاڕی سەرمایەداری، زانست، دەوڵـەتی بیرۆکرات و ... هتـد لێکەوتـەوە. لێـرەوە بـەهای مـرۆڤ دەبێتە کاڵا و چارەنووسی بوونایەتی دەکەوێتە دۆخێك، کە لەوێدا ئـاوەز و ئاوەزگـەرایی جلەوی رادەکێشێت. مرۆڤ وەك تاکێکی ئـابووری بەبەرپرسـیاری خـۆی و دەوروبەرەکـەی سەرقاڵدەکرێت/دەبێت.

بـەڵام لەناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدە و سـەرەتاکانی سـەدەی بیـستەمدا، لـەجیهانی هزریـندا، ئـەو چارەنووسـەی کـە مرۆڤـی رۆژئـاوا دەرکـی دەکـات و بـوونی دیاردەکـات، فەرامۆش ناکرێت: دەکرێت هەر لەهاوارنامەی "خوا مـرد"ی نیتـشەوە، پـرۆژە رەخنەییـە ئیدیالـەکانی "سـەرمایەداری"ی هێگـل و مـارکس، رەخنـە و بێئومێدییـەکانی ئـەدۆرنۆ و دۆرکهایم لە "دیالێکتیکی رۆشنگەریی"، هەتا دەگاتە ئازارەکانی کافکـا لـە"دەعـەجان"، "دادگا"، "تەلار" و... ئەوانیتردا، دەنگ، وێنە و کێشەکانی ئەو مرۆڤـە نوێیـەی نـاو ئـەو جیهانـە ئاوەزگـەرا و بـەکاڵاکراوە بناسـینەوە. لـەو روانگانـەوە دەبیـنین کـە پـرۆژەی رۆشنگەریی ئیتر وەك ئیرادەیـەکی رزگارکـار لەدەسـەڵاتی ئـایینی مەسـیحییەت و بەنـد و باوەکانی نەك هەر جۆشی نامێنێت، بەڵکو زانستکاران جێگـەی ئـەو ئایینـە دەگرنـەوە و ئاگایی رەخنە و رووخاندنی بەهایە باوەکان، کایەکانی خۆیـان لەدەسـتدەدەن. بـەکورتی ئاکامەکانی پـرۆژەی رۆشـنگەریی، مـۆدێرنیزم و مۆدێرنیتـە بەگەشەسـەندن و باڵادەسـتی بـازاڕی سـەرمایەداری و پیـشەسازی و تیـۆریی هونـەر و هـزر، بـەهای ئاگـایی مـرۆڤ و ئەفراندنەکانی ئیفلیجدەکات و لەپایەی ئیرادەگەریی کەمدەکاتەوە.

لەناوەڕاسـتی سـەدەی بیـستەمدا، ئـەو پێـشڤەچوونە هەمـە ئاراسـتەیەی پـرۆژەی رۆشـنگەریی، دەگاتـە لووتکـە. لـەوێوە مـرۆڤ چـیتر وەك "خـود"ێك رۆڵـی نامێنێتـەوە. بەدەربڕینێکی تر، مرۆڤ چیتر رۆڵی گـۆڕین و بەرهـەمهێنانی مێـژوویی، یـان وەك خـودێکی ئاوەزگـەرا و ئەفرێنـەر، نابینێـت. بـەمجۆرە لەسـەرەنجامی ئـەو نـاوکۆیی (کۆنتێکـستە) تازەیـەدا، مـرۆڤ، بەدەسـتەواژە ناودارەکـەی فۆکـۆ:" سـۆبژە/مـرۆڤ مـرد"، دۆشـداماوانە لەخۆی دەگەڕێت. هاوکاتیش لەئاستی داهێنانیشدا، نووسەران بەگریمانە ورووژێنەرەکەی رۆلان بارت: "مەرگی نووسەر"، سەرقاڵ دەبن. هەڵوێست و بەرتەکی هزرڤانان لەبەرامبەر ئەو رەوتەنییە لەدەست مرۆڤ دەرچووەدا هەر بەوەندە ناوەستێت، بەڵکو لەحەفتاکاندا بە

خـەتمکردنی "داسـتان"ە راشـکاوەکەی ژان فرانـسوا لیۆتـار: "کۆتـایی هـاتنی داسـتانە مەزنـەکان" و لەهەشـتاکانیش فاتیحایـە بوێرانەکـەی ژان بۆدلیـار، کـە لەئـەنجامی ئـەو سیـستەمە سیاسـییە باڵادەسـتەدا، ئـەو شـتانەی کـە لەسـەر ئـەو سیـستەمە ئـابووری و سێکسگەراییەدا تیۆریزە دەکرێن، بێجگە لەمۆنتاژێك، یان وێنەیەکی پێکـەنیناوی چەشـنە داستانێکی تیۆریانەی مرۆڤایەتییانـە، هیـچیتر نـین، دەگاتـە ئەوپـەڕی بێهوودەیی. بۆیـە بەواتای بۆدلیار، سەرتاپای زانست، گوتار/دیسکۆرس و دامەزراوەکان لەیارییـەك بترازێـت هیچی تر نین. بـەکوردی ئـەو شـتانە هـەموو هیـچن، ئـەو قسانە تـەنیا "وشـەن، وشـە". سەرەنجام بیرکردنەوە و کردە، راستگۆیی بۆدلیار، وەك روناکبیرێکی خاوەن گوتار، بەوە بەرجەستەی کردەوە، کە وازی لەنووسینی فەلسەفی هێنا و لەبری ئەوە کاری ئیـستاتیکی و وێنەگرتنی هەڵبژارد.

٤

لـەم گۆشـەنیگایەوە دەکـرێ، بـەجۆرێك لـەجۆرەکان، راسـتەوخۆ یـان ناراسـتەوخۆ، کایەکانی ئەو گۆڕانکارییە فرە رەهەندانـەی کـە لـەو چـەند سـەدەیەی رابـردوو لـەجیهانی رۆژئاوادا روویانداوە و روودەدەن، لەجیهانی ئێمەشدا رەنگدانەوەیان هەبوو بێت/هـەبێت. بۆیـە دەبیـنین لەگـەڵ گۆڕانـەکانی رەوتـەنی شـوێنکاتەکان لـەجیهانی کوردیـدا، وێنـە و کایەکانی کۆمەڵگاش، بەگشتی، گۆڕانیان بەخۆیەوە بینیووە.

بە گوێرەی ئەو دەقە نووسراوانەی روناکبیرانی/شاعیرانی کورد، کە دەکرێـت سـەدەی شانزە، وە تـەرزە "رۆشنگەریی"ەك، لەبوونی کوردی فامبکەین، چـونکە لەوێـدا بـەبوونی "ئیماراتی بۆتـان"، وەك دەوڵەتۆچـکەیەك، دواجـاریش دەکرێـت بەرێگـەی شـیعرە رامـان ئامێزەکانی مـەلای جـەزیریی و ئەحمـەدی خـانی، یـادەوەریی کـوردی بخوێنینـەوە. وەك دەزانین، لەوێدا بەتایبـەتی خـانی لەرێگـەی شـیعرەکانییەوە بەراشـکاوی بـەکۆی ئـازاری کوردی بەرووی دوژمنانی دەرەکی کـورد هەڵدەشـاخێ و هاوکـاتیش، بەراشـکاوی، لـەخۆ خۆری و دووبەرەکی و ئیرادەی لەرزۆکی کوردان دەپەیڤێت، کە ئەو کێـشەیە هەنووکـەش لەزاری قەڵەمی کوردی هاوسەردەمدا دووبارە دەوترێنەوە.

هەڵبەتـە سیاسـەتمەدارانی ئـەوکاتی کـورد گـوێ لەهاوارنامـە و ئامـاژە حیکمـەت ئامێزەکانی ئەحمەدی خانی نـاگرن و ئەمـەش دواجـار بـەرووخانی مـاڵی کـورد، ئیمـاراتی

بۆتان، کۆتـایی پێدێت. هەڵبەتـە ئـەو کۆسـتە ماوەیـەکی درێـژ کاریگـەری لەسـەر نـاخ و دەروونی کۆی کوردی بەجێدەهێڵێت و دەبێتە ئازارێك لەیادەوەریی مرۆی کوردیدا. بـەڵام لەسەدەی نۆزدەدا لەهەمبەر مرۆی کوردیدا، ریزێك هەڵکاڵینی بەرچاو روودەدەن. بەمەش دیسانەوە یادەوەریی کوردی لەو بێدەنگییە قووڵەدا بێدار دەبێتـەوە. لەوێدا رونـاکبیرانی کورد لەداگیرسانی روحی بەرەنگاربوونەوەی کـوردان، رۆڵێکـی کـارا دەبیـنن، هاوکـاتیش لەوێـدا لەدەقـە نووسـراوەکانی ئـەو روناکبیرانـە و کوردناسەکانیـشەوە، نـاڕەزایی ئـەو روناکبیرانە لەدەسەڵاتی سیاسی ئەوکاتەنەی کورد دەخوێنینـەوە. ئێمـە ئـەمڕۆ بـەرێگای دەقە زیندووەکانەوە، بەتایبەتیش، دەقـەکانی نـالی ، سـالم، و حـاجی قـادری کـۆیی لـە سـەدەی نـۆزدەدا، کێـشەکانی میرنـشینی بابـان و گوتـاریی نەتەوایـەتی کوردیمـان بـۆ رۆشندەبێتەوە. بەلەزەینگرتنی شوێنکات، هەرچەندە نالی، سالم و حاجی قـادریی کـۆیی دەنگی دیاری ناو ماڵی ئەو میرنـشینە و ئاسـتەنگی بزووتنـەوەی رۆشـنبیریی نەتەوایـەتی کـوردین، کەچـی جۆرێـك لەراسـتگۆیی و پاراسـتنی هەڵوێـست، یـان هاوئاهەنگییـەك لەهەڵوێست و کردە رۆشنبیرییەکانی ئەو شـاعیر/روناکبیرانـە دەناسـینەوە. نـالی سـالم و حاجی قادری کۆیی، وەك میراتگرانی ئەحمـەدی خـانی و بگـرە شـیعرە زارەکییـەکانیش، بەشـێوەیەکی وردتـر هــەمان گوتـار، جەختدەکەنــەوە، ئەوانــە رۆڵــی رۆشـنگەریی و بەنـەمرکردنی ویـژدان بەرجەسـتەدەکەنەوە. وەك دەبیـنین بەهـەمان شـێوەی رونـاکبیر و هزرڤانـانی رۆژئـاوا، بەدەسـت پێـوە گـرتن لەبـەراوردکاریی، دەتـوانین لـەنێوان ئـەو دوو وێنەیـەدا، هاورەهەنـدیی و لێکـچوونێك بدۆزینـەوە. لەرەوتـەنی ئـەو شـوێنکاتانەدا، ئـەو رونـاکبیرە دەگمەنانـەی کـورد، وەك رونـاکبیرانی رۆژئـاوا، خـەمی رەخنـەکاری لـەدیاردە نالەبارەکان، بونیاتنانی کۆمەڵگا و چارەنووسـی ویـژدانی مرۆڤایـەتییان بەئـەرکی خۆیـان زانیـووە. بـەکورتی خـەمی ئـەو روناکبیرانـە بێـدار کردنـەوەی ئاراسـتە مەترسـیدارەکانی دەسەڵات و ئاوادانکردنەوەی ماڵی بوونی کورد بوو، کە دواجار ئەو وێنەیـە بـەکردەکردنی رۆشنبیرییمان بۆ جەختدەکەنەوە.

٥

وێـڕای ئـەوەش، لەگـەڵ دەرکـەوتنی دیمانـەی سـەدەی بیـست، هـزری رۆشـنگەریی و روانگەکانی مۆدێرنێتە و مۆدێرنیزم، لەهەموو کاتەکانی تر دیارتر، ئاگایی جڤاکی بەگشتی

و، روناكبیری كوردیش بەتایبەتی، دەتەنێتەوە. لەگەڵ رابوونی كوردان بەسەرۆكایەتی شێخ مەحموودی نەمر بەدژی داگیركاری دەوڵەتی ئینگلستان، كە لەوێدا روناكبیرانی كورد بەرجەستەتر لەجاران دەنگیان دەردەكەوێت. لەو ناوكۆییەدا، بۆ ئەوەی كاكڵەی مەبەست، واتا ویژدان و بەهای كردەی رەخنەییانەی رۆشنبیریی رابگەیەنین، ئەوەندە بەسە ئاماژە بەچیرۆكی "لەخەوما"ی جەمیل سائیب و "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار جاف بكەین. دەكرێت، بەلای كەمییەوە، ئەو دوو بەرهەمە دانسقە و كردەگەرایە، وەك ئەزموونێك بۆ رۆژگار و شوێنكاتی ئەمرۆكەماندا، لەجەم روناكبیریی ئەمرۆی كورد بكرێنە جێگەی تێرامان و راچڵەكانی زمانی كوردی. لێرەدا نابێت ئەو كۆمەڵە روناكبیرە سیاسییە ئێستێتیكییانەی كورد، كە لەنموونەی حوسێن حوزنی موكریانی، پیرەمێردی نەمر، بێكەس، قانیع، دڵدار و چەندانی تر بەرجەستەدەبنەوە، لەیاد بكەین، كە ئەوانە لەسەرەتایەكانی سەدەی بیستەمدا، بەهەوڵ و كردە رۆشنبیرییەكانیان، رۆشنترین ئەزموون لەیادەوەریی رۆشنبیریی كوردی پێشكەش بەزمانی كوردی دەكەن.

وێڕای ئەوەی لەسی و چلەكانی سەدەی رابردوودا، رەوتێك لەبزاڤی رۆشنبیریی و سیاسیی، رۆشنگەرییەك لەزمانی كوردییدا سەرهەڵدەدات، كە دواجاریش لەبزاڤی "ژێكاف"، "حزبی هیوا" و بزاڤگەلێكی رۆشنبیرییدا بەرجەستە دەبێتەوە. ئاكامی ئەو بزاڤە رۆشنبیرییە رەخنەییانە، لە"كۆماری كوردستان/مەهاباد"ی جوانەمەرگدا بەئاوەێنە دەبنەوە.

بەڵام ئەوە چ قەدەرێكە، كە نەك هەر روناكبیر/سیاسەتمەداری كورد، بگرە سەرتاپای كورد، تەنیا لەفەرامۆشكردنی یادەوەریی خۆیدا كارایە؟ بۆچی هاوارەكانی خەمی ئەمرۆی مرۆی بەئاگای كورد، دووبارەكردنەوەی هەمان ئەو خەمانەن، كە لە ملهوری خۆ خۆری و بستەبالایی تاقمی دەمڕاستیی كورد بەرامبەر دەرەوەی خۆی و ... هتد كۆدەبنەوە، ئەو گرفتانەش دووپاتكردنەوەی هەمان گرفتن كە لەشیعری ئەحمەدی خانی و ئەوانەی دوای ئەو دەخوێنینەوە؟ بەندە لەچەند هەوڵی نووسینی تردا، رۆشنایی زیاتری خستۆتە سەر ئەو پرسیارە دڕدۆنگانە.

وەلێ لەحەفتاكانی سەدەی بیستەمدا، وێڕای گرفتەكانی ڕۆشنبیریی كوردی، هەڵوێست وەرگرتن لەدژی ڕژێمی بەعسی عیراق، وەك ئەركێكی نەتەوەیی و ویژدانی سەیر دەكرا. لەوێدا دەنگ بەرزكردنەوە لەرووی پیاوكوژەكانی ڕژێم، هاوواتای ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە و ڕاپەڕاندنی پەیامی ڕۆشنبیریی دەنرخێنرا. هاوكاتیش، بەكاردانەوەی ڕوانگە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەكانی ڕۆژئاوا، دیاردەی چەشنە ڕۆشنبیرییەكی لاتەریك لەجیهانی كوردیدا سەرهەڵدێنێت. لێرەدا دەكرێت ئاماژە بەدیاردەی "ڕوانگە"، جۆرە لاسایكردنەوەیەكی بوونگەرایی و شێوەخوازی لەشیعر و بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەكانی تر، وەك بەرهەمێك لەو كاردانەوەیە بناسرێنەوە.

لەو ناوكۆییەدا، هەشتاكان ئەركێكی دیاریكراو دەخاتە سەر شانی نووسەر و ڕوناكبیرانی كورد، كە هەر تەنیا نووسینی هێماگەرایانە بەس نەبوو بۆ ڕاپەڕاندی كردەی ڕۆشنبیریی كوردی. لەسالآنی حەفتادا، بەهۆی ئەو دۆخە گەمارۆدراوەی كە كورد دووچاری بوو بوو، ڕۆشنبیریی كورد لەرێگای هێما نەتەوەیی و سروشتییەكانی كوردستانەوە: "خۆشەویستی دایك و كچ"، شاخ" داربەڕوو"، "بەفر" و ... هتد، بوونی خۆی لەبەرامبەر داگیركاردا جەختدەكردەوە. بەلآم لەسالآنی هەشتادا، ئەو هەڵوێستە داخوازی بەرەنگارییەكی كردەی دەكرد: روو كردنە شاخ و هەڵبژاردنی ژیانی پێشمەرگایەتی. لەوێدا لەدیدی كوردانە، بەگوێرەی ڕەوتەنی ئەو شوێنكاتە تایبەتییەدا، هەڵبژاردنی بێدەنگی و وابەستەبوون بەدەسەلآت، مردن و سەرشۆڕی بوو. هەڵشاخانی ڕوناكبیر لەرووی سیاسەتی تەفروتووناكردنی بوونی كورد، جوامێری و دەستەبەركردنی نەمری بوو.

بەمجۆرە ڕۆشنبیرییەكی ڕوواڵەتكار، بەناوی: "ئەدەبی بەرەنگاری"، "شیعری پێشمەرگە" و "ئەدەبی ڕیالیزمی سۆسیالیستی"، پانتایی ڕۆشنبیریی و هونەری كوردی دەتەنێتەوە. لێ قورسایی نووسین و وێنەی ڕوناكبیر و هونەرمەند، لەشێوە و ڕازانكارییدا نەدەبینرا، بەڵكو لەشێوەی هەڵوێست و بەرەنگاریدا دەخەملێندرا.

لەم دیدەڕا دەنگهەڵبڕین بەرووی دەسەلآت، بەرجەستەكردنەوەی ویژدان و ڕاستگۆیی ڕوناكبیر بوو. لەوێدا ئەو كردانەی ڕوناكبیریش كایەی خۆیان لەسەر هێزی زەبەلاحی دەسەلآتدا دادەنا. بۆیە بەرتەكانی دەسەلآت لەدڕندەییدا پەرەیان دەسەند. ئەوكات

لەکۆمەڵگای کوردیدا لەدوو بەرە زیاتر، بوار بۆ بەرەیەکی تر لەگۆڕێدا نەبوو: بەرەی دەسەڵاتی داگیرکاری بەعس، کە مانای دزێوی و سەرشۆڕیبوو، بەرەی شۆڕشگێڕیی، پێشمەرگایەتی، کە واتای پاراستنی ویژدان و هەڵوێستی پاڵەوانی: نەمریی بوو.

٧

هەڵبەتە راپەڕینی گەلی کورد بەدژی دێوەزمەی رژێمی سەدام لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، دەبێتە چرکەساتێکی گرنگ لەیادەوەریی کوردیدا. لەوێدا کورد بەو کردە راسانکارییە، ئیرادەیەکی نموونەدار رادەگەیەنێت. بەڵام مخابن دوای ماوەیەکی کورت، بەهەڵگیرسانی شەڕی خۆکوژی لەنێوان ئەو دوو زلحزبەی کوردی، دواجاریش بڵاوبوونەوەی رك و کینە لەنێوان کۆی کوردیدا، ئەو ئیرادەیە نموونەدارە لەبار دەبردرێت. لەگەڵ ئەو وێرانکارییەی شەڕی نێوان حزبەکان کۆمەڵگای کوردی دەبێتە گۆڕەپان و کەرەسەی شەڕ و یارییەکانی حزب، حزبانێك بەو رەفتارانەی کە کردیان/دەیکەن، کە نەك هەر خۆیان لەواتای شۆڕشگێڕیی بەتاڵدەکەنەوە، بەڵکو دەبنە درێژە پێدەری هەمان سیاسەت و رەفتاری رژێمی سەدام.

بەمجۆرە ئەو پەرلەمانەی کە دەکرا بکرێتە سەرچاوەیەك بۆ نوێنەرایەتیکردنی مافەکانی مرۆی کورد، لەهەموو مانایەك رووت دەکرێتەوە و دەبێتە دیکۆرێکی گاڵتەجاڕانە. دواجاریش جەماوەری کوردستان بۆ داخوازەییە مەدەنییەکانی سەرگەردان دەمێنێتەوە و حزبیش دەبێتە سەرچاوەی هەموو ژیان و مانای کوردستان. لەو چرکەساتەدا، کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بەهێزێکی بێلایەن و کارای روناکبیریی هەبوو کە بتوانێت سنوورێك بۆ ئەو سووتانە روحییە دابنێت، کە حزبەکان ئەوانی کردبووە سووتەمەرۆی خۆی. بەڵام ئەو هێزە روناکبیرەی کوردی نەك هەر کەمتەرخەم و کەهێڵ بوو لەو ئەرکەی کە هی خۆیەتی، بەڵکو بوو بەگەمەکار و کەرەسەیەکی بێکردەی ئەو دوو حزبە شەڕانگێزە و لایەنە تاریکەکانی ئایدۆلۆژی، کە لەسەرئەنجامی ئەو جەنگە خۆ خۆرییەدا لەدایکبوون. بەمجۆرە ئەم روناکبیرە، راستی ساختە، داهێنانی جنێو، کاری هەڵەپاسی بۆ حزب، فرۆشتنی وشە، مشەخۆری، زارقەڵەباڵغی لەپڕوپاگەندەی دژایەتی و کینەرێژی ئەو حزب و ئەم حزبەی کردە پیشەی خۆی. هاوکاتیش، ئەگەرچی خۆی کردە دەمڕاستی حزب، لێ هیچ نرخێکیشی لەئاستی حزبیدا دەستەبەر نەکرد.

وەك دەزانـین، بەشـێكی یـەكجار فـرە لـەروناكبیری كـورد، بەدەراوێتـەكردنی چـەند دەنگێكی دەگمەن، كە ئەوانیش، بەهۆی باڵادەسـتی حزبگـەرایی، هـیچ كایـەكیان لەسـەر ئاگایی كورد و ئەو رەوتەنییە وێرانكارییە نەبوو/نییە، (هەروەك لەقۆناغەكانی تری بزاڤـی سیاسیی و رۆشنبیریی كوردیدا هەمان دیاردە لەئارادا بووە، چونكە لـەدواجاردا هەمیشە هێـزی نـەریتخوازی كـورد، وێـڕای مـانۆڕە دەرەكییـەكان، رەوتـی رۆشـنگەریی كوردیـان خامۆشكردو) هەمان بوونە كەرەسەی ئەو شەڕە خۆكوژییە. دواجاریش ئەو دیاردەیە بـوو بەپاشخان و زەمینەیەكی باش بۆ وێرانكـردن و روخانـدنی ویـژدانی رۆشـنبیریی و بەهایـە جوانەكانی جڤاكی كورد، لەئاكامی ئەو داڕمانە رۆشنبیرییەدا، واتای رونـاكبیری نـەك هـەر لەرۆڵی كردەی ئاوادانكردنەوە و سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئیرادەی سـەروەریی چۆكیدا، بـەڵكو بـوو بـەگروپێكی گەنـدەڵ. رونـاكبیر بەپـەراوێزكردنی خـۆی راپەڕانـدنی فرمـان و داخوازییەكانی حزب، ناشیرنترین وێنەی لەبوونی خۆی بەواتای رونـاكبیریی و رۆشـنبیریی بەخشی.

سەبارەت بەو رەوتەنییە تازەیە لەژیانی كورداندا، بۆ ئەوەی یادەوەریی كوردی بێـدار بكەینەوە، ئەوەندە بەسە كە ئاماژە بـەو نووسـەرانە بكـەین، كـە چـۆن كاتێـك لەیـەكێتی نیـشتمانیی كوردسـتان، یـان بەپێـچەوانە، لەبـەر پـارە یـان رك و كینـە دەتـۆران، بەكۆمیدیترین شێوە دەچوونە ریزی حزبە دژەكەی خـۆی و رۆڵـی باشـترین شـەڕخوازییان دەبینی. لەوەش زیاتر، بەشـێكی زۆر لـەو روناكبیرانـەی كـە لـەو كاتـەوە هـەتا ئـەمڕۆش دەمڕاستی رۆشنبیریی و كوردایـەتی دڵسـۆزی ئـەو دوو زلحزبـەن، هـەر ئەوانەشـبوون كـە لـەرۆژگاریی رژێمـی سـەدامدا، باشـترین هەڵەپاسـبوون. ئـاخۆ ئامـادە بـوونی ئـەو بـەناو نووسـەرانە و دیـاردە گەندەڵانـەی نـاو پانتـایی رۆشـنبیریی و ژیـانی كوردییـدا، مایـەی هەڵوەستەكردنێكی رۆشنبیرییانە نین؟! تۆ بڵێی لەدۆخێكی وادا، زمـانی كـوردی بكـارێ رۆشنبیرییەكی تەندروست لەبار و ئەفراندنێكی رەسەن بەرهەمبهێنێت؟!

جێگـەی تێڕامانـە، لـەو چركەسـاتە ئـاڵۆزەی ژیـانی كوردیـدا، رونـاكبیران لـەبری كۆكردنەوەی ویستی رۆشـنبیرییەكی رەخنەگرانـەی وەرچـەرخێنەر، پیـشەی جێگـۆڕكیی حزب هەڵدەبژێرن. بەمجۆرە، كە لێرەدا، بـەهۆی خـۆ دوورخـستنەوە لـەو یارییـە نوێیـەی دەسـەڵاتی حـزب، كـە بـەناوی "تۆمـەت و تەشـهیر"، رێگایـان لەبەرزكردنـەوەی هـەموو

رەخنەیەکی ئاکامگیر گرتووە، خۆمان دوور دەخەینەوە لەوردەکارییەکانی ئەو حەشاماتەی "روناکبیر"ان کە نموونەی زەقی ئەو رەوتەی رۆشنبیرییەی کوردین. لێرەدا، بۆ ئەوەی نیازمان رۆشنتر بکەینەوە، دەخوازین بەتاکە ئاماژەیەك رامانی خوێنەری ئەزیز بۆ ئەو ئاراستەیە کێش بکەین، کە زمانی کوردی جڵەوکردووە: من لەدیدارێکدا لەبەرسڤی پرسیارێکدا ئاماژەیەکی سوکەڵەم بەو روناکبیر و رۆژنامەنووسانە کردبوو کە لەسەردەمی رژێمی سەدامدا "سەر بەفەوجە خەفیفە"، کەرتەکانی "جەیشی شەعبی" بوون و هەڵەپاسییان بۆ ئەو رژێمە دەکرد، کەچی ئەمڕۆ ئەوانە زۆرینەی ناوەندە رۆشنبیرییەکانی ئەو حزبانەیان داگیرکردووە و دەمڕاستی کوردایەتی/حزبایەتی و نوێگەریی ئەدەبیشمان دەکەن، بەڵام ئەو گۆڤارە، بێئەوەی پرسێکیش بەمن بکات، کە لەپێناوی پاراستنی هەڵوێستی خۆم بەدژە رژێمی فاشی عێراق هەشت ساڵ لەپێشمەرگایەتی و دەیان ساڵ لەئاوارەیی بەسەر بردووە، دەربڕینی ئەو راستییە حاشاهەڵنەگرەی منی بەرەوا نەزانیبوو و بەمجگێزی خۆی قرتاندبووی. لێرەدا کە ئاماژە بەو نموونەیە دەکەم، مانای ئەوە نییە کە گلەیی خۆم، یان باسی کێشیەکی تایبەتی خۆم بکەم، بەڵکو دەمەوێت بێژم، کە رەفتاری ئەو گۆڤارە، وەك زۆرینەی بڵاوکراوەکانی دیکەی کورستان، رەنگدانەوەی پێودانگی کۆنتێکستێکی سیاسی و رەهەندێکی ئەخلاقی روناکبیری ئەمڕۆن، واتا بەلای حزب و ناوەندە رۆشنبیرییەکانی ئەمڕۆی کوردستانەوە، کەسێك بۆی نییە رەخنە لەو دەمڕاستە رۆشنبیریی و سیاسیانەی بگرێت کە ئەمڕۆ بەشێکن لەدەسەلاتی کوردی و دوێنێش بەشێك بوون لەدەسکەلای رژێمی سەدام، هاوکاتیش گەر تۆ رەخنەیەکی توند و رەوا ئاراستەی دەسەلات بکەیت، ئەوە بە"خائین"، "سەرلێشێواو"، "سیخوڕ"، دژە کورد"... هتد، دەبینرێیت و لەهەموو مافێکی هاووڵاتیبوون بێبەشدەکرێیت. بەواتایەکی تر، واتای هەڵوێست وەرگرتن ئەو رەهەندە شۆڕشگێڕانەی کە لە رۆژگاری رابردوو و هەشتاکانی سەدەی رابردوو رەواجی هەبوو، کرا بەحیکایەتێکی بەسەرچوو! ئەمڕۆ لەجەم دەسەلاتی سیاسی– حزبی– روناکبیری کوردییدا، شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی کورد ئەوانەن، جا دوێنێ هەرچییەك بوبن، کە ماندوونەناسانە ئەرکی حزب رادەپەڕێنن و هاوکاتیش، گوایە ئەوانە وزەی بونیاتنانی ئەو "کۆمەڵگا یە مەدەنی"یەن، کە ژیانی نووسینی ئەمڕۆی کوردی تەنیوەتەوە. لێرەوە، بەپێودانگی ئەو پاشخانە رۆژئاواییەی، کە

پێشتر نمایشمکرد، دەکرێت سیماکانی ئەو رەوتەنییە کە لەکوردستاندا لەئارادایە، بەدەستپێکی" دۆخی پۆست پێشمەرگایەتی"، " پۆست راپەڕین" و پۆست روخانی سەدام" ناودێر بکەین. لەم دۆخەی ئێستادا ئەرکی روناکبیر رەخنە نییە، بەڵکو پەسندانی دەسەڵات و داکۆکیکردنە لەهەموو گەندەڵی و ناڕەوایەتییەکانی ئەو دۆخەی سیاسییەی کوردستان. لەم دۆخەدا دەبێت قسە کردن لەرووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و دەنگهەڵبڕین بەرامبەر دەسەڵات، لەو سنوورانە دەرنەچن کە بۆت کێشراون. لەوەش زیاتر، تۆ وەك نووسەر، ئەگەر بەدژی بەکەڵەگا کردنی هێزی ئەمریکی بووی لەکوردستاندا، ئەوە لەبەر چاوی فەرمانڕەوا سیاسیی و رۆشنبیرییەکاندا، بەخوێنتاڵ و نەیار پێناسە دەکرێت. هاوکاتیش ئەگەر دوێنێ پایەی مرۆڤی کورد لەهەڵوێست و خۆبەختکردندا بوو، ئەوە ئەمڕۆ لەخۆ تێرکردن و کارامەیی لەدەستکەوتی ئابوورییدایە. بەدەربڕینێکی چڕتر، وێناندنی روناکبیر و رۆشنبیریی، لەبوونەوەرێکی کارا و رۆشنگەریی کردەییەوە بوو بەبوونەوەرێکی مشەخۆر، بەرخۆر: قسەکەری بێکردە! هەربۆیە ئەمڕۆ لەناوەندی رۆشنبیریی کوردییدا، رەخنەگرتن لەدیاردە سیاسیی و خەمە سیاسییەکان بێ مانایە.

ئەگەر لەرۆژئاوادا ئەوە بازاڕی سەرمایەداریی بێت، کە مرۆڤی لەبەرخۆریی و بەکالاکردندا خنکاند بێت، کەچی لەکۆمەڵگای کوردیدا، ئەوە حزب جێگەی ئەو بازاڕە دەگرێتەوە. واتا حزبی کوردی وەك بازاڕێکی قەبە و بەهەرمێن، کۆی کوردی بە"موکافەئە"، "پێشمەرگەی تەقاویت"، "شەهیدانە"، "رێزگرتن" و ... هتد، کردۆتە کارمەندی مشەخۆری خۆی. ئەمەش رەتێکە هێندەی کووشتنی ویست و خواستی بەرهەمهێنانە، ئەوەندە هاندان و زەمینە ئاوەڵاکردنەوەی داهێنان نییە. لێرەوە حزب توانیوویەتی ناخی جیاوازی کورد جڵەو بکات. ئەوانەی کە لەدەرەوەی ئەو "بازاڕ"ەن، یان دەبێت هەوڵبدەن ببنە بەشێك لەبازاڕە، یانیش بیر لەداخوازی دەربڕینی ناڕەزایی نەکەنەوە، ئایا ئەو دۆخە جێگەی خەم و بەزەیی نییە؟ ئەرێ تێهزرین لەو دۆخەی کە ئەمڕۆ بەشێکی فرەی جڤاکی کوردی کردووە بەمشخۆر و بەرخۆر، مانای سەروەریی تاکی کوردە یان بێسەرکردن و سستی؟!

٨

لێ ئەگەر بەر لەرووخاندنی سەدام بەدەستی رژێمی ئێستای جۆرج بۆش، کورد چاوەڕێی ئومێدی لەبەشێك لەو روناكبیرەی دەرەوە و ناوەوە دەكرد كە رۆڵی ئاوەدانەكردنەوە و ئاگایی کورد ببینێت، كەچی دوای رووخاندنی سەدام لەساڵی ٢٠٠٣، ئیتر دیمەنی روناكبیریی و رۆشنبیریی ئێمە دەبێتە خەمهێنەرترین دیاردە. هاوتای زەنگینبوونی ئەو دوو زلحزبەی کوردستان، روناكبیران بەهەڵپە رووپانكردە بارەگا و بنكە بەناو رۆشنبیرییەكانی ئەو حزبانە. بەمجۆرە كردەی رۆشنبیریی بوو بەباوترین دیاردەی بەرخۆریی و راپەڕاندنی ئەو فرمان و ئامۆژگاریانەی كە حزب، وەك باوكێكی بەخشندە، بۆ خەڵكی دەریدەكەن.

لێرەوە ئەو دوو زلحزبە لەرێگای پارە و بەخشیشەوە، لەهەوڵی ئەوەدایە رەوایەتی دەسەڵاتێكی رەها لەبڕیاردان وەربگرێت. روناكبیریش دەبێتە ئامرازێك بۆ گەیاندن و بڵاوكردنەوەی فەرمایشت و ئەركەكانی دەسەڵات، نەك رەخنە گرتن و چاودێریكردنی ئاراستە سیاسییەكانی، جۆشدانی كەش و هەوای بیركردنەوە و هاندانی هێزی بەرهەمهێنان و داهێنان.

لە سەرەنجامی ئەو رەوتەنییە خەمهێنەرەدا، گەندەڵی دەبێتە دیاردەیەك كە روحی كۆمەڵگای كوردی سیخناخ دەكات. هەروەك ئەمڕۆ بەراشكاوانە دەیبین ئەوەی كە باجی ئەو نادادپەروەرییە دەدا لەكوردستاندا، تەنیا ئەو توێژ و گروپەن كە هەمیشە لەژێر پێی رژێمی بەعسی گۆڕیندا دەپلیشانەوە و هاوكاتیش لەرۆژگاری خەباتی پێشمەرگایەتیدا، پێشەنگی خەبات و قوربانی بوون.

لەم گۆشەنیگایەوە، بەبڕوای من، لەدوای هەڵگیرساندنی شەڕی خۆكوژی لەنێوان حزبەكان و وابەستەبوونی كۆی روناكبیرانی كورد و كۆمەڵگای كوردی بەحزبەوە، یان بەكارمەند بوونی زۆرینەی نووسەران لەناوەندە رۆشنبیرییەكانی حزب، ئیتر روناكبیر نەك هەر كردەیەكی نەبووە/نییە لەیەكگرتنەوەی ئەو ئیدارەیەی حزب، (كە ئەوە دەڵێم مانای ئەوە نییە كە ئەو یەكگرتنەوەیەی كە ئاكامی دیار نییە، بۆ من خۆش نەبێت!)، رەفتارەكانی حزب بەرامبەر كۆمەڵگا، كێشەی كەركوك، دیاریكردنی سنووری كوردستان، سیاسەتی هاوپەیمانی ئەو حزبانە لەگەڵ ئەمریكا و ... هتد، بەڵكو بوو بەكەرەسەیەكی

ئێدەگیی بۆ قەرەبووکردنی پێداویستییەکانی ئەو حزبانە. ئاکامی ئەو دیاردەیەش، هەر تەنیا بۆ هۆکارەکانی دیاردەی گەندەڵی حزبی کوردی ناگەڕێنەوە، بەڵکو پێکهاتەی خودی روناکبیریی کوردی بوو بەشێك لەو رەوتە گەندەڵییە. لێ دیسان ئەو پێناسەیە ناکرێت وەك گشتگیرییەك، فامبکرێت.

٩

لێرەدا، وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، کە ئێستا لەکاتێکدا کوردانی لەتەکانی دیکەی کوردستان لەلایەن رژێمە درندەکانی تورکیا، ئێران و سووریا دەپلیشێنەوە، کەچی روناکبیری کوردی باشوور، کە لەمەیلی مشەخۆری سەرمەستە، ویژدانی ناجووڵێت، ئەمەش دیاردەیەك نییە کە لەخۆڕا قووتبووبێتەوە، بەڵکو ئەوە رەنگدانەوەی ئەو دۆخە بەبەرخۆرکراوەیە، کە حزبی کوردی و ئەو روناکبیرە خەم ساردە، بەرهەمیهێناوە. لەکاتێکدا کە ئەمڕۆ کورد بەئاڵۆزترین قۆناغی رزگاریخوازی نەتەوەییدا تێدەپەڕێت، کەچی دیاردە خەمساردیی کە خەریکە ببێتە تەرزە ژیانێك لەرۆشنبیریی کوردستانی باشوور، پێویستی بەتێهزرین هەیە، دەبێت روناکبیر وەك ئەرکێکی ئیتیکی نەتەوایەتی، رەوایەتی پێنەدا. لەو روانگەیەوە دەخوازم بەخێرایی ئاماژە بەهەندێك هۆکاری کێشە و ئاڵۆزییەکانی ئەو دوو ئیدارییەی کوردی بکەم، کە کاراترین رۆڵی لەو لێکترازانەی روحی کوردی گێڕاوە. بەڵام رەنگە بەهۆی زۆر هۆکارەوە، یان لەبێئاگایی روناکبیری کوردی، فەرامۆشکراوە. بەبڕوای من، یەکێك لەکێشەکانی ئەو لێکترازانەی زمان و جەستەی کوردی، بەهۆی فاکتەری هەبوونی دوو دیالێکتی کوردی، کرمانجی سەروو و خواروو، دوو دەڤەری هەتا رادەیەك لێکجوداواز، بادینان و سۆران، لەلایەك و، دوو جۆرە تەریقەتی ئایینی مەیلە و ناکۆك: نەقشبەندی و قادری، لەلایەکی ترەوە، رۆڵێکی کارا دەگێڕن لەسستکردن و لێکترازانی زمانی یەکگرتووی کوردی و ویستی دەسەڵاتێکی ناوەندی کوردی. هەڵبەتە لاوازی باری ئابووری و نەبوونی ویستی گوتارێکی بەهێزی نەتەوەیی لەسیاسەتی کوردیدا و هاوکاتیش برینەکانی شەڕی خۆکوژی، هۆکردگەلێکی دیکە، ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیرییانەی قووڵتر کردەوە. ریزێك فاکتەری تری مێژوویی، ئابووریی، سیاسیی و بگرە جیهانیش، بەتایبەتی دوای پەڕینەوەی مۆدەی بازاڕی سەرمەیاداری بەهۆی دیاردەی جیهانگیریی، ئەو بنەما جیاوازانەی نێوان ئاخێوەری

کوردی زیاتر ئاڵۆز کردووه. ئەوەی کە لێرەدا زۆر مەترسیدارە، سروشتییەتی جوداوازی ئەو دوو دیالێکت و ئاینزایانە نییە، بەڵکو، بەهۆی ئەو گرفتە سیاسی و کۆمەڵاتییانەوە، دروستبوونی دوو جۆرە ئاوەز و کەسایەتییە لەدەڤەری سۆران و بادینانـدا. ئاشکرایە ئەوەنـدەی ناوچـەی سلێمانی هەستی نزیکایەتی بەکولتووری فارسی و زمانی فارسی دەکات، هێندە هەست بەو نزیکایەتییە ناکات لەگەڵ کولتوور و دیالێکتی کرمانجییدا. هاوکاتیش، بەجۆرێك لەجۆرەکان، ئەوەنـدەی کـوردانی دەڤـەری بادینـان چێژ لـەزمان و کولتووری عەرەبی وەردەگرێت، هێندە چێژ لەمجگێز و شێوە قسەکردنی سۆرانی ناکات. لێرەدا هەولێر ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە. شوێنێکە، بە هۆی هۆکاری فرە رەگەزی، سروشتی جوگراف و ... هتد، کەوتۆتە بەر کاریگەری کولتووری عەرەبی و تورکی. وێڕای ئەمەش، هێزی سیاسی و رۆشنبیریی هەولێر لەنەبوونی ناسنامەیەکی تایبەتی خۆیدا، لەنێوان ئەو دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەدا تواوەتەوە و بەشێکی تریش لەسەرگەردانی دەخوولێتەوە. بۆیە قووڵبوونەوەی ئەو کێشانە رۆڵی گرنگیان هەیە لەنەبوونی گوتارێکی یەکگرتووی کوردییدا. لەبۆیە گفتوگۆی زمانێکی ستانداری کوردی، لەخودی خەونی دەوڵەتی کوردی دەچێت، بەڵام ئەوەی کە دەتوانێت ئەو کێشانە بنەبڕ و چارەسەر بکات، هەبوونی گوتارێکی ئیرادەگەرانەی نەتەوایەتیانەیە لەلایەن حزب و روناکبیریی کوردی، کە ئەمەش، وەك دەیبینین، لەخەونێکی پایزیی دەچێت. بەهەر مەحاڵ ئەو بابەتە شرۆڤەیەکی سەربەخۆی گەرەکە.

١٠

من لەدەرفەتگەلێکی جودادا ئاماژەم بەسستی و کەهێڵی ئەو روناکبیرە کردووە، لێرەش جەختی دەکەمەوە، کە ئەو روناکبیرە بەناو نوێباوە دروستکراوەی ئەمڕۆی کورد، هیچ کاتێك، لەکاتە بەرهەستەکاندا، نەیتووانیوە ئەو حەسرەتەی کورد، کە لەبەڕاستیکردنی خەونی کورد بەرجەستە دەبێتەوە، فەراهەم بکات. لەو روانگەیەوە، روناکبیری کوردی بەرپرسیارێکی سەرەکییە لەدووبارە بوونەوەی ئەو ئەزموونە حەسرەت هێنەی کورد، چونکە لەکاتە بەرهەست و وەرچەرخێنەرەکاندا، رۆڵێکی کارا لەچەواشەکردنی راستییەکان، نەك بەرجەستەکردنەوەی، دەگێڕێ. هاوکاتیش ئەو روناکبیرە بەلاساییکردنەوەی چەمکگەلێکی وەك: "مۆدێرنیزم"، "مۆدێرنیتە"، "ئازادی

دەربــڕین"، "دیمۆکراســی"، "کۆمــەڵگای مــەدەنی"... هتــد و ئەزبــەرکردنی نــاوی فەیلەسوفان، جیهانێکی وەهمی بۆخۆی قووتکردۆتــەوە و لەرێگــەی ئەمەشــەوە لەخــەونی سەرمەدییانەی بەناو روناکبیر بوونی خۆیدا، کات بەسەر دەبات.

ئــەمڕۆ ئــەو رونــاکبیرە کــە بەهرەمەنــدی هونەرمەنــدێك یــان نووســەرێك پەســندەکات، رەسەنییەتی ئەفراندن رەچاو ناکات، بەڵکو بەپێوانــە مــاددی و رواڵەتییــەکان دەیپێوێت. بــەدەربڕینێکی راشــکاوتر، ئــەمڕۆ بێــژەر و دەمڕاســتە زارقەرەباڵغــەکانی میــدیاکانی کوردستان، کە بەگشتی نەشارەزان لەو ئەرکانەدا، کاتێك نووسەرێکی کــورد بەگــەورە نــاو دەبــەن. یــان بــۆ ئــەوەی وابــزانین کــە کۆمەڵگاکــەمان "مــەدەنی"یــە، رۆژانــە ئــەو بــەناو گۆرانیبێژانە لەشاشەی تیڤی و هۆڵی ئاهەنگ گێڕان، نمایشدەکەن، کە گۆرانییەکانیـشیان نەك هەر لەرووی هونەرییەوە هەڵبژرکاون، بــەڵکو بەشــی هــەرە زۆریــشیان بەتەپڵلێــدەری زەماوەند دەچن، یــان لاســایکارێکی تــام ســاردی گۆرانییــەکانی رۆژئــاوان، لەروانگەیــەکی جوانناسیی و پسپۆرییانەی خۆیانەوە ئەو پێناسانە فڕێنادەن، بەڵکو لەمجگێزێکی ماددی و حزبی پێشوەختی ئامادەکراودا.

بە گوێرەی ئەو بەڵگەو راستیيانەوە، ئــەو قــسەگەلە رازاوەی کــە ئــەمڕۆ لەمــەکۆکانی رێکخراو، دەزگا و میدیاگەلی کوردستان باسدەکرێن، هەر هەموويان لەقسەکردن بترازێت، هیچی تــر نــین. گــشت پێوانــەکان بەمەبەســتی قــازانجی ئــابووریی و بەرژەوەنــدیی حزبــی دەســتپێدەکەن و کۆتاییــشیان پێــدێت. لەجــەم رونــاکبیریی کوردییــەوە، راســتییەك نەماوەتــەوە بــەمانای بــەکردەکردنی ژیــانی رۆشــنبیریی. ئــەو دەســەڵاتە حزبییــەش بــەو جۆرەی کە دەبینرێت، هەتا ئەمڕۆش، لەبوونی پرۆژە و گوتارێکی نەتەوایەتی دیموکراسی و مــەدەنی راشــکاو دەســتکورتە. چــونکە ئــەمڕۆ یــەکێك لەئەرکــە گرنگــەکانی حوکمــەتی کوردستان، پەیڕەوکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە، کە زێدەڕۆی ناکەین ئەگــەر بڵێین، لەکوردستاندا ژیانی دادپەروەریی و یەکسانی لەئارادا نییە .

لێرەوە دەبێت بزانین کە ئەو دۆخە خەمهێنەرە ویستکوژەی کورســتان، کــە بەرهــەمی نــاخی ئــەو دەســەڵاتەی حزبــی کوردییــە، بۆیــە بانگەشــەکانی ئــەو دەســەڵاتە کوردییــە و روناکبیرە مــشخۆرەکانی بــۆ "مــەدەنی" و چــەمکگەلە بریقــەدارەکان، هــەڵگری خواســتی گۆڕانکارییەکی کاکڵەیی و بونیاتی نین، بەڵکو بەکەمێك ئارایشکاری بــچمی دەرەکییــەوە، دووپاتبوونەوەی هەمان چەواشەکاریی دەســەڵات و رونــاکبیرانی جیهــانی ئیــسلامین، ئــەو

دەسەڵاتانەش لەتێگەیشتن و ڕەهەندی ئازادی دەربڕین، فرە دەنگی، مافە مەدەنی و... هتد، بەدوورن. بۆیە سەرتاپای بانگەشە و دروشمە گوڕاح خۆشکەرەکانی ئەو دەسەڵاتانە، لەتەڵەدانانەوە، دەسخەڕۆدان، چاولێکەری، فشاری دەرەکی، دروشم و هزری ڕۆژئاوا... هتد بترازێت، هیچیتر نین.

کەواتە لەم گۆشەنیگایەوە، دەبێت ئەو ڕوناکبیرە لەخەونی قووڵی خۆ بەخاوەن گوتاری ڕۆشنبیریی و کردەی گۆڕان، پارانۆیا بێدار بکرێتەوە و پێکڤە فاتیحایەك بۆ مەرگی خەونە وێڵەکانی بخوێنین!

**لە دیمانەیەک نەکرا بڵێم:**
**هەروا پەیوەندی وشەکان لەگەمەی شوێنپێیە و**
**خێڵی دەق لای ئێمە بێکایەن... هەروا...**
**مخابن... بمبورە، ئەی سەرۆک!**
**نابیسترێی، نابینرێی،**
**ئەی دەقەری جڵەکراو، دەمبەستکراو!**
**ئاخر چۆن ڕامانێک هەنگاومان پێبەخشی؟**
**لە ژاندا، لەشەهوەتدا، لەشاگەشکەبووندا،**
**بیرهاتنەوەیەکین لەقەدەردا:**
**دەلەرینەوە، لەیاد دەچینەوە.**
**دەزانم ڕوحت بەسەر ڕستەی عەدەم هەڵخستووە:**
**نا هیچ تازە نییە دەزانم... دەزانم...**

٢٠٠٦

ستۆکهۆڵم/سوید
Handren_u@yahoo.se

تێبینی: ئەم وتارە سەرەتا بەناوی "فاتیحایەك بۆ ڕوناکبیری کورد" نووسراوە، بەڵام لەبەر کێشەی بڵاو نەبوونەوەی بەشێوەیەکی باش، ئێستا، هەمان ناوەڕۆکی ئەو وتارە، بەکەمێك دەستکارییەوە دەکەمە دیاریی بۆ گۆڤاری "هەنار".

# رایەڵەکانی نێوان سیاسەت و ئەدەب

نیاز محەمەد

بەر لەهەر شتێ دەبێت بڵێین کە پرسی پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئەدەب، پرسێکی تازە نییە، بەڵکو پێشینەی ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی دێرین، بەتایبەت بەرهەمەکانی ئەفلاتون. لەقۆناغەکانی دواتریشدا، کەسانێکی وەك ژان ژاك رۆسۆ لەهەردو بوارەکەدا خۆیان بینیوەتەوە. رۆسۆ لەپاڵ بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیدا هەڵساوە بەنووسینی (رۆمان)یش. برتراند راسل و ژان پۆل سارتەر، وەك دو بیرمەندی قۆناغی دواتر، لەگەڵ خستنەڕووی بیروباوەڕە فەلسەفیBکۆمەڵایەتییەکانی خۆیاندا، چەند رۆمانێکی جدیشیان نووسیوە و تەنانەت چالاکڤانی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بوون و خەڵاتی نۆبڵیشیان وەرگرتووە. لەوانیش تازەتر کەسانێکی وەك ئێدوارد سەعیدە، کە جەختی لەسەر رۆڵی رۆشنبیران کردۆتەوە لەپێکەوەگرێدانی ئەم دوو بوارە. لەپاڵ ئەم کەسانەدا، بیرمەندانێکی دیکەش دەبینین کە هونەر و ئەدەبیان کردۆتە سەنتەری بیرە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان و تەنانەت جۆری نووسین و داڕشتنیان زۆر ئەدیبانە و شاعیرانەیە. بەجۆرێك کە ناوەڕۆك و فۆڕمیان تاڕادەیەکی زۆر لێك نزیك کردۆتەوە. بەرهەمەکانی شۆپنهاوەر و نیچە ترۆپکی ئەم نزیکایەتییەن بەچەشنێ کە هەندێ کەس نیچە وەك ئەدیبێك دەناسن تاوەکو فەیلەسوف.

بەڵام لەپاڵ ئەم هەموو پەیوەندی و نزیکایەتییەدا، بۆچی هێشتا پەیوەندی سیاسەت و ئەدەب تا ئەم رادەیە لێڵە؟ بۆچی ئەدیبان و سیاسەتناسان و سیاسەتمەداران تا ئەم رادەیە لەیەکدی دوورن و هیچ بوارێکی هاوبەش لەنێوانیاندا شیاوی وێناکردن نییە؟ ئەم مەسەلەیە ئەمرۆکە لەوڵاتە رۆژاواییەکاندا هێندە راست نییە، بەڵام لەوڵاتانی ئێمەدا لەنێوان ئەم دو بوارەدا جیاکەرەوەیەکی قوڵ هەیە. لەوڵاتە رۆژاواییەکاندا زۆر سەرنجی گرنگی پەیوەندی ئەم دو بوارە دراوە. قورسایی ئەو بەرهەمانەی کە لەم بوارەدا نووسراون، نیشانەی ئەم سەرنجدانەیە. ئەم نووسینەی ئێمە سەرقاڵی پەیبردنە

بەپەیوەندی نێوان سیاسەت و ئەدەب و لەم ڕێیەشەوە دەتوانین هەم پەی بەگرنگی و هەم پەی بەزەمینە هاوبەشەکانی نێوانیان بەرین و لەمبارەیەوە، سەرەنجام، ڕەنگە بتوانین دەرگا لەبەردەم چەند تێڕوانینێکی نوێ بخەینە سەرپشت.

تێگەشتن لەپەیوەندی نێوان سیاسەت و ئەدەب، پێویستی بەسەرنجدان و وردبوونەوەی ئەم دو بوارە و جیاوازییەکانی نێوانیانە. لێرەدا خەریکی گرێدان و یەکسانکردنی ئەم دو بوارە نین، بەڵکو ئامانجمان دۆزینەوەی بوارێکی هاوبەشە لەنێوانیاندا. کەواتە دەستبەجێ دەبێت بوترێت سیاسەت چییە؟ لێرەدا دەبێت سیاسەت بەواتای کردەی سیاسی لەزانستی سیاسەت جیا بکەینەوە. لەڕاستیدا سیاسەت، کردەی سیاسی لەزەیندا بەرەوپێش دەبات، واتە ئەو شتەی بەشێوەیەکی ڕۆژانە لەکۆمەڵگەدا ئەنجام دەدرێت و دەچێتە بواری کردەییەوە پێشدەخات. بەشێوەیەکی گشتی لەهەر شوێنێك کۆبوونەوەی لێبێت سیاسەت دەبینرێتەوە. لەهەر شوێنێ مرۆڤەکان لەدەوری یەکدی کۆببنەوە، سیاسەت بوونی هەیە. دەسەڵات و دژایەتی کە لەکۆبوونەوە مرۆییەکاندا دەردەکەون، زەمینەساز دەبن بۆ بەدیهاتنی سیاسەت. سیاسەت بەواتا کردەییەکەی لەتەواوی قۆناغەکاندا لەرەفتارە سیاسیەکانماندا دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت و تەواوی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵگەیەك لەخۆ دەگرێت. وەك: دەوڵەت، دامەزراوە تایبەتی و ئەهلییەکان، حزب و ڕێکخراوەکان و...هتد. سیاسەت لەبواری تیۆریدا بەواتای خوێندنەوەی سیستماتیکیانەی دیاردە سیاسییە جیاوازەکانە. سیاسەت لەبوارە تیۆرییەکەیدا فێرمان دەکات کە بەچ شێوەیەك زانستێك لەمەڕ سیاسەت و لەبارەی ژیانی سیاسییەوە بەدەست بێنین؟ چۆن سیاسەت لەلایەنەکانی تری ژیانی مرۆڤەکان جیابکەینەوە و بیناسینەوە؟ لەچ لایەنگەلێکەوە سیستمە سیاسییەکان لەیەکدی دەچن؟ لەچ لایەنگەلێکەوە سیستمە سیاسییەکان لەیەکدی جیاوازن؟ ڕۆڵی باڵادەستی و دەسەڵات لەسیستمە سیاسییەکاندا چییە؟ تاکەکان لەسیاسەتدا چۆن ڕەفتار دەکەن؟ ئەگەر چەند خاسیەتێکی تایبەت بەتاکی سیاسی بوونیان هەبێت، کامانەن؟ چ جۆرە هەلومەجێك سەقامگیری، گۆڕان یاخود شۆڕش لەسیستمێکی سیاسیدا دەخاتەوە؟ چ شتێك پێویستە بۆ ئەوەی ئاشتی کۆمەڵایەتی بپارێزرێ و بشێ توندوتیژی وەلابخرێت؟ چ جۆرە سیستمێکی سیاسی باشترین سیستمە؟ بەچ شێوەیەك دەبێت لەبارەی ئەم پرسیارانەوە کە لەسیاسەتدا چ شتێك باشترینە، بڕیار بدرێت؟ سەرەنجام دەگەینە ئەوەی

بلێین کە زانستی سیاسی بواری تاك و دەوڵەت و هەروەها ئەو بوارە نێوانیانەی کە پێیان دەوترێت کۆمەڵگەی مەدەنی، رێك دەخا و لێیان دەکۆڵێتەوە. لەبەرامبەردا، ئەدەب زیاتر لەبارەی تاکەکانەوەیە و هەوڵی لەپێناو دۆزینەوەی پەیوەندییەکی راستەوخۆترە لەگەڵ تاکەکاندا. لەو شوێنەی کە ئەدەب کورت دەبێتەوە بۆ بواری ئیستاتیکا، پەیوەندی بەپێکهاتەکانی دڵی نووسەرەوە هەیە و باشتر و ئاسانتر توانای پەیوەندی بەتاکەکانەوە پەیدا دەکات. هیگڵ لەبارەی واتا و ماهیەتی ئەدەبەوە دەڵێت: لەبەرئەوەی ئایدیا حەقیقەتی رەهایە، وا دەکەوێتەوە کە حەقیقەت و جوانی هەردوکیان یەکشتن. ئەو شتەی بۆ دەرخستنی جوانییەکی راستەقینە بەر لەهەر شتێك زەرورە، ناکۆتاگەرایی و ئازادییە. هونەر داهێنراوی رۆحە، هونەر دەبێت لەفێرکارییە ئەخلاقییەکان دوربکەوێتەوە. ئەگەر هونەر بکەینە ئامڕازی فێرکاری، زیان بەخاسیەتە ناکۆتاگەراکەی هونەر کە زاتی هونەرە دەگەیەنین. لەرەخنە هیگڵییەکەدا، مەزنی مێژوویی لەگەڵ مەزنی هونەری بەیەکسان دەزانرێت. هونەر و ئەدەب لەپێناو جەختکردن لەسەر لایەنە ئیستاتیکییەکان چاویان لەسەر چێژە و بۆ چێژ وەرگرتن مەبەست و دڵفڕێنییەکی بێشومارییان هەیە. بەڵام ئایا ئەدەب تەنها کورت دەبێتەوە بۆ کات بەسەر بردن و سەرگەرمی مرۆڤەکان و گەڕانە ئیستاتیکی و تایبەتییەکان؟ بۆ نموونە ئەگەر بوترێت شیعر، یاری یاخود سەرگەرمییەکی خۆییە، هەست دەکەین کە نە مافی شارەزایی و سەلیقەی هونەرمەند دراوەو نە جیدی بوون‌و گرنگی شیعر رەچاوکراوە. بەڵام ئەگەر بوترێت شیعر، کار یا پیشەیە، هەست دەکەین کە ئەو شادییەی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە لێی وەدەرنراوە. دەبێت وا گوزارشت لەئەرکی هونەر بکەین کە تێیدا هەم مافی چێژ رەچاوبکرێ‌و هەم مافی سودمەندیی. ئەدەب بەهۆی ئەم سودگەیاندنەوە، توانای پەیوەستی‌و پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتدا هەیە. ئەوەی کە چۆن ئەم سودگەیاندنە شیاوە، دواتر دەپەرژێینە سەری. بەڵام بەرلەوە پێویستە بەلێکۆڵینەوە لەسەر جیاوازییەکانی نێوان سیاسەت‌و ئەدەب، تێگەشتنێکی باشترمان لەسەریان هەبێت. بەواتایەکی تر، تێگەشتن لەجیاوازییەکانی نێوان ئەم دو بوارە تێگەشتنمان لەبارەیانەوە فراوانتر دەکات.

رەنگە باشتر بێت لەمەڕ ئەو تایبەتمەندیانەی کە ئەم دو بوارە لەیەك جیادەکەنەوە بەوە دەست پێ بکەین کە ئەدەب زیاتر جەخت لەسەر چەند لایەنێکی تایبەتی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ دەکاتەوە کە دەشێ لەهەلومەرج‌و رەوشێکدا، جیاواز لەرەوشی پێشوو

کاریکا. بەڵام ئامانجی سیاسەت بریتییە لەپلانێکی گشتیو تەنانەت یونیڤێرساڵی لەمەڕ ژیانی سیاسی تاوەکو بتوانێت بۆ هەموو کۆمەڵگاکان تەعمیمی بکات. ئەگەر زانستی سیاسی، توانای تەعمیمو گشتاندنی نەبێت، گرنگی خۆی لەدەست دەدات، لەبەرئەوە هەندێ کەس تایبەتبوونی ئەدەب بەیەکێك لەخاڵە لاوازەکانی دەزانن‌و هەر بەم بەڵگەیەش توانای خستنەڕووی ڕێگەچارەیەکی گشتی بۆ ئێمە بەحەتمی نازانێت، بەڵکو حەقیقەتگەلێکی جۆراوجۆری لەناو خۆیدا هەڵگرتووە. دووەم، ئەدەب بەشێوەیەکی سەرەکی سەرنجی لەسەر ئەگەرەکانە و ڕێکەوت یاخود ڕووداوێك دەشێ بەشێکی سەرەکی لەسەرگوزەشتەی ڕۆمان یان چیرۆکێك بگۆڕێت. ئەگەرچی ئەم ڕێکەوتەیی بوونە لەژیانی ڕۆژانەشدا مومکینە، بەڵام لەزانستی سیاسەتدا دەبێت بەرەو واقعیەت و حەقیقەت ڕێنوێنیمان بکات. بەوتەی بێرتۆلد برێشت: دەبێت سەرقاڵی ئاشکراکردنی واقعەکان بێت و حەقیقەتەکان بەیان بکات، ئەو حەقیقەتانەی کە لەتاریکییەکاندا نگرۆن. زانستی سیاسەت دەبێت قسەی خۆی لەسەر بنەمای واقعی و حەقیقی و کەماڵ بکا چونکە لەراستیدا یادهێنانەوەی ڕێکەوت‌و چانس، توانای داڕشتنی تیۆرێکی یونیڤێرساڵی کەم دەکاتەوە. سێیەم، ئەدەب بواری خوڵقاندن‌و دروستکردنی شوێنگە نوێکان‌و بەگوزارشتێکی تر، بواری خوڵقاندنی جوانییەکانە. لەئەدەبدا دەستێوەردان‌و دروستکردنە جیاوازەکان بوونیان هەیە. لەئەدەبدا ئێمە دەتوانین ڕەوشێك وێنا بکەین کە بەهیچ شێوەیەك واقعی نەبێت‌و لەسەر بنەمای ڕێکەوت‌و خەیاڵێك دروستکرابێ. بەڵام لەزانستی سیاسەتدا دەبێت شوێن کەشفکردنی واقعیەتە دەرکییەکان بکەوین‌و بۆئەوەی کە تیۆرێك بتوانێت هەمەلایەنی‌و فراوانیی خۆی بسەلمێنێت، دەبێت حەقیقەت‌و واقعیەتی گشتی کەشف بکا کە قابلیەت و چالاکییەکی زیاتری هەبێت. بەردەوامی‌و پەسەندێتی زانستی سیاسەت لەهاوتابوونی هەرچی زیاتری ئەوە لەگەڵ دنیای دەرەکی. چوارەم، ئەدەب لەوێوە کە توانای داهێنانی هەیە، لەڕووی میتۆدییەوە دەتوانێت دۆخێکی ڕازگەرایانەو ڕازئامێزی هەبێت. بەڵام زانستی سیاسەت زیاتر خەریکی ڕوونکردنەوەیە. ئامانجی زانستی سیاسەت، بریتی نییەلە پرۆژەیەکی ئیستاتیکیانە لەمەڕ جیهانی دەرەکی، بەڵکو کەشفکردن‌و ڕوونکردنەوەی دنیای واقعییە. کاری ڕۆماننووس‌و شانۆنامەنووس زیاتر هەوڵدانە بۆ دروستکردنی فەنتازیا، لەکاتێکدا سەنتەری کاری فەیلەسوفی(سیاسی) هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی فەنتازیا. بەم هۆیەوە نووسینی ئەدەبی دەکرێت ئاڵۆزتر بێت.

بەلام نووسینی سیاسی دەبێت ئەوپەڕی لایەنی سادەنووسین رەچاو بکات. (ئەگەرچی هیگل لەم لایەنەوە ئاوارتەیە). پێنجەم، ئەدەب لەگەل خەون، خەیال، وێناکردنو باسوخواستە رازئامێزەکاندا مامەلە دەکات. ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە جۆشوخرۆشە مرۆییەکان هەلچێنیو حەساسیەت بخاتەوە، لەبەرئەمەیە کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەیە. بەلام زانستی سیاسی بەشوێن بەلگاندنو مشتومڕەوەیە لەپێناو پەیبردنێکی واقعی ترداو بەم پێیە هێمن، بێلایەنو ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر تاکەکان دادەنێتو تەنها لەڕێگەی بەلگاندنەوەیە کە دەتوانێت رێسایەکی یونیڤێرسال بخاتەڕوو. شەشەم، ئەدەب زۆر جار بەشوێن وێنەکێشانی فۆرمێکی جوانەوەیە. بەوتەیەکی تر سەرقالی کاملکردنی فۆرمە. بەلام زانستی سیاسی بەشوێن داڕشتنی ناوەڕۆکێکی باشترەوەیەو ئەگەر بەفۆرمێکی جوانتریشەوە دابڕێژرێت، کارەکەی دەولەمەندتر دەکات. بەم پێیە، ئەدەبیاتێکی سیاسی سەختو قورسی، وەك ئەدەبیاتی هیگل، دیسان شیاوی بیرهێنانەوەیە، چونکە خاوەنی ناوەڕۆکێکی دەولەمەندە. کۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئەدەب سەرقالی ئەوەیە کە دنیای دەرەوە هەر بەو چەشنەی کە پەی پێدەبات و تێیدەگاتو هەستی پێدەکات، وێناسازی بکات. ئەدەب وەك چیرۆکی ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکان سروشتییە. بەلام زانستی سیاسی بەشوێن ئەوەوەیە کە دنیای دەرەوە بکاتە واقعو ئەجێنداو بەرنامەگەلێك بۆ خۆی دابنێو ژیانی رۆژانە لەبەرامبەر چەند ئامانجێکی تایبەت، یان بەواتایەکی تر، بەپێی چەند بەرژەوەندییەکی تایبەت رێکبخات، بەلام لەگەل هەموو ئەم جیاوازیانەدا چۆن دەکرێت بگەینە زەمینەیەکی هاوبەشو لەنێوان ئەم دو بوارەدا پەیوەندییەك بدۆزینەوە؟

ئەگەر تێڕوانینێکی گشتیو مەزنمان لەسەر تەواوی مامەلەی سیاسەتو ئەدەب لەیۆنانی دێرین بەدواوە هەبێت، پەیبردن بەپەیوەندی ئەم دو بوارە لەسەردەمی نوێداو دەستڕاگەشتن بەزەمینەیەکی هاوبەشدا باشتر دەبێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە سێ قۆناغ: بەر لەمۆدێرن، قۆناغی مۆدێرنو قۆناغی پاش مۆدێرن لەیەك جیابکەینەوە. قۆناغی بەرلە مۆدێرن ماوەی نێوان یۆنانی دێرینو سەدەی مەسیحیەت لەخۆ دەگرێت. لەیۆنانی دێریندا، مرۆڤ و تاکەکەس بەشێوەیەکی جیاکراوە لەکۆمەلگەدا دیار نین، بەلکو تاکەکەس لەکۆمەلدا وەك هاولاتی شیاوی قبولکردنە. کۆمەلگەی دەولەتشار لەتاکەکەس لەپێشترەو ژیانی تاکەکەس لەژیانی گشتیدا دەردەکەوێت. بواری گشتی روخسارە

پەسەندەکەی ژیانی یۆنانی بووو مرۆڤ تەنها لەژیانی گشتیدا وەك هاولاتی دەردەکەوت کە دەبوایە ئەرکە کۆمەلایەتییەکەی خۆی بەشێوەیەکی سەربەستانە بەجێبهێنێ و تەنها بەم چەشنە توانای بەدەستهێنانی فەزیلەتەکانی بۆ مەیسەر دەبوو. مرۆڤ لەدەرەوەی دەولەتشار بەهیچ جۆرێ بەمرۆڤ نەدەزانرا. ئەو یان دێو بوو یان خوا. ئەوەی رەچاودەکرا، بەختیاری دەولەتشار بوو بەختیاری مرۆڤ لەگەل بەختیاری دەولەتشاردا ئاوێتە ببون. مرۆ بۆ بەدەستهێنانی فەزیلەتە مرۆییەکان پەروەردە نەدەکرا، بەلکو فێرکردنی هونەری وتاربێژیی، مۆزیك، بوارە سوپاییەکانو هتد بریتی بوون لەئەرکەکانی هەر هاولاتییەك. بەمەش، ئەخلاق خالیبوو لەرەهەندی فەردانیو لەگەل سیاسەتدا وەك یەکشت سەیر دەکران. مرۆ لەو کۆمەلگەیەدا ئاژەلێکی کۆمەلایەتی بوو. لەوێوە کە بۆ تاکەکەس رەوشێکی بالاتر واتە بەختیاری دەولەتشارو، یاخود بەوتەی ئەفلاتون، چاکەی بالا کە بریتییە لەبەختیاری حەقیقی، خرابووە روو، سیاسەتو ئەدەب دەبوایە بەرەو ئەو مەبەستە هەنگاویان بنایە. هەروەها، لەوێوە کە لەنێوان ژیانی ئەخلاقیو سیاسیدا هیچ جیاوازییەك بوونی نەبووو ژیانی گشتی بەبالاتر دادەنرا، ئەدەب لایەنی تایبەتی نەبووو دەبوایە هاوشانی بواری گشتی یان چاکەی بالا کاری بکردایە. بۆیە ئەدەبی باو لەیۆنانی دێرین دا لەخۆگری هۆمیرۆس، تەنزی ئەریستۆفانیس،و سەرەنجام سەدەی تراژیدیا سێیانییەکانی ئسیخۆلۆس، سۆفۆکلیس، ئۆرپید بوو، کە هەموویان دەچنە ئاستی بواری گشتیو کۆمەلایەتی. رۆلی ئەم جۆرە ئەدەبە لەپەروەردەکردنی مرۆڤەکاندا زۆر بایەخدار بوو. بەم هۆیەوە، هەولیان دەدا کۆنترۆلی لایەنە ئەخلاقییەکانی ئەدەب بکەن. گفتوگۆکانی ئەفلاتونیش لەکتێبی کۆماردا، هاوشانی ئەم ئامانجەیە. ئەفلاتون هونەری بەMemesis یاخود تەقلیدو نمایش دەزانی کە تەرجەمەیەکی بچوكو ناواقعیانەی حەقیقەتەو لەجێی ئەوە دەیوت ئەوەی دەیزانین ئەوەیە کە نازانین. ئەفلاتون هونەرو ئەدەبی بەشێوەیەکی کۆنترۆلکراوو دەولەتی بۆ پەروەردەکردنی تاکەکانی شارە خەونییەکەی خۆی لەبەرچاو گرتبوو. لەسەردەمی مەسیحییەتیشدا، پێگەی مرۆڤ لەکۆمەلگەدا دوچاری لێلییەکی زیاتر بوو. لەلایەکەوە، فەردانیەتی مرۆ بەبەراورد بەقۆناغی یۆنانی دێرین زیاتر تۆکمە بوو، چونکە مرۆ خۆی دەبێت وەلامگۆی کردەوەکانی خۆی بێتو ئەرکی ئەو بەدەستهێنانی بەختیاری رۆژی دوایی خۆی بوو. لەلایەکی ترەوە، مرۆ بەهۆی یەکەمین گوناهەوە هێنراوەتە ئەم جیهانەوە تاوەکو قەرەبووی ئەو گوناهە

بکاتـەوە. دنیـای هەنووکـە هەلێکـە بـۆ مرۆڤـی گوناهکـار بـۆ ئـەوەی تەوبـە بکـاتو بەتەحەمولکردنی دەردو ئازار خۆی بۆ بەختیارییە ئەبەدییەکە ئامادە بکات. بەم چەشنە ئەم دنیایە بەتـەواوی ناپـاکو خراپەیـەوە تاکەکـەس دەبێت خـۆی لەهـەموو ئـەو شـتەی خراپەیە پـاك بکاتـەوە. لـەوەها رەوشـێکدا سـەرقاڵبوون بەئەدەبـەوە، وەك تێڕوانینێکـی ئیستاتیکیانە، بەهیچ شێوەیەك پێگەی نییە. جیهان لەدیدی مرۆڤـی مەسـیحییەوە تـەواو ناپـاکو پیـسە. ئێـرە شـوێنی چـێژ نییـە، بـەڵکو شـوێنی دەردو ئـازارە. ئـەدەب هـیچ رێگەیەکی تری نییـە جگـە لەنزیکبوونـەوە لـەخواو ئـەو دنیـا. کـۆی ئەمانـە ئەوەیـە، کـە قۆناغی بەر لەمۆدێرن بەهۆی بوونی چاکەیەکی باڵاترەوە کە لەسەرو هـەموو شـتێکەوەیە لەنێویشیاندا ئەدەب و سیاسەت، بۆیە ئـەم دو بـوارە دەبـوو لـەپێناو ئـەو چاکە باڵایـەدا هەنگاویان هەڵنایەو هەردوکیان، یەك رەوتیان بەدوو رێگەی جیا تەیـدەکرد، کـە هەڵبەتـە روانینە ئەدەب بەهۆی لایەنە فێرکارییە ئـەخلاقیو پەروەردەییەکانییـەوە دەبوایـە لـەژێر کۆنترۆڵی جدیدا بوایە. ئیتلاعـی فەیلەسـوفەکان لەسـەر ئـەدەب دو جـۆر تەسـەور بـووە: یەکـەم، بەشـێوەیەکی زاتـی ئەپـستمۆلۆژیانەیە کـە بریتییـە لەدروسـتکردنی نمایـشنامە گـەورەکانو داسـتانە شـیعرییەکان کـە لەدیمـەنێکی قوڵـدا لادانو غافڵکـەری دنیـا واقعییەکەیـەو دووەم لـەرووی ئەخلاقییەوەیـە کـە بـەبێ سـەرنجی فەلـسەفیانە ئـەدەب بەشێوەیەکی گشتی تەسەورێکی ترسناكو پڕکێشەیە. هەڵبەتە ئەم تـەرزی بیرکردنەوەیـە پەیوەست نییە بەم زەمەنەوە بەڵکو لەسەردەمی ئەفلاتونیشدا بەم شێوەیە بـووە، بـەڵام قۆنـاغی دووەم کـە بەسـەردەمی مۆدێرنێتـەش بەنێوبانگـە، لەسـەردەمی رێنسانـسەوە دەست پێدەکات. وەرچەرخانە سەرەکییەکەی رێنسانس دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی کـە ئـەو تێڕوانینە رەشبینانەیە بۆ مرۆڤ بەواتای مرۆڤی تۆبەکار ئیتر جێی باسوخواس نییە. مـرۆڤ وەك چەقی بوون دەناسرێو ئەو دەبێت پەیوەندی خـۆی بەکۆمەڵگـەو سروشـتو خـواوە سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە. مرۆڤی سەردەمی رێنسانس بۆ ئەوە دروست نەبووە کـە گونـاه و قەرزی یەکەمین مرۆڤ بداتەوە. بەڵکو پێی ناوەتە نێو جیهانەوە بۆ ئەوەی خولقێنەر بێتو لەبەرامبەر کێشەکانی سروشتدا زاڵ بێت. مرۆ چیدی لەژێر سوڕی داینەمۆکانی شار یاخود کۆمەڵگـەدا ورد نـابێو ناشـبێتە کۆیلـەو مەسـخەرەی سروشـت. مرۆڤـی نـوێ، خـۆی بەرەمزێکی خوا لەم جیهانەدا دەزانێتو لەوێوە کە رۆحی خوا چۆتە ئەوەوە، دەبێت وەك خالقەکـەی خـۆی، لەسروشـتدا دەسـت بداتـە خوڵقانـدن. مرۆڤـی نـوێ چیدی زاڵبـوونو

دەسەڵاتی سروشتو ئـەو بیروبـاوەڕە میتافیزیکیانـە قبـوڵ ناکـات کـە ئـەویان وابەسـتەو شکستخواردو دەردەخست، بەڵکو سەرقاڵی ئەوە دەبێت کە کۆمەڵگەو سروشتو جیهـانی دەوروبـەری خـۆی بـەپێی پێویـستییەکانی خـۆی ڕێـك بخـات. بـەم چەشـنە مـرۆ، بـووە خواوەندێکی فانی لەسەر شانۆی جیهان. سیاسەتو ئـەدەبیات، بـواری سـەربەخۆیان بـۆ خۆیان دۆزییەوە. ئیدی چاکەیەکی بـاڵا ڕێگـەو ئامـانجی ئـەوانی دەستنیـشان نـەدەکرد، بەڵکو ئەوە مرۆڤە کە بەپێی پێویستییەکانی خۆی، دنیای چواردەوری، لەوانە ئەدەبیاتو سیاسەت، دادەمەزرێنێت. ئەدەب هاوشان لەگەڵ سروشت لەخزمەت عەقڵی مرۆییـدا بینـا کرا. تەنانەت ئیستاتیکاش، لەسـەر بنـەمای فەلـسەفەی دیکـارت، ڕەوتێکـی لۆژیکیانـەی وەرگرت ئەمە بوو کە بووە هـۆی هەڵـسانەوەی ئـەدەبو کلتـوری ئەڵـەمانی واتـە بزاوتـی تۆفانو فشار لەئەدەبی ئەڵمانیدا. بەوتەیەکی تر، تایبەتمەنـدبوونی پڕۆسـەی لێکۆڵینـەوە فیکرییەکانو ئەو بیرۆکەیەی کە زانست دەلالەت لەلێکۆڵینەوەگەلێکی لەوچەشنە دەکات، زەمینەی بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی لەئەڵەمانیا فەراهەم کرد. ئـەم بزاوتـە لەلایەکـەوە، قایـل بـوو بـەوەی کـە لەئـەدەبو هونـەردا، لایەنـە ئیـستاتیکییەکان تـەنها لەعەقڵـدا کـورت نەکرێنەوە، بەڵکو خەیاڵو هەستیش بەبەشـگەلێکی ڕۆحـانی مـرۆڤ دەژمێـردرێنو دەبێت لایەکیش لەوان بکرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە: بـەتێڕوانینی ئـەوان هـەر دیاردەیـەك-هـەر تـاکێکی مـرۆ، هــەر چـالاکییەك، هــەر بارودۆخێـك، هــەر قۆنـاغێکی مێـژوویی، هــەر شارسـتانییەتێك-خـاوەنی چـۆنایەتییەکی تایبەتـە کـە دورنمـا تاقانەکـەی هـەمان ئـەو دیاردەیـە بـەیان دەکـاتو هەوڵـدان بـۆ ڕاڤـەکردنی ئـەم چـۆنایەتیانە بـەپێی پێکهاتێـك لەتوخمە هاوچەشنەکان یان شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی دیاردەکان بەپێی یاسا گشتیو جێگیرەکـان دەبێتـە هـۆی لەدەسـتدانی جیاکـەرەوە بنـەڕەتیو گرنگـەکان. بزوتنـەوەی ڕۆمانتیك، جیا لەقوتابخانەی مۆدێرنیزمو سروشتگەرایی، زەمینەی چـەند قوتابخانەیـەکی تریـشی فەراهــەم کـرد کـە دەکرێـت پێیانبووترێـت قوتابخانـەکانی پـاش مـۆدێرن. ئـەم قوتابخانانـە بـریتین لـە: بونیادگـەرەکان، پـاش بونیادگـەرەکانو پۆسـت مۆدێرنـەکان. بونیادگـەرەکان، هێـرش دەکەنـە سـەر ئـەو بـیرەی کـە زمـان بـەئامرازێك دەزانێـت بـۆ پەرچکردنەوەی ئەو واقعیەتەی کە لەپێشدا بـوونی هەیـە یـان ئامرازێکـە بـۆ بـەیانکردنی مەبەستی مرۆیی. بەبڕوای ئەوان بابەتەکان بەهۆی ئەو بونیادە زمانیانـەوە لـەدایك دەبـن کە هەمیشە لەپێشدا بوونیان هەیە. وتەکانی کەسێك پەیوەستە بەکایـەی گوفتـارەوە کـە

لـەژێر کـۆنترۆڵی زماندایـەو زمـان بریتییـە لەبابەتـە راسـتەقینەکەی شـیکردنەوەی بونیادگـەرەکان. ئـەم دیـدگا سیـستماتیزەکراوە پەیوەنـدی تـەواوی پرۆسـە زەینییـەکان دەخەنەلاوە کە تاکـەکان لەرێگـەی ئـەوەوە لـەکردەی بەرامبـەر بـەوانی دیکـە و کۆمەڵـدا جێگە دەگرن. پۆست بونیادگـەرەکان لەرەخنـەگرتن لەبونیادگـەرەکان، چـەمکی بکـەری قسەکەر یا بکەر لەپرۆسەدا دەخەنە روو. ئەوان لـەجێی ئـەوەی کـە زمـان بەسیـستمێکی ناتایبـەت بـژمێرن، لەپەیوەندییـەکی بەردەوامـدا دەیبیـنن لەگـەڵ تـەواوی سیـستمەکاندا بەتایبەتی لەگەڵ پرۆسە زەینییەکاندا. ئەم چەمکەی زمـان لەبەکارهێنانـدا( language in use) لـەزاراوەی (قـسە)دا کـورت دەبێتـەوە. لەکۆتاییـدا، دەکرێـت تایبەتمەندییـە گشتییەکانی پۆسـت مـۆدێرنیزم بـەم جـۆرە کـورت بکەینـەوە: دژی دەسـتەبژێریی، دژی دەسەڵاتخوازیی، پـەرتبوونی خود، بەشداریی کۆیی، ئارەزومەندانـەبوون و ئاشـوب بـوونی هونەر، قبوڵکردن و لەهەمانکاتدا رادیکالیزەبوونی تەنز، خۆشیکردنەوەی نمایش و ناڕێکی مانا. لەو مشتومڕە نوێیانەی کە پاش قۆناغی مۆدێرن تەرحکراون، بـەهۆی پەرژانـە سـەر لێکۆڵینـەوەکانی زانـستە مرۆییـەکان لەچـەند تێڕوانینێکـی تایبـەتی وەك زمـان، توانـای پەیبردنە بەزەمینەیەکی هاوبەشی فـراوانتر. بـەم پێیـە ئـەو قوتابخانـە جیاجیایانـەی کـە ناومـان هێنـان، لەگۆشـەنیگایەکەوە سـەیری تـەواوی زانـستە مرۆییـەکان دەکـەن و ئـەم تیۆرانـە لەتـەواوی بـەش و بوارەکـانی زانـستە مرۆییەکانـدا بـاون و ئەمـەش، پرۆسـەی پەیبردنی هاوبەش ئاسان دەکات.

بـەر لەسـەرقاڵبوون بـەبوونی پەیوەنـدی لـەنێوان سیاسـەتو ئەدەبـدا بەشـێوەیەکی دیاریکراو، پێویستە ئەوە روون بکەینـەوە کـە ئایا ئامـانج لەهونـەر هونـەر خۆیـەتی یـان هونەر بۆ کۆمەڵ و بۆ سیاسەتە؟ یاخود بەگوزارشتێکی تر، ئایا هونـەرو ئـەدەب بـوارێکی تایبەتیان هەیە یان لەژێر دەسەڵاتی بوارەکانی تری مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندان؟ پرسـی هونەر بۆ کۆمەڵ، بەگشتی لەلایەن مارکسییەکانەوە تـەرحکراوە. ئـەوان پێیانوایـە: ئـەوە شعوری مرۆڤەکان نییە کە بوونیان دیاری دەکات بەڵکو ئەوە بوونە شـیمانەییەکەیانە کـە شعوریان دیاری دەکات. ئەم مەسەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ تیـۆری مـارکس. بـەبڕوای ئـەو سـەرخان تـەنها پەرچـبوونەوەو رەنگدانـەوەی ژێرخانـەو هونـەرو ئـەدەبو سیاسـەتو فەرمانڕەواییش لەژێر کاریگـەری فۆرماسـیۆنە کۆمەڵایەتییەکانـدا فۆرمەڵـە دەبـن. جـۆرج لۆکاش، کە بەئەدیبێکی مارکسیستی ناسراوە، رایەکی تری هەیە لەسەر ئەمـە. پێـداگریی

لۆکـاش لەسـەر پەیوەنـدیو بۆنـە کۆمەڵایەتییـەکان، کۆڵەکـەی ئیـستاتیکاکەی ئـەوە. لەروانگەی ئەوەوە دەبێت نـاوەڕۆك، فـۆرم دیـاری بکـات (هـەم لـەم رووەشـەوە هونـەر، ئەبستراکتو فۆرمگەراییەکی وێرانکەر نییە)و هەروەها ناوەڕۆکێکیش بوونی نییە کـە مـرۆ چەقی ئەو نەبێت (چەمکی ریالیزمی هاوچەرخ). لەوێوە کە مـرۆ تـەنها لـەنێو هەلومەرجـە مێـژوویيو کۆمەڵایەتییـەکانی خۆیـدا دەژی ئـەرکی ئیـستاتیکا بـۆ سیاسـەت حەتمییـە. لۆکـاش بـەم رایـە، هـەم مـۆدێرنیزمو هـەم ناچـورالیزم بـۆ رووبەڕووبوونـەوە بانگهێـشت دەکات. (جۆرج پلیخانۆف)یش تاڕادەیەك ئەم رایەی هەیەو پێی وایە کـە بـیروڕای هونـەر لەپێناو هونەردا کاتێ بەهێزە کە هونەرمەند لەنێوان ئامانجەکانی خۆیو ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە پێوەی وابەستەیە، هەست بەلێکدژیی بکـات. هونەرمەنـدان لـەم جـۆرە کاتانەدا لەگەڵ کۆمەڵگاکانیاندا تەواو دوژمنایەتیان هەیەو ئومێدیان بـەگۆڕینی نییـە. رای دووەم لەبەرهەمـەکانی مارکسەوە بووەتـە جێـی مـشتومڕ کـە ئـەدەبو سیاسـەت وەك سەرخان بەتـەواوی کاریگـەری لەژێرخانـەوە وەرنـاگرنو خـاوەنی هەنـدێ لەسـەربەخۆیی رێژەیین. تیۆدۆر ئەدۆرنۆ، یەکێکە لەمارکسیستیەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، دەکەوێتە نێـو ئـەم گروپـەوە. ئـەو بەپێچەوانەی لۆکاشـەوە، پێـی وایـە کـە هونـەر رەنگدانـەوەی واقعیـەتو ماهیـەتی مـرۆڤ و بۆنـە کۆمەڵایەتییـەکان نییـەو ئـەدەب هـیچ پەیوەندییـەکی راستەوخۆی لەگەڵ واقعیەتدا نییەو ئـەم دوورییـەی هونـەر لـەپێکهاتی سیـستمی ئـابووری قابلیـەتی پێـشەنگی هەیـە لەنـەفیو رەخنـەدا. بـەبڕوای ئـەو هونـەر ناتوانێـت بەتـەواوی رەنگدەرەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵکو لەناو واقعیەتو بەئەندازەی هۆکارێك کە جۆرێك مەعریفەی ناڕاستەوخۆ بەدی دێنێـت، کـار دەکـات. هونـەر، مەعریفـەی نێگـەتیفی دنیـای واقعیـە. لیڤـی ئالتۆسـێر، کـە مارکسیـستێکی بونیاردگـەرە، دیـسان هەڵوێـستی سـونەتیانەی مارکسیـستی لـەبارەی هونـەرو ئەدەبـەوە رەتدەکاتـەوە. ئـەو لەوتارێکـدا لەبارەی هونەرەوە، هونەرو ئەدەب لەنێوان ئایدۆلۆژیاو مەعریفەدا دادەنێت. بەرهـەمێکی گـەورەی ئـەدەبی پـەیبردنێکی تـەواو لەمـەڕ واقـع ناخاتـە بەردەسـتمان، بـەڵام تـەنها بـەیانکردنی ئایـدۆلۆژیای چـینێکیش نییـە بەتایبـەتی. ئـەو ئایـدۆلۆژیا بەخـستنەڕووی پەیوەنـدی خـەیاڵی تاکـەکانو هەلومەرجـە واقعییـەکانی بوونیـان پێناسـە دەکـات. سەرەنجام، بەو شێوەیەی کە پێشتر باسمانکرد، هونەرو ئەدەب هەم لایەنی ئیستاتیکیو چێژبەخشیو سەرگەرمیان هەیەو هەم لایەنی سودمەندیی. هونـەرو ئـەدەبی پـەتی زیـاتر

پەیوەندیان بەلایەنە ئیستاتیکییەکەوە هەیە. بەڵام ئەدەب بەقبوڵکردنی چەند سیفەتێکی تر وەك ئـەدەبی سیاسـی یـاخود ئـەدەبی کۆمەڵایـەتی...هتـد لایـەنی سـودمەندانە لـەخۆ دەگرێت و روخسارێکی ئیستاتیکیانە دەداتە کۆمەڵگە. سەرەڕای ئەمـەش لـەدەربڕینێکی فراوانتردا ئەدەب تەنانەت ئەو کاتـەی کـە خـەریکی مـشتومڕە ئیـستاتیکییەکان دەبێـت، بەهۆی رۆڵی خودی هونەرمەندەوە کە خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتییە یاخود بەهۆی ئەوەی کـە ئـەو بەرهەمـە هونەرییـە لـەناو کۆمەڵگـەو چـەند هەلومـەرجێکی کۆمەڵایەتییـەوە دەرکەوتووە یا بابەتەکەی بەهۆی موخاتیـبو خوێنەرەکانییـەوە لـەژێر کاریگـەری بـوارو کایـە کۆمەڵایەتییـەکانی ئـەو کۆمەڵگەیەدایـە، نـاکرێ بێـسود بێـت. ئـەدەب نـەك تـەنها رەنگدانەوەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکو جەوهەر و کورتـە و پوختـەی مێـژووو کلتوری هەر کۆمەڵێکە. بەواتایەکی تر، ئـەدەب وەك ژیـانی ئاسـاییو رۆژانـەی مرۆڤـەکان ساکارەو بەشێوەیەکی سروشتی پێ بەپێی مرۆڤەکان گەشە دەکات. قبـوڵکردن یـا قبـوڵ نەکردنی ئەدەب یاخود جۆرێکی تایبەتی هونەر لەکۆمەڵگەیەکدا دیسان لـەژێر کاریگـەری هەلومەرجە کلتوریو کۆمەڵایەتییەکانی ئـەو کۆمەڵگەیەدایـە. لەسـەر ئـەم بنەمایـە، هـەم بواری ئەدەبو هەم بواری سیاسەت دەپارێزرێت. ئەم دوانە هیچیان ئامرازی یەکتری نـین بـەڵکو یەکـدی تـەواو دەکـەنو پەیوەنـدی تەواوکـەری نێوانیـان وەك ژیـانێکی واقعـی کۆمەڵایەتی زۆر ئاڵۆزەو تێگەشتنی ئەوانە بەناچار پێویستی بەپەیبردنە بەزەمینەو بـوارە کۆمەڵایەتییـەکانیان. بەوتـەی تومـارس: بنـەما ئیـستاتیکییەکان بەرمـەبنای بنـەما کۆمەڵایەتییەکان نین و تەنانەت ناکرێت بەبەشێك لەبنـەما کۆمەڵایەتییـەکانیش بزانـرێن. ئەوانە خۆیان جۆرێك بنەمای کۆمەڵایەتین کە لەڕادەبەدەر بەبنەماکانی ترەوە گرێدراون. ئەگەر لەروانگەی ئەدەبەوە سـەرنجی باسوخواسـتە کۆمەڵایـەتیو سیاسـییەکان بـدرێت، دەبێـت سـەرنجی سـێ تـەوەری بنـەڕەتی بـدرێت: ١.رەوشـی نووسـەرو شـوێنگەو پێگـە کۆمەڵایەتییەکـەی. ٢. ناوەڕۆکـە کۆمەڵایـەتیو مەبەسـتە کۆمەڵایەتییـەکانی بەرهەمـە ئەدەبییەکـە. ٣. مەسـەلەی خوێنـەرانو کاریگەرییـە کۆمەڵایەتییـەکانی ئـەدەب. لەبەرامبەردا ئەگەر جـەخت لەسـەر سیاسـەت بکرێتـەوە، ئـەوا ئـەدەب لەکۆمـەڵێ لایـەنی جیاجیاوە دەشێ لێی بکۆڵرێتەوە: ١. ئـەدەب وەك شـیکردنەوە: لـەم رێگەیـەوە، بابەتـە سیاسییەکان لەئەدەبدا دەخرێنە بەر لێکۆڵینەوەو جۆرە رەخنەگرییەکی ئەدەبی سیاسی فۆرمەلە دەبێت. دەکرێت کتێبی کۆمەڵناسی لەڕوانگەی ئەدەبەوە کـە لەنووسـینی لـویس

کوزەرەو هەروەها رۆمانی تاریکی لەرۆژی نیوەرۆدا کە نووسینی کۆستلەرە لەم شوێنەدا جێ بکرێتەوە. ٢. ئەدەب وەك پەروەردەی ئەخلاقی: ئەم جۆرە روانینە بۆ ئەدەب لەسەردەمی ئەفلاتون دا باو بووە. لێرەوە، وتەزای ئەدەب وەك شیکردنەوە بۆ پەروەردەی سیاسیو ئەخلاقیو چۆنیەتی پەیرەوکردنی ژیانی دەرەکی لەسەر بنەمای ژیانی باش تەرح دەکرێت. لەم رێیەوە، جۆری پەیوەندی دەوڵەتو هاوڵاتیان دیسان بەرێگەی ئەخلاقی سیاسی رێکدەخرێت. رۆمانی (Corioulanus)ی شکسپیر لەم جۆرەیە. ٣. کۆمەڵناسی سیاسی ئەدەب: ئەم میتۆدە تێروانینی لەسەر سیاسەتو ئەدەب بەشێوەیەکی هاوبەش وەك نووسینی سیاسییەو بۆ دەربڕینی خاڵە جەوهەرییەکانی تێروانینی سیاسی خۆی، هەم سود لەبوارە سیاسییەکانو هەم ناوەڕۆکی ئەدەب وەردەگرێت. ٤. ئەدەب وەك سەرچاوەی خوێندنەوە سیاسییەکان: ئەم میتۆدە، لەروانگەی سیاسەتی ئەدەبەوە دەڕوانێتە مەسەلەکانو ئەدەب دەتوانێ وەك سەرچاوەی تێگەشتن لەتیۆرە سیاسییەکان بخرێتەڕوو. کتێبەکانی (قوتابخانەی دیکتاتۆرەکان)ی سیلۆنەو (بیرۆکە سیاسییەکان لەبەریتانیای نوێدا)ی رێدنی بارکەرو (دەرکەوتنو داڕمانی لیبرالیزمی رۆژئاوا)ی ئەنتۆنی ئاربلاستەرۆو رۆمانەکانی چێستێرتۆن لەمجۆرەن. هەروەها لەلێکۆڵینەوە سیاسییەکاندا لەبارەی یۆتۆپیاوە ئەدەب رۆڵێکی زۆر کاریگەری هەیە. ٥.لێکۆڵینەوە نوێکانی حیکایەتو شوناس: ئەم رێگەیە شتێکی نوێترەو وەك سەرچاوەیەك بۆ تێگەشتن لەرەفتارە مرۆییەکان لەرۆمان دەڕوانێت. رۆمان، تاکەکان لەپەیوەندیان بەیەکدییەوەو لەبوارە کۆمەڵایەتیو ناوەڕۆکە سیاسییەکەیاندا دەپشکنێتو تاکەکان لەم رەوەندەدا دەتوانن لەسەر بنەمای تێڕوانینە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان، سیاسەتی خۆدروستکردن، پەیوەندی نێوان خودو شوناسو بەرپرسیارێتی سیاسی لەبواری گێڕانەوەدا بخەنە بەر لێکۆڵینەوە. مەسەلەی خۆگێڕانەوە سەرەتا لەلایەن میك ئایۆرەوە لەساڵی ١٩٨٥ خرایە روو. ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە زیاتر لەلای حیکایەتخوان و دەقە ئەدەبییەکان بەکاردێت، دەتوانێت چەند پەیوەندییەك لەنێوان کارە بونیادییەکانی حیکایەتخوانیو تیۆرەی سیاسیدا وەك سیاسەتی گێڕانەوە دروست بکات.

سیاسەتو ئەدەب دو بواری تەواو جیاوازنو هیچیان قەرزاری ئەوی تریان نییە. ئەدەبیش وەك سیاسەت، بۆ خۆی بەسە. بەواتایەکی تر، هونەر روویەکی تری مەعریفەیە. سەرنجدانی پەیوەندی سیاسەتو ئەدەب، رۆڵی دەبێت لەدەوڵەمەندکردنی

هەردو بوارەکـەداو هـەروەها ڕۆڵیـشی دەبێـت لـەجوانکردن‌و ڕێسابەندکردنیاندا. ئـەدەب پێمان ناڵێت کە بەچ شێوەیەك بژین‌و یاخود کام ژیانە باشـترینە، بـەڵکو ئێمـەو ئێوەیـەك لەژیانی واقعیدا نیشان دەدات کە جوانترە لەوە. ئەوڕۆکە، هەر بەو چەشنەی کـە ئـەدەب پێویـستی بەسیاسـەتە، سیاسـەتیش پێویـستی بەئەدەبـە. پرسـی شـاری خەونەکـەی ئەفلاتون، یۆتۆپیاکـەی تۆمـاس مـۆرو دۆخـی سـەرەتایی جـان ڕۆلـز لـەکتێبی تیۆرەیـەك لەبارەی عەدالەتەوە تەواو وێنەیی یە. واتە ئەوڕۆکە بۆ نیشاندانی تیۆرە سیاسـییە تـەواو جدییەکان، سود لەوێناکردن کە تایبەتە بەبواری ئەدەب وەردەگیرێت. سیاسەت‌و ئـەدەب تەواوکەری یەکدین‌و میتـۆدە فیکرییـە نوێکـان، یارمـەتی پـەیبردن بەچـەند زەمینەیـەکی هاوبـەش‌و نزیکایـەتی زیـاتر دەدەن. ڕەنگـە ئـەم رسـتەیە کـە لەپرسـی بەرابـەری بەرچەکردارییەوە وەرگیراوە لەتیۆرەی عەدالەت وەك ویـژدانی ڕۆلـز، لـەبارەی پەیوەنـدی سیاسەت‌و ئەدەبەوە سەرنجڕاکێش بێت کە بەدواخستن‌و پێشخستنی ئـەدەب‌و سیاسـەت دەکرێت بگەینـە خـاڵێکی نـوێی بەرابـەری. لەکۆتایـدا پێویـستە کـە لـەجێی سـەرقاڵبوون بەلایەنە تایبەتییەکانی ژیانی مرۆییەوە، سەرنجی بوونەوەری مرۆیی بـدرێت وەك گـشتێك یـاخود یـەك حیکایـەت. چـونکە تـەنها لـەم هەلومەرجانەدایـە کـە توانـای بەدەسـتهێنانی زەمینەو بواری هاوبەش پێکدێت. (هانا ئارێنت)یش بەدروستی سەرنجی ئەمـەی داوە کـە ڕێگـەی جیهـانی گـشتی یـاخود فـەزای گـشتی تـەنها بەلێکۆڵینـەوەی چییەتی بـوونێکی هاوبـەش‌و توانـای هاوبەشـی داوەری، شـیاوی کەشـفکردنە کـە تواناـمـان دەداتـێ بـۆ بەدەستهێنانی حەقیقەتەکان لەبارەی بوونی سیاسیمانەوە.



(بەندە) (چاو)

محەمەد ئەمین پێنجوێنی

ئەو پەڕی گومان

بەرزان هەستیار

ڕێگەم بدە

ئیبراهیم ئاودەشتی

مردنی من چییە؟ لە هیچ زیاتر

حەمە کاکەڕەش

پەیتا پەیتا ئەستێرەکان

زەینەب یوسفی

تەنیا بیستویەک گرامە کێشی ژیان!

بەختیار کەریم

ڕەنگەکان

ئەیوب سابیر

# دەق

**شیعر**

# ١- بەندە

محەمەد ئەمین پێنجوێنی



**من لەژیانمدا**

**کەسم ئازار نەداوە**

**کەچی هەموو رۆژ**

**دەرزیئاژنم دەکەن**

**من لەژیانمدا**

**گوللەم بەکەسەوە نەناوە**

**کەچی هەموو رۆژ**

**تیر بارانم دەکەن**

**من لەژیانمدا**

**مەلێکم سەر نەبڕیوە**

**کەچی هەموو ساڵێ**

**ئەمکەن بەقۆچی قوربانی**

*******

**ئایا ئەمە نزای دایکمە**

لەمن گیر بووە!!

ئایا ئەمە دوعای دایکمە

لەسەر بزۆزیم لێم هاتۆتە دی!،

یا من فریشتەم..

بەم ئەشکەنجەیە

گوناهەکانم لێهەڵئەوەرێ!

***



## ٢- چاو

من گەلێ حەزم لەچاوە

کە وەک ئەستێرە بجریوێنێ

زۆرجار بوومە میوانی ئەستێرە،

جارێک دوو ئەستێرە

منیان گرتەخۆ..

کۆرپە ئاسا بەجریوەیان

لایەلایەیان بۆ کردم و

بەگزنگی پرشنگیان

شەتەکیاندام

پاش ماوەیەک

چاوان کوێر بوون.. ئاوابوون

منیش لەئاسمان کەوتمە خوارەوە

جارێتر پاش سی ساڵ

دوو گەلاوێژ منیان کردە میوان!

بەشەوارەیان خستمو

دڵی زامارو فڕێندراویان دامەوە

لەناکاو لەپەنای هەورێکی رەشدا

خۆیان مەڵاس دا

من مەلێکی سەرگەردان بووم

کەوتمە تۆڕی راوچییەکی کارامەوە

لەوکاتەوە

منو ئەستێران شەڕمانە

ئەوان لەوێڕا

لەئاسمانەوە

هەن بەتەوسەوە، پێم پێئەکەنن

منیش لەزەوی شێتو حەیرانم،

شین ئەکەم ئەگریم!!



# ئەو پەڕی گومان

بەرزان هەستیار

**گۆڕستانێکم بەقاقای پێکەنین هەراسان کردووە**
**عەشاماتێکیش بەمەرگی خۆم، نیگەران،**
**دایکم بە دوو چاوی کزەوە**
**بەزەحمەت گۆڕەکەم ئەدۆزێتەوەو**
**بەدەم شین و واوەیلاوە.**
**لەخودا ئەپاڕێتەوە لەگوناهەکانم خۆشبێت،**
**من هەر قا..قا پێئەکەنم،**
**ژنەکەم دێت، دەستی (زەنوێر)ی گرتووەو**
**ئەڵێت ، کوڕم تۆ دڵت لەپەموو سپیترەو دوعات گیرایە**
**نزایەک بۆ بابە بکە، باخودا**
**بیبەخشێت بەمیهرەبانیی خۆی،**
**من قاقای پێکەنینەکەم ئەگاتە ئەو سەری گۆڕستانەکە،**
**خوشکەکانم لەدووری گۆڕەکەمەوە**
**بەدەم خۆڕنینەوە دێن و**
**خۆیان ئەدەن بەسەر گڵ و خۆڵی مەزارەکەمداو**
**بەدەم قوڵپی گریانەوە بەخودا ئەڵێن:**
**براکەمان عەبدی خۆت بوو**

**دەرگای رەحمەتی لێپێوەمەدە،**

**من، مردووی سەد ساڵە بەپرمەی پێکەنینم**

**لەخەو بەئاگا دێنمەوە،**

**براکانم هێمنتر دەرئەکەون و بە غەمگینیی**

**فاتیحایەک دائەدەن و**

**بەخودا ئەڵێن لێمخۆشبێت،**

**وەک تازەترین نوکتەیان بۆ گێڕابمەوە**

**من ئەوەندە پێئەکەنم.**

**هاورێ مردووەکانم بەشێتم تێئەگەن،**

**برادەرە ئازیزەکانم دێن،**

**هاورێکانم،**

**ئەو هاورێیانەی  بەدزییەوە.**

**حەزمان لەخۆشەویستەکانی یەکتر ئەکرد،**

**ئەو برادەرانەی  شەوانە بەهەمووومان مەزەیەکمان بانگئەکردو**

**بەمەستیی تێر تێر ئەگریاین،**

**رۆژانەش پێکەوە خەریکی دزینی ئەو کتێبانە بووین**

**کە فێری کلۆڵیی و نەهامەتییان ئەکردین،**

**دێن و سەرخۆشیی لەکەسوکارو ژنەکەم ئەکەن و**

**دەستدێنن بەسەر کوڕەکەمداو پێی ئەڵێن**

**بابە، ئێستاکە وا لەبەهەشتە**

**تۆ ئاقڵیت و جێگەی ئەو ئەگریتەوە،**

**تۆ ئازایت و پێشی ئەویش ئەدەیتەوە،**

**من ئەوەندە بەکوڵ پێئەکەنم.**

**وەختە لەمەملەکەتی مردووەکانم وەدەرنێن،**

**دێن، دێن، دێن،**

**ئەوەی رۆژێک چایەکم بۆ کڕیبێت و جگەرەیەکم دابێتێ،**

**ئەوەی جارێک پیاسەیەکی لەگەڵ کردبم و**

**نیوەڕۆیەک سەموونێکی وشکی بۆ کڕیبم**

**دێت و دووعای ئەوەم بۆ ئەکات**

**لەعەزابی جەهەننەم دوور بم**

**منیش لەپێکەنینا ئەتاسێم،**

**بەو جنێوە تەڕانە ئەتریقێمەوە**

**کە ئەو هەموو ئازیزانەم،**

**ئاوڕشێنی گڵکۆ وشکەکەمیان پێکرد،**

**ئێی گەلی برادەرو خزمینە**

**خەتاتان کرد، نوقمی ئەو هەموو گوناهەتان کردم**

**بەنابەڵەدیی خۆتان..**

**لەقوڕی تاوانتان هەڵکێشام**

**من چیم کردبوو، چی،**

**وا خوداتان لێختمە گومانەوە؟!**

ئابی٢٠٠٦ کۆڵن

# ڕێگەم بدە

ئیبراهیم ناودەشتی

ڕێگەم بدە بە بێدەنگییەوە خۆشمبووێ
وەکو هەڵقرچانی درەختێکی تەنها
وەکو خۆکوشتنی دۆلفینێک لە دوورترین قووڵایی دەریا
وەکو ئازاری پێغەمبەرێک لە نائومێدیدا..
ڕێگەم بدە ڕۆحم بە گەڵای سەوزی قاقاکانت داپۆشم
تا.... وەکو وشەکانی خوا نەمر بێ..
ڕێگەم بدە ورتەکانت تەرجەمە بکەم بۆ هەموو زمانانی دنیا
با ئایینی تۆ وەکو گوڵەگەنم بۆ هۆزی پاسارییەکان بووەشێنم..
ڕێگەم بدە نەسەبی تۆ بەرمەوە سەر ریشاڵی درێژی شۆڕەبییەکان..
ڕێگەم بدە رامانم لەتۆ
رامانی بوزییەک بێت لەگەورەیی خوا
با دەهرێک بچمە ناو ڕەشترین تاریکیی پرچتەوە
شوێنێک کە هەرگیز تیشکی خۆر نایگاتێ..
ڕێگەم بدە ئەوینت شەربەتی ژیانم بێ و..
گەر ویستت شەربەتی مردنم..
ئەوساکە، ڕێگەم پێبدە جارێک زیندوو ببمەوەو
با عومرم هێندەی تاڵە قژێکت درێژ بێتەوە..

# مردنی من چییه؟ له هیچ زیاتر

حەمە کاکەڕەش

هەمیشە رووومان لە ژیانە و پشتمان لە مردنە

هەمیشە دڵمان لای ژیانە و جارجارێک بە تیلەی چاوێک

وەک نیگاکردن بۆ شۆخەکچێکی دراوسێ لە مردن دەڕوانین

هەمیشە خۆمان بە ئەهلی ژیان دەزانین و

کەچی دوایین دۆستمان مردنە

هەمیشە لە رۆژگارە دژوارەکاندا ژوانمان لەگەڵ ژیاندا هەیە و

مردنمان فەرامۆش کردووە

کەچی مردن هەموو ژوانەکانی بۆ ئێمە رێک دەخات

مردن تۆ ژیانت باشترە، لەوەی شووشەی ئەو هەموو دڵە دەشکێنی

ژیانت باشترە، لەوەی ئەو هەموو پشکۆیە سارد دەکەیتەوە

ژیانت باشترە لەوەی

هەنگاو لە پێ و فڕین لە باڵ و روانین لە چاو دەسێنیتەوە

ژیانت باشترە لەوەی لێوەکان پڕ دەکەیت لە باری غەم

زەردەخەنە پڕ دەکەیت لە گریان و رەنگەکان پڕدەکەیت لە بێڕەنگی

دەنگەکان پڕ دەکەیت لە بێدەنگی

مردن تۆ دڵت بە چی خۆشە

مردنی من چییە؟ لە هەڵوەرینی هەناسەیەک زیاتر

مردنی من چییە؟ ئیدی بۆ هەتا هەتایە هاوسەرەکەم

لە وێنەیەکا لە تەنیشتمەوە ناوەستێ

منداڵەکانم هەست بەبۆنی وشەی باوە ناکەن

مردنی من چییە؟

من چیم لەتۆپەڵێک بەفر زیاتر لە چنگە گەرمەکانی تۆیا

من چیم؟ لە بەدبەختێک زیاتر

لە سەرگەردانێک زیاتر لە ڕێگاکانی ژیاندا

من چیم؟ لە دڵۆپێک ئاوی سەرگەردان زیاتر لە بیابانەکانی ژیاندا.

من چیم؟ لە گەڵایەکی ڕەنگپەڕیو زیاتر لە گێژاوی ڕەشەباکانی ژیاندا.

من ناتوانم گوڵەکانی عەشق ئاو دەم

من ناتوانم پەنجەرەکانی ژیان بسڕمەوە تا فڕینی باڵندەکان ببینم.

چۆن لە تەپوتۆزی گەردەلوولەکانی تۆیا ڕێ دەردەکەم

من بەشی گریانەکانی ژیان پێکەنینم پێ نییە.

چۆن خامۆشیی گۆڕستانەکانم پێ ئاوەدان دەکرێتەوە

مردن پیاوی باشبە

مردنی من چییە؟

لە کەوتنی ناوێک زیاتر لە کاڵبوونەوەی دەنگێک زیاتر

مردنی من چییە؟ لە هیچ زیاتر.

سوید– ٢٠٠٦

# ڕەنگەکان

ئەیوب سابیر

**درۆیە.. درۆ**

**گۆڕانییەک نییە بۆ پاکێتی**

**جەنگ، هەمووومانی دۆڕان.. هەمووومان**

**جێگەیەک نییە بۆ ئاسوودەیی**

**ڕەنگێک نییە**

**ڕەنگی ئەم دەستانە بشارێتەوە کە سوورە**

**کوا بارانێک؟! ڕوحمان بشواتەوە..**

**بێمانا نییە.. ڕوانین لەم تابلۆ گوناهبارانە**

**ئەوەی کە بێمانایە**

**ڕوانینە لەو تابلۆیانەی کە خوێن هەموو ڕەنگەکانە**

**بێمانایە کە قاچی ئەم پەیکەرە وەحشیانەت لەسەرسەرم ڕاگرتووەو**

**ناهێڵێ...**

**بێمانای تۆ.. کە هەمیشە من دەخۆیتو**

**منیش هیچ!!**

**هەموو شەوێک خەونێکمو..**

**هەموو ڕۆژێ هەنگاوێکم.. سەردەبڕیو**

**هیواکانم دەکەی بەگۆڕانیو..**

**دوای مردنم دەم دەیتەوە**

**بمبوورە گوڵم!! بمبوورە..**

من تاوانێکی بێگوناهم

ئازارێکی جوان‌و

هیوایەکی بێئاگا

بێئاگا لەم حەسرەتانەی بوون بەسێبەرەکانم

بمبوورە، من پاشماوەی جەنگەکانم!!

دەبێ دەست لەم سەمایەبەربدەم!!

لەنێو ئەم کەشتییە شکاوەدا کە دەریا جێیهێشتووە بۆ بیابان

دەبێت بەیانی باش لەم گەڵایانە بکەم

کە لەسەر جەستەم نووستوون

بەیانی باش لەبەیانی

کە هەمیشە لەتارماییەکانی شەو جێدەمێنیٚ‌و

بەدەستێکی خاڵییەوە لەدەرگاکەم دەدا

بمبوورە..



**چیرۆک**

# پەیتا پەیتا ئەستێرەکان

زەینەب یوسفی

پیاوێکی مەزن و خاوەن هزرو ژنێکی ناسك و خاوەن جوانییەکی تایبەت، لەگەڵ یەکدا دەژین و یەکتریان زۆر خۆشدەوێت، ژن سەرەڕای ناسکیی و جوانییەکەی، هەستێکی منداڵانەی زۆر بەهێزی هەیە، پیاوی خاوەن هزرو جیدی، زۆر حەزی لەو هەستەی ژنەکەیەتی.

شەوێکیان ژن، خەونێکی عەجایەب دەبینێت، بەیانی کە لەخەو هەڵدەستێت، هەستدەکات بەنیازی یاریکردنەو پڕاوپڕە لەهەستە منداڵانەکەی، روو لەپیاو دەکات و دەڵێت: دەمەوێت یاری بکەم، پیاوەکە ژنەکەی زۆرخۆشدەوێت و لەهەست و نەستی ژنەباش تێدەگات، ئەو لەئامێز دەگرێت و ماچی دەکات و دەڵێت: قوربانت بم.. باشە، ئەمرۆ دەتبەم بۆ دەشت و باخ یارییکە، لەو کاتانە ئەو پیاوە بەتەمەن سی و شەش ساڵانە، هەستدەکات کچێکی بەناوو بەتەمەن پێنج ساڵانی لەئامێزدایەو لەو هەستە دەگەشێتەوە، ئەوان رۆژێ چەند جار ماچی یەکتر دەکەنەوەو لەئەوینی خۆیاندا بەردەوامن و پێیانوایە کە ماچ، باشترین ئامرازی نەمریی مرۆڤە لەجیهاندا، پیاوی مەزن پێیوایە لەمنداڵییەوە لەماچی دایك و باوکی مەحروم بووەو لە ناو ئەواندا فەرهەنگی ماچکردنەوەی منداڵ لەبنەماڵەکەیاندا باو نەبووە، بۆیە زۆر هەست بەپیریی دەکات و ئێستاکە بەهۆی ئەو ژنە جوانەیەوە دەتوانێت سەرلەنوێ خۆی زیندووبکاتەوە.

ژن لەحەزو خۆشیی بڕیاری پیاوەکە، ئاوێزانی ئەو دەبێت و ماچی دەکات، پاشنیوەڕۆ پیاو ئۆتۆمبیلەکەی ئامادە دەکات و ئەو کورسیە کە کڕیوویەتی، لەسندووقی ماشێنەکەی دادەنێت و دەڕوات و دیسانەوە ماچی ژن دەکات و دەڵێت: وەرە بابتبەم بۆ یاری، پیاوی مەزن فێربووەکە ژنەکەی بەبۆنەی ئەو هەستە منداڵانەوەکە زۆرجار لەدەروونیدا، سەرهەڵدەدات، سەرزەنشت نەکات و حەزی لەوەیە کە ژن لەو هەستە خاوێنە بەردەوام بێت، ژن کە خۆی بەباشی خەملاندووە، بەخۆشییەوە، لەماشێنەکە

سەردەکەوێت و پیاو ماشێن وەڕێ دەخات، پێش لەئێوارە دەگەنە باخێکی سەر سەوزو خۆش، ژن وەکو منداڵی روح سووك و ناسك، لەماشێنەکەیان دادەبەزێت و بەرەو نێو باخەکە رادەکات.

دەموچاوی پیاوە مەزنەکە لەپێکەنین و شادییدا، دەئاخێنرێ، دەڵێت: لەهەردوو چاوی پیاودا دوو گڵۆپی گەشییان هەڵکردووە، پیاو گوریس هەڵدەگرێت و وەدووی ژندا رادەکات. ژن دارێکی بەرزی دۆزیوەتەوەو بەپێکەنینەوە هاواردەکات: وەرە حەیاتم، وەرە ئەم دارە باشە، لێرە هەڵیبخە.. پیاو وەڵام ناداتەوەو لەنێوان دارەکاندا، لەگەڕاندایە، دوو گڵۆپەکەی چاوی پیاو، گەشتر بوونەتەوە، هەوا بەرەو لێڵی دەڕوات و ژن هەردارێك کە هەڵدەبژێرێت، پیاو بیانوویەکی پێدا دەپێچێنێت و هەروا لەنێوان ئەودارانە، بەدووی دارێکی بەرزو ئەستووردا دەگەڕێت، ژن ماندوو دەبێت و لەسەر زەوییەکە دادەنیشێت و بەشەکەتییەوە ئاخێ هەڵدەکێشێت. لەپڕ پیاو ئەودارە کە مەبەستییەتی، ئەدۆزێتەوە. هەوا لێڵ بووەو ژن حەزی لەتاریکایی نییەو لەئەو باخە لێڵە رادەمێنێت و تۆزێ بزەی سەرلێوی بێڕەنگ دەبێتەوە، پیاو هاواردەکات: ئەمە های.. ئەمە باشە.. و گوریس بەرەو لقی ئەستووری دار هەڵدەفڕێنێت و هەلۆرکێ دادەمەزرێنێت، ژن حەزی لەتاریکایی نییەو تۆزێ هەستە منداڵانەکەی رەنگ دەگۆڕێت و ترسێکی کەمڕەنگ دەکەوێتە دڵییەوە، پیاو لەو هەستە تێدەگات، بەڵام ئەو تەنیا حەزی لەهەستی یاریکردنەکەی ژنەکەیەتی و بەپێکەنینەوەو لەتەنیشتی ژن تێدەپەڕێت و دەڕوات و کۆتەکەی وا لەلقی دارێکی هەڵواسیووە دێنێت و دەیخاتەسەر هەلۆرکەکەو رێکوپێکی دەکات، هەوا لێڵتر دەبێت و ترسی ژن زۆرتر دەکات، ژن بەرەو پیاو دەڕوات و دەستی دەگرێت و بەرەو خۆی ئەیکێشێ: ئیدی درەنگە..یاری ناکەم.. ئەمانە هەروا دانێین، بەیانی دەگەڕێینەوە.. وەرە بابچین.. پیاو ئاوڕیشی لێناداتەوەو قاقا دەکێشێت و دەڵێت: هەلۆرك ئامادەیە هەناسەکەم.. وەرە.. وەرە سەرکەوەو دەستەکانی دەئاڵێنێتە ناو قەدی ژن و لەسەر زەوین بەرزی دەکاتەوەو لەهەلۆرکەکە سواری دەکات، ژن پێدەکەنێت و سەر لەنوێ هەستە منداڵانەکەی رەنگ دەگۆڕێت و حەز لەیاری و پێکەنین، جێگری ترسی چەند چرکە پێش، دەبێت.

ژن قاقا دەكێشێت و دیسانەوە منداڵ دەبێتەوەو وەکو منداڵێکی پێنج ساڵانی لێدێت. پیاو کەشاهیدی ئەو گۆڕانە جوانەیە، زۆرتر دەگەشێتەوەو چاوەکانی وەکو گڕی دوو مۆمی مەزن لەشەماڵەدایە. ئەو پیاوە وا زۆرترین کاتی ژیانی لەدۆخێکی جیدی و مەزندا، تێدەپەڕێنێت، لەوکاتە، لەئامێزی هەستی ژنەکەیدا، بێئەوە خۆی بزانێ لەژن منداڵتر دەبێتەوە. بێئەوەی تێبگات وەکو منداڵێکی یەك ساڵانی لێدێت. ژن پێدەکەنێت و لەخۆشیا، دەقیژێنێت و هەراو هووریایەتی، پیاو قاقا دەکێشێت و تیشکەکانی شادی لەتەواو جەستەیەوە بڵاودەبێتەوەو بێئەوەی بزانێت چەندە منداڵ بووەتەوە، هەڵۆرکەکە بەرەو سەرەوە هەڵدەفڕێنێت.

قیژەی سەرخۆشی و منداڵی ژن باخی ئاخنیووەو پیاو بەهەردوو دەستی ژن بەرەو پێش دەفڕێنێت، بەرزتر ، بەرزتر، پیاو وەکو شووشەی لێهاتووە.. بەهێزتر هەڵۆرك بەرەو بەرزایی دەفڕێنێت، هەوا تاریکەو پەیتا پەیتا ئەستێرە گەشەکانن وا بەرەو داوێنی ئاسمان، بەردەبنەوە، ئەوان ئاگایان لەخۆیان نییەو قیژەی خۆشی و مەستییان، هەناسەی لەبوونەوەرەکانی باخ بڕیووە: بەرزتر، بەرزتر.. بەرەو ئاسمان بەرەو ئاسمان.. پیاو بەتەواو هێزەوە هەڵۆرك دەفڕێنێت، ئەڵێی ژن، دووباڵی دەرهێناوەو دەستەکانی بەرەو پێش خۆی درێژکردووەتەوە، ئەڵێی دەیەوێ ئەستێرەیەك لەداوێنی ئاسمان هەڵبگرێت، پیاو هاوار دەکات: بەرزتر، بەرزتر، چریکەیش لەمەلێکەوە، خشە لە ئاژەڵێکەوە نایەت، ژن دەستەکانی بەرەو پێش درێژکردووەتەوە، ئەستێرە بەردینەیەك داوێنی ئاسمان کوون دەکات و دەکەوێتە نێوان لەپی ژنەکەوەو ژن قامکەکانی دێنێتە یەکداو قیژەی ژان و سووتانی لێبەرزدەبێتەوە: دەستم، ئای دەستم، پیاو بەرزتر هەڵیدەفڕێنێت، دەستی ناکرێتەوەو ئەستێرە بەردینەکە لە سووتاندنی پێست و گۆشتی ناو لەپی ژندا بەردەوامە

—دەستم..دەستم سووتا.. پیاو نوقمی جیهانی منالێی خۆیەتی و نوقمی زەریای پێکەنین و تیشکی جەستە شووشەییەکەیەتی و ئاگای لەو کارەساتە نییە: دەستم. دەستم سووتا، بەسییە.. بەسییەتی بەسە.. پیاو بەرزتر بەرزتر هەڵۆرکەکە هەڵدەفڕێنێت و قامکەکانی ژن ناکرێتەوە، ژن لەباروودۆخی پیاو تێگەیشتووەو هەرکە هەڵۆرك دەگاتە نزیك زەوینەوە، خۆی فڕێ دەداتە سەر زەوییەکەو تل دەخوات و دەکەوێتە تەنیشتی

نـەمامێکی ناسـکەوە، هەناسـەی بوونـەوەران بـڕاوەو گوێیـان بـۆ ئـەو هـەراو هووریایـە هەڵخـستووە.. پیـاوی نـوقمی دونیـای منـداڵێکی یـەك سـاڵان، هـەر لـەو کارەسـاتە تێنەگەیشتووەو بووەتە گلۆڵەی ئاگرو تیشك و خۆشـی، ژن ئەسـووڕێتەوەو سـەیری پیـاو دەکات و ژانی ناو لەپی لەبیر ئەکاتەوەو حەپەساو سەیری ئـەو منداڵـە ناسـك و ناحاڵییـە دەکـات و لەفڕانـدنی هـەڵۆرك بەردەوامـەو نازانێـت کـە حـاڵی بـاش نییـە.. بـەرزتر.. ئەستێرەیەکم بۆ بچنەوە حەیاتم، ئەستێرەیەکم بـۆ بـدزە هەناسـەکەم، لـەدەورت گـەڕێم، حەزت لێیە. بەرزتر، بەرزتر. ئەستێرە بەردینە، لەناو لەپی ژندا ئارامی گرتووەو ساردەوە بووەو ژن لەبیری چووەتەوە، ناو لەپی سووتاوەو لـەپیاوی منـداڵ رامـاوە، پیـاو بەتـەواو هێزەوە، هەڵۆرکە خاڵیەکە دەفڕێنێت و خۆیشی پێوە ئاوێزان دەکات. بێئـەوەی هەسـت بکات هەلۆرك خاڵییەو ژنە جوانەکەی داکەوتووەتە سەر زەوییەکەوە، لەکاتی فڕین بـەرەو ئەستێرەکاندا، پیاو بەقاقاوە هاوار دەکات: ناسکە گیان، خۆشـە؟ حـەزت لێیـە؟ سـەیری ئەو ئەسـتێرەیە بکـە.؟ ئـەو ئەسـتێرە، ئـەوە، ئـەو.. ژن ئیـدی دەنگـی پیـاو نابیـستێ و هەڵۆرك و پیاو ئیدی ناگەڕێنـەوەو قامکـەکانی ژن دەکرێتـەوەو لـەنێوان زام و سـووتاندا، ئەستێرە بەردینە دادەکەوێتە سەر زەوییەکـەو ئیـدی هـەڵۆرك و پیـاو ناگەڕێنـەوە، پـەیتا پەیتا، هەستی منداڵانە لەژندا رەنگ دەگۆڕێت و ترسـێکی رەش و تـۆخ جێگـری هەسـتی یاری و پێکەنینەکە دەبێت و هەڵۆرك ناگەڕێتەوەو ژن لەو باخـە لەگـەڵ هەسـتێکی پێـنج ساڵانەدا، بەردەوام تەنیایە.

# تەنیا بیستویەک گرامە کێشی ژیان!

بەختیار کەریم

بەرلەوەی لافاو ئەو چۆڵو بیابانە بەرفراوانە پڕپکاتەوەو ئەو دەریا زەبەلاحە سامناکە دروستبکات، جوتێك عاشق بەخۆیانو دەستاڕەکەیانەوە سەرقاڵی هاڕینی خوێی زبر بوون... عەشقو نیگا سەرمەستو نغرۆی جیهانی خەونی یاساغو پڕ سەرکەشی کردبوون، بێئاگا لەڕەهێڵەو لێزمەی باران ئاوێزانی یەکدی دەبوون، باران تەڕیدەکردنو بەماچ یەکدییان وشکدەکردەوە.. دەستاڕیش هەر دەگەڕا. غەزەبی خوا لەشێوەی لافاودا بەسەریاندا هاژەی کردو نوقمی نێو هەناوی تەڕو قوڕاوی خۆی کردن، لەو ساوەو تائێستاش بێباك لەغەزەبی خوداو دەریا هەر خەریکی هاڕینی (خوێ)نو دەریا سوێرو سوێرتر دەکەن.

هەر کە دۆلکە ئاوە سوێرەکەی دەنا بەسەریەوە ئەو چیرۆکە سوێرەی دەگێڕایەوە، نەڕۆژێكو نەدە، لەگەڵ شکاندنی هەر تونێتییەکیدا ئەو چیرۆکەی دووبارە دەکردەوە، سەرنجی یەکبەیەکی ئێمەی دەداو پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەی بەو مێشکە بچوکەی ئێمە دەهات کە جێگەی ئەو چیرۆکە ئەفسوناویانەی تێدا نابێتەوە. پاش تاوێك فرمێسك دەڕژایە نێو پانتایی سپێنە زەردهەڵگەڕاوەکانی چاوانی، کە جگەرە رەنگیانی لەسپییەکی شیرییەوە گۆڕی بوو بۆ زەردێکی ئێجگار کاڵ، جگەرەیەکی ئەستوری پێدەکرد کە تەنها ئەو کاتانەی دڵی خۆشبوو، بەپێچانەوەیانەوە خەریکدەبوو و بەشی چەند تاوێکی نیگەرانییان دەکرد. فرمێسکەکان دەتکانە سەر روومەتی چرچیو لەوێوە بۆ زەوییەکەی بەردەمی دەکشان، هەندێك دڵۆپی بزێو دزەیان دەکردە دەمییەوە، بەتووڕەییەکی بێئامانەوە تفی دەکرنەوە، پێدەچوو ئەو دڵۆپە فرمێسکانە ئێجگار سوێر بن، چونکە سەد ساڵی تەواو بوو چاوانی بەئاوی ئەو دەریایە دەشوشتو ئاوی هەمان دەریای دەخواردەوە. چەند مژێکی خێراو قووڵی لەجگەرەکەی دەدا، تادووکەڵ ئاوێزانی ریشە

سپیەکەی دەبوو، چیتر نەماندەتوانی رووخساری فرمێسکاوی لەپشت دووکەڵی ئەستوری جگەرەکەیەوە بەدی بکەین. پیاوەتییە دەستکردەکەی ناچاریدەکرد رووی لەئێمە وەرگێڕێت، چونکە ئێمە وەك یەك گاڵتەمان بەپێکەنین‌و گریانی دەهات‌و رێزمان لەدڵە پیرە ناسکەکەی نەدەگرت. بەرەو حەوشە سەرواڵاکەی ناوەڕاستی گەراجەکە دەچوو، نیگەرانی جەستەی دەهێنایە لەرزین‌و هێزێکی نەبڕاوەی لێدەخواست بۆ راگرتنی جەستەی کەنەفتی لەسەر قاچە لەرزۆکەکانی. سەری بەرەو ئەو تۆزە ئاسمانە بڵنددەکرد کە لێوەی دیار بوو، چەند تفێکی خەستی رووەو ئاسمان فڕێدەداو چەند جنێوێکی سوێری بەدوادا دەنارد. ئێمە لێی تێنەدەگەیشتین، ئەگەر یەکێك لەهاوسەفەرەکانمان کە زمانی ئەوی دەزانی پێی نەگوتینایە چی دەڵێت. پاشئەوەی جەنگ لەگەڵ ئاسماندا شەکەتی دەکرد ناچار بەرەو قوژبنە دێرینەکەی دەچوو، ئەو قوژبنەی کە نیشتیمانێکی بچکۆلەی ئەبەدی بوو بۆ ئەو. (بابۆ) هەمیشە بروسکە پڕ لەجنێوەکانی بەرەو ئاسمان رەوانەدەکرد، دەیگوت گوایە داوای گەڕانەوەی رەنگی راستەقینەی پاییزدەکات. بابۆ پێیوابوو مرۆڤ دەبێت داوای گەورەو گرانی لەخودا هەبێت، نەك وەك ئێمە نەزان‌و نەفام بێت‌و بەهەموو شتێکی کەم رازی بێت یان لەهەمبەر هەموو گۆڕانێکی سروشتدا بێدەنگی بنوێنێت. بابۆ خودای لەتەنهایی دەریادا دۆزیبوۆوە، ئاخر تەنهایی دەریا لەهیچ کام لەتەنهاییەکانی تری سەر زەوی ناچێت، تەنهایی دەریا بێئومێدترین جۆری تەنهاییە.. لەدەریادا مرۆڤ کۆتایی شوێن‌و کات بەریدەکەوێت.. لەدەریادا ونبوونیش تام‌و رەنگی جیاوازە.. لەدەریادا دەروازەیەك نییە پیایدا گوزەرکەیت.. ئاسۆیەك نییە بەجێگەیەکی ترت بگەیەنێت.. ئەوەی هەیەو نییە دەریاو دەریایە. لەدەریادا تەنها خەونی گەورە دەتوانێت لەتەنهایی‌و ونبوونت قوتاربکات. بابۆ بەو خەونە ئیلاهییانە مانەوەی خۆی بۆ سەدەیەك لەسەر دەریا مسۆگەر کردبوو.

دوای سەدەیەك لەچاوەڕوانیی گەیشتنی رەسەنترین نەورەس، ئەو نەورەسەی لەنەوەی قەقنەسە جادوگەرەکانە، بابۆ هێشتا بەئومێدی لاوێکی کاڵفامەوە سەمایەکی شێتانەی لەنێوەندی ئەو گەراجەو لەسەر ریتمی قیڕەی ناسازی نەورەسەکان دەکرد. بابۆ کە بەدرێژایی سەدەیەك عەشقی لەگەڵ دەریاو نەورەسەکاندا دەکرد، رۆژێك سەولی بەپێچەوانەی شەپۆلەکانەوە لێنەدابوو تاسەفەرێکی ئاوی بکات، هەرگیز بەخەیاڵیدا

نەهاتبوو نەورەس ئاسا بفڕێت. تەنها خولیاو ئارەزووی گەیشتنی ئەو نامەیە بوو کە سەدساڵە چاوەڕوانیەتی، جا ئیتر لەسەر باڵی نەورەس یان لەسەر رومای شەپۆل، دەگات گرنگ ئەوەیە بگات. کە هەورێکی تەڵخ بەری ئاسمانی دەگرتو نەورەسەکانی لە کەنار دەریاکە تەرەدەکرد، بابۆ بروسکە پڕ لەجنێوەکانی ئاراستەی ئاسماندەکرد، هەناسەکانی توند دەبوونو چرچو لۆچە هاوشێوەکانی دەموچاوی لەچیرۆکی فڕینو نغرۆبوون زیاتر، ئاماژەیان بۆ هیچی تر نەدەکرد. دەستی تورەیی بەڕدێنە سپییەکەیدا دەهێناو لەقوژبنێکی گەراجەکە دەخزا، ئارەزومەندبوو هەرچی زووترە تاریك دابێت تازیاتر چاوی لەئاسمانێکی بێنەورەس نەبێت.

بابۆ پیرە پاسەوانی ئەو گەراجە بوو کە ئێمەی کۆچەری بۆ درێژەدان بەسەفەرو چاوەڕوانی هەڵمانبژاردبوو، سەفەر بەرەو کەناری ئاوە شیرینەکانو چاوەڕوانی گەیشتنی بەلەمی ئەفسوناوی. گەراجەکە راست لەسەر کەناری دەریا بوو، تەنانەت هەندێك جار شەپۆلە زبرەکان خۆیان دەگەیاندە بن دەروازە فراوانەکە، وەلێ لەوێدا بڕشتیان لێدەبڕاو بۆ ساتێك پاشەکشەیەکی سەرکەوتوانەیان دەکرد، هەر ساتێکو بەس، تا دیسان خۆیان بۆ هێرشێکی بەتینتر ئاودەدا. تەواوی ئەو شارۆچکە دەریاییە بابۆیان دەناسی، وەك پیرترین مێژوونووسی شار ئاماژەیان بۆدەکرد، ئەگەرچی بابۆ تازۆریان بۆ نەهێنایە باسی مێژووی شاری نەدەکرد. هەندێك لەهەرزەکارە چوختییەکانی شار نامەیان لەشووشەی بەتاڵ دەناو لەنزیك گەراجەکە دەیانهاویشتە دەریا، کاتێك بابۆ دەیبینی بۆ ساتێك وەك گوڵەئەستێرە دەگەشایەوە، بەڵام کە نامەکەی دەردەهێنا لەکاغەزێکی بەتاڵ بەولاوە چیتری نەدەدی.. ئیتر تائاستی شەکەتبوون جنێوی دەدا. ئەو شارۆچکەیە بەندەرێکی ئێجگار بچوك بوو، دوو دەریای بەشەڕهاتووی لەیەك جیادەکردەوە، خانووەکانی کە بەسەنگەرو مەتەرێز دەچوون، لەڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەختو بەردەوامدا بوون لەگەڵ شاڵاوی نەبڕاوەی شەپۆلە سەرکەشەکان، بەتایبەتی لەڕۆژانی رەشەبادا دەریا دەبووە کۆمەڵێك شەپۆلی راکردوو.. لەماراسۆنێکی دڵڕەقدا ئاوڕشێنی ماڵە نزمەکانی رۆخی دەریایان دەکرد. لەئەنجامی ئەو شەڕەی دەریاو شاردا کە کەس تێیدا براوە نەبوو، هەموو شتێك تامی ئاوی دەریای دەدا، تامی هەموو شتێك بەماچی کچە کورتەباڵا قەڵەوەکانیشەوە سوێر بوو.

لەگەڵ هەڵکردنی با رۆژئاواییەکاندا پۆلە نەورەسەکان پیاسەی دەریایی خۆیان دەهێنا بۆ ئەو قەراغ دەریایەو میلۆدی خۆیان لەگەڵ گڤەی با ساردەکاندا رێکدەخست. عەشقێکی ئەفسوناوی باو نەورەس‌و شەپۆلەکانی پێکەوە گرێدابوو، چونکە هەڵکردنی باکان ئاماژەبوو بۆ هاتنی نەورەسەکان‌و بەسەماکەوتنی دەریا، نەباکان بێقیرەی نەورەسەکان هەڵیاندەکردو نە شەپۆلی دەریاش بەبێ لورەو گڤەی رەشەبا دەبزوا. بابۆ بەدرێژایی تەمەنی هەوڵی دەدا ببێتە پنتی چوارەم لەو هاوکێشە سروشتییە سەرسوڕهێنەرەی ئێمەی کەڕوکاس کردبوو، تادەهات وادەی سەفەرەکەمانی دوادەخست، بەهەڵکردنی باکان دڵە پیرەکەی بابۆ پڕ دەبوو لەخورپەی شیرین، قیڕەی نەورەسەکان لەبارترین گۆرانی‌و ئاوازبوون‌و بابۆیان دەهێنایە سەماو بەسەمفۆنیای نەدەگۆڕینەوە. لەگەڵ هەڵکردنی ئەو تۆفانەدا نەورەسەکان بەری ئەو ئاسمانە بچکۆلەی سەر گەراجە شورا پتەوەکەیان دەتەنی، لەهاتوچۆیەکی شێتانەداو بەدەم گۆرانییەوە تائێوارەیەکی درەنگ لەو بستە ئاسمانەدا نمایشی نیگەرانیی خۆیان درێژە پێدەدا. ئەو رۆژانە رۆژانی بەختی بابۆ بوون، بەهەوەسێکی هەرزەکارانەوە، بەگوڕوتینێکی گەنجانەوە دەچووە نێوەندی حەوشەی گەراجەکەو لەسەر ریتمی ناسازی قیڕەی نەورەسەکان سەمایەکی شێتانەی خواروخێچی دەکرد. ئەو ئێوارەیە نەورەس‌و باو شەپۆلان نەك تەنها بابۆیان بەسەما دەهێنا، بەڵکو ژیانی ئەویان چەندین دەیە دەگێڕایەوە دواوە.

(ماریا) بەپێچەوانەی بابۆوە قێزی لەنەورەسەکان دەهاتەوەو بەقیڕەیان دەهری دەبوو، ماریا پێیوابوو ئەو نەورەسانە شوومن و قیڕەیان دادو فیغانە، نزاو پاڕانەوەیە لەدەست ئێمە کە نیشتمانەکەیانمان داگیرکردووە. هەندێکجار نەورەسەکان بەئەندازەیەك ماریایان توڕەدەکرد، بێهودە بەردی دەهاویشتنێ، بەو هیوایەی لەئاسمانی ئەو گەراجەیان تەرەبکات، پاشان لەگەڵ بابۆدا دەبووە شەڕیان، هەریەکەو بەزمانێکی جیاواز جنێوی بەوی دی دەدا، ئەگەرچی لەیەکتر تێنەدەگەیشتن، بەڵام وەك دوو جنێوفرۆشی کارامە دەرفەتیان بەیەك دەداو گوێقوڵاخی یەکدی دەبوون.

دوابەیانی ئەو رۆژەی سەردەمی بەختی بابۆ هاتبووە کۆتایی، ئەو پیرە پیاوەی کە لێوانلێوبوو لەنهێنی رەنگاوڕەنگ‌و لەدەنگی دێرین، گیرۆدەی بێدەنگییەکی خەمناکبوو. نەورەسەکان ئێوارەی رۆژی پێشوو بەشی کۆتایی‌و حەسرەتباری نمایش‌و میلۆدییەکەیان

لەنائامادەگی باکان‌و لەهێمنی دەریادا پێشکەشکردین، بابۆش هەرچی وزەی سەدەیەکی تەمەنی هەبوو لەسەمای ئەو ئێوارەیەدا بەفیڕۆیداو کەنەفتی نێو جێگابوو. بابۆ ئەو بەیانییە جیاواز لەگشت بەیانییەکانی دەریاییەکانی ژیانی، دووچاری بێدەنگییەکی ئیلاهی بوو، بێدەنگییەك کە لەبێدەنگی خواکان دەچوو پاشئەوەی لەنووسینەوەی کتێبە پیرۆزەکانیان دەبنەوە. لەقوژبنی لای چەپی گەراجەکە بێنوزە راکشابوو، تەنها قڵخەی سییە دوکەڵاوییەکانی جارناجارێك درپیان بەبێدەنگییەکە دەدا. ئەو بەیانییە هەموومان بابۆمان خۆشویست، راستە درەنگ بوو بۆ خۆشویستن زۆر درەنگ، بەڵام لەسەر گۆنای هەموومان، تەنانەت دڵڕەقترین پیاوی نێو موسافیرەکان، فرمێسك قەتیس مابوو، ئەو پیاوەی بەسەرسامییەوە وتی یەکەمجارە فرمێسك بەچاوەکانیدا گوزەرکەن بەرەو خوار. ئاسمانی بێنەورەسی ئەو بەیانییە هێمنە تادەهات روون‌و روونتر دەبوو، بابۆش زیاتر خۆی دەترنجاندە قوژبنە مێژووییەکەی. ئەو بەیانییە بەیانی سەفەری ئێمە بوو بەرەو دەریا شیرینەکان لەسەر پشتی بەلەمی ئەفسوناوی‌و قوتاربوونمان بوو لەدەریا سوێرەکان. سەفەری دەریایی لەڕۆژانی رەشەباو لەناو هەلەکەسەمای شەپۆلی دەریادا کارێکی ترسناکە، دەریاوانە شارەزاکان پێیان دەوتین بەیانییەکی ئاوا هێمن باشترین ساتە بۆ سەفەرێکی ئاویی. ئەو بەیانییە رەشەبا تووڕەکان گەڕابوونەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان، نەورەسەکان رێچکەی سەفەرێکی ئاراستە نادیاریان هەڵگرتبوو، دەریا لەبزاوتن کەوتبوو کاتی ئەوە هاتبوو بەلەمە ئەفسوناوییەکەمان بهاوینە نێو دەریاو سەوڵی بەختمان بخەینەکار. ئەو بەیانییە بۆ بابۆش بەیانی سەفەر بوو، سپێدەی سەفەری دەنگی بوو لەبێدەنگبووندا، کازیوەی سەفەری رەنگی بوو لەڕەنگپەڕیندا، بەیانی سەفەری زیندەگی بوو لەسواربوونی بەلەمی مەرگدا، مەرگی پیاوێك کە دەریا ژیاو رازی نەبوو مەلەیەك بکات، نەورەس ژیاو رێگەی بەخۆی نەدا لەشەقەی باڵبدات.

لەترسی پاسەوانەکانی دەریا شیرینەکە کە رێگەیان بەگەڕۆك‌و پەنابەری وەك ئێمە نەدەدا بەئاشکرا ئاوەکانیان لێڵبکەین، دەبوایە چاوەڕانی تاریك داهاتن بین بۆ بزواندنی بەلەمەکەمان. هەموومان بێدەنگ لەنمایشی پاڵەوانانەی مەرگی بابۆمان دەڕوانی، بەدرێژایی کات بابۆ نیگای ئاسمانی بێنەورەسی دەکردو ئێمەش لەڕژانی ژیانی ئەومان دەڕوانی. ئێوارە ئەو ساتەی رۆژانێك بوو بەتاسەوە چاوەڕوانیمان بۆ دەکێشا، کزەبایەکی

فێنك بۆ تاوێك نەورەسەكانی گێڕایەوە بۆ ئاسمانی ڕۆخی دەریا، وەلێ شەپۆلەكان نەبزوان.. دەریا لوتبەرزانە هێمنی ئەو ئێوارەیەی خۆی پاراست، با سامناكەكان لەهیچ كوێوە دیار نەبوون شمشاڵ بۆ نەورەسەكان بژەنن. نەورەسەكانی ئەو ئێوارەیە ڕەنگیان جیاواز بوو لەنەورەسەكانی ڕۆژانی پێشوو، وەك بابۆ بێدەنگ.. وەك كۆمەڵە نەورەسێكی لاڵ بێقیڕە، پیاسەیەكی سستی خەمناكیان دەكرد، پێدەچوو ئەو مەلانە ڕۆحی بابۆ بن لەچاوانییەوە فڕیبنە ئەو ئاسمانە بەرتەسكەی نیگاكانی ئێمەو لەدرێژی هەناسەكانی چاوەڕوانیو بارگرانی ئومێدە ناكامەكانی ئەو پیرە پیاوە دادو فیغانیان بوو بێت.

بڕوانن ژیان بەو درێژییەی خۆیەوە كێشی تەنها بیستویەك گرامە، بیستویەك گرامو هیچیتر، قورسایی زیندەگی ئەوەندەی ریقنەی نەورەسێكە، هەر بەقەد مشتێك ڕەشەبای بزێوە یان دەمێك ئاوی بێئۆقرە، بەڵێ ژیان تەنها بیستویەك گرامە. بابۆ یان هەر یەك لەئێمە كە دەمرین تەنها بیستویەك گرام كەم دەكەین، ئەمە حەقیقەتێكی زانستییە، بەڵام مەرگی بابۆ بیستویەك گرامی لەقورسایی خەمی كەسمان زیادنەكرد، ئەو تەنها بیستویەك گرامی كەمكردو هیچیتر.

زستانی ٢٠٠٠

ئیتالیا



مێژووی پاڵەوانە شکستخواردووەکان
ئارام سدیق

لەئازادییەوە بۆ ناو قەفەسی ئاسنین
جەبار سابیر

تراژیدیای عەشق و فەرامۆشی
خوێندنەوەی: چنور محەممەد







# خوێندنەوە

# مێژووی پاڵەوانە شکستخواردووەکان

## خوێندنەوەیەک بۆ دەقی (پاڵەوانێک لەڕەنگ)ی ئیسماعیل حەمەئەمین

ئارام سدیق

دەمەوێت لێرەدا ئاماژەیەکی کورت لەسەر دەقی (پاڵەوانێك لەڕەنگ)ی نووسەر (ئیسماعیل حەمەئەمین) بدەمو خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ئەم دەقەکە بکەم، بێگومان کاتێك ئێمە باس لەخوێندنەوەی کتێبێك، یان دەقێك دەکەین، دەبێت ئەو خاڵەمان لەبەرچاوبێت کە هەرگیز ناتوانین قسە لەسەر هەموو لایەنەکانی ئەو دەقە بکەین، یان پەی بەهەموو جوانیو ناشیرینییەکانی بەرین. هەروەها من دەربارەی خوێندنەوەی هەر دەقێك بۆچوونێکی تایبەتم هەیە ئەویش ئەوەیە تەنها ئەو دەقانە دەبنە کەرەستەی لەسەر نووسینو خوێندنەوەی جیدی کە شایستەن لای من، یان چێژی زۆرم لێوەرگرتووەو تووشی رامانیان کردووم، بێگومان نامەوێت لەبەهای هیچ دەقێکیتری ئەدەبی کەمبکەمەوەو دڵنیام دەیانو سەدان دەقی شایستەو جوانتر هەیە کە رەنگە لەتوانای قەڵەمەکەی مندا نەبێت خوێندنەوەیان بۆ بکەم، یان من وەکو پێویستو هێندەی جوانیی ئەو دەقە چێژم لێوەرنەگرتوون. لای من وەکو (سەلاح حەسەن پاڵەوان) دەڵێت: خوێندنەوەی دەق بەمانای گەڕانە بەدووی چێژدا لەنێو خودی وەرگردا حەز ئامادەیە، حەزی گەڕان بەدوای چێژدا، هەر وەرگرێك چێژی خۆی لەدەقێکدا دەبینێتەوە. لای منیش ئەو دەقانەی چێژی تەواوەتی دەبەخشنە هزرم دەبنە کەرەستە بۆ لەدایکبوونی دەقی نوێ.

دیارە لەسەر وەستانو قسەکردنی من لەسەر دەقی (پاڵەوانێك لەڕەنگ) بەمەبەست بوو، چونکە ئەم دەقە دەقێکە هەڵگری دەیان نهێنییەو ئەم نهێنییانە تاکۆتایی دەق خوێنەر دەبەنو دواجاریش هەر بەشێوەی سەرەتا بەنهێنی دەمێننەوە، هەموو دەقێکی چیرۆك یان شیعر، یان رۆمان، یان راستتر بڵێم هەر دەقێکی ئەدەبی نهێنییەکی لەهەناویدا هەڵنەگرتبێت دەقێکی زیندوونییە، چونکە ئەوە گرێکوێرەو نهێنییە شاراوەکانی دەقن

خوێنــەر بــەرەو خوێندنــەوەی دەقو حاڵــەتی چـێژوەرگرتنو چـێژبینینی ئیـستاتیکییانە دەبەن، لەم نێوانـەدا هەنـدێك نووسـەر گرێكوێرەكـانو نهێنییـەكانی دەقەكە بـۆ خوێنـەر ئاشكرا دەكەن، بەڵام زۆرێك لەنووسەرانیش ئـەو گرێكـوێرەو نهێنییانـە هـەر بەشـاراوەیی دەهێڵنەوەو خوێنەر لەدۆزینـەوەی سەرپـشك دەكـەن، جـوانیی ئـەم دەقـەی (ئیـسماعیل حەمەئەمین)یش لەوەدایە كە نهێنییەكان بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێتو دەیەوێت لەدنیای پڕ لەجەنجاڵی ئەمڕۆدا كافكاییانە مرۆڤەكان توشی رامانو بیركردنەوە بكات، ئەگـەر لێـرەوە ئاماژەیـەك بـەكافكاو نووسـینە پـڕ لەنهێنییـەكانی بكـەین دەبیـنین ئـەم نووسـەرەش لەتێكستەكانیدا هەمیـشە پاڵـەوانی سـەیرو نهێنیـی گـەورەی خـستۆتەڕوو. كافكـا لـە (مەسخ)دا دەیەوێت نهێنییە شاراوەكانی مرۆڤی سەردەمو كێشەكانی لەگەڵ تـەكنۆلۆژیاو مۆدێرنە بخاتەڕوو، یان وەكو هەندێك لەلێكۆڵەرەوان دەڵێن (مەسخ)ی كافكـا نموونەیەكـە لەدەقی ناهۆشمەندی قـووڵو هۆشمەنـدی دەقێكـە كـە ماناكـانی لەپەیوەندییـەكانی ئـەو دوانەدا دەردەكەونو كافكا دەیەوێت گوزارشت لەئازارەكانی مرۆڤی هاوچەرخ بكات لەڕێی كەسـایەتی پاڵـەوانی رۆمانەكـەوە، ئـەویش بەخوێندنـەوەی نـاخی كەسـایەتیو دەروونـی كەسایەتییەكە، بەجۆرێك كە رەنگدانەوەی لەسەر نووسەریش هەبووە، بەرهەحاڵ من ئەم نموونەیـەم بـۆ ئـەوە هێنایـەوە كـە نزیكـی نێـوان تێكـستەكانی كافكـاو ئـەم تێكـستەی ئیسماعیل بخەمەڕوو، ئیسماعیل لەیەكەم دێڕی دەقەكەیـدا بـەم شـێوەیە دەسـتپێدەكات (دەبوایـە پاڵەوانەكـە خـۆی بكـوژێ) لێـرەوە پێمانـدەڵێت قیامـەتێك لـەڕووداوو ئـازارو چەرمەسەری لەبەردەمدایە بۆ خستنەڕوو بەم رستەیە خوێنەر تووشی رامانو دەستبەجێ گەڕان دەكات بـەدوای ئـەو نهێنییانـەدا كـە لەپـشت ئـەم رسـتەیەوە خـۆی حەشـار داوە، نووسەر زیرەكانەو لەیەكەم رستەدا نهێنییەك دەخاتە بەردەم خوێنەرو بۆ دنیای پاڵەوانـە رەنگاڵەكـەی پەلكێـشی دەكـات، هاوكـات ئیـسماعیل هـەر لـەم رسـتەیەوە پەنجـەی بـۆ گەورەترینو هەنووكەییترین برینی جەستەی كۆمەڵگەی ئێمە بردووە كە ئەویش دیـاردەی (خۆكـوژیی)یـە، ئـەم دیاردەیـە بەڕادەیـەكی بەرچـاوو ترسـناك لـەم سـاڵانەی دواییـدا زیادیكردووەو هەر ئەم هۆكارەش بۆتە هۆی ئەوەی ببێتە كەرەستەی دەیان لێكۆڵینەوەو نووسـینی دەیـان دەقـی جۆراوجـۆریش، كـە پێموایـە هەڵبـژاردنی ئـەم بابەتـە لـەلای نووسەرەوە كاریگەری بەربڵاوبوونی ئەم دیاردەیەیە.

یـەکێك لـەو خاڵانـەی لای مـن سـەرنجەو بۆتـە جێـی پرسـیار لەنووسـینو چـیرۆكو نۆڤلێتەکانی ئەم نووسەرەدا ئەوەیە کە زۆرجار دەیەوێت (ئەمر) بکات، یان رستەی ئـەمر زۆر بەکاردێنێت بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لەیەکەم رستەی چیرۆکی ناوبراو بدەین (دەبوایە پاڵەوانەکە خۆی بکوژێ) دەبینین (دەبوایە) لەو رستەیەدا بۆتـە خواسـتێکی نووسـەر کـە ئەو دەخوازێت رووداوەکە بەو شێوەیە بوایە، یان لەنۆڤلێتی (شتێك لەقوڕی خورافە)شـدا (پاڵەوان–گێڕەرەوە) کەسێکی ئەمرکەرەو دەخوازێت منداڵـە پێـنج سـاڵانەکەی گـوێ بـۆ هەموو سەروەرییەکانی بگرێتو دەخوازێت بەهەمان شێوەی ژیانی ئەو ژیان بکات، بـەڵام ئـەوەی زۆر گرنگـە دەربـارەی دەقو نووسـینەکانی ئـەم نووسـەرە بەشـێوەیەکی گـشتی بیانخەمەڕوو ئەوەیە کە رەنگدانەوەی کلتووری ژیانی باوکسالاری و رەوشی ژیانی ئاسایی ئامادەیی بەرچاوی لەم دەقانەدا هەیە، یان راستتر بڵێم ئیسماعیل نووسەری ئەم قۆناغەو ئەم نەوەیـەی ئێستایە کـە بـۆی دەنوسـێت. هـەر لـەم خاڵەشـەوە ئـەم نووسـەرە پـردی پەیوەندی خۆی لەگەڵ خوێنەراندا پتەوترو فراوانتر دەکات، چونکە هەر نووسەرێك ئەگەر واقیعی کۆمەڵایەتیو سیاسیو...هتد لەنووسینەکانیدا رەنگدانەوەی نەبێت ناتوانێ لەگەڵ خوێنەرەکانیـــدا بـــەردەوامی بەپەیوەندییـــەکانی بـــداتو رۆڵو کاریگەریـــشی لەکایـــە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگەکەی هەبێت.

قەیرانی شوناسی تاك یەکێکیترە لەو خاڵانەی زۆر بەجیدی لەم دەقەدا قسەی لەسـەر کراوە، وەکو پێشتر وتمان نووسەر دەیـەوێت لەهەنووکـەدا بنووسـێتو هەنووکـەیبوونیش بەدەقەکانییەوە دیارە، بۆیە لەم دەقەدا ئاماژەی بەبێشوناسی تاکی کورد، یـان قـەیرانی شوناسـی کـردووە، ئیـسماعیل لەسـەرەتادا لەناونیـشانی دەقـەوە (پاڵـەوانێك لـەڕەنگ) شوناسـێك بـۆ پاڵەوانەکـە دیاریـدەکات، بـەڵام شوناسـێکە تاڕادەیـەك جـێگیرەو هاوکـات تەمومژاویشە، جێگیرە، چونکە دەزانین ئـەم پاڵەوانـە رەنگـە، تەمومژاوییـە لەبەرئـەوەی جۆری رەنگەکەی دیاری نەکردووە، چونکە ئێمـە بـەهۆی بیـنین و ناسـینی رەنگەکانـەوە دەتوانین شوناسێك بۆ ئەو پاڵەوانە دەستنیشان بکەین، پاڵـەوانیش وەك هـەر رەگـەزێکی تـر خـاوەنی جیهـانبینی تایبـەت و سـەربەخۆیە، بـەڵام بەتـەنها ناتوانێـت ببێتـە هـەڵگری پـەیامی گـشتی و هەمەلایەنـەی دەق، بۆیـە پاڵـەوان بـۆ بەرەوپێشـچوون و کـامڵبوونی رووداوەکان پێویستی بەڕەگـەزەکانی تـر هەیـە تادواجـار پێکـەوە رووداوەکـان بگەیەننـە

مەبەستی نووسەرو دەقێکی کامڵ بێتە بوون. بەڵام پاڵەوان لای ئیسماعیلو لەم دەقەدا بۆتە هەڵگری پەیامی گشتی و هەمەلایەنەی دەق. ئەم خاڵە یەکێکە لەخاڵە لاوازەکانی ئەم دەقەو بۆتە هۆی دروستبوونی تاکدەنگی لەم دەقەداو هاوکات لەنۆڤلێتی (شتێك لەقوڕی خورافە)شدا هەمان تاکدەنگی لای ئیسماعیل دووبارە بۆتەوە. دەمەوێت لێرەوە ئاماژە بەوەبدەم کە بەشێکی زۆری چیرۆك و شانۆو رۆمانی کوردی تووشی هەمان گرفت بوون و تاکدەنگی بەسەریاندا زاڵە، واتە دەنگی جیاوازو نارازی، یان نابینرێت و بوونی نییە، یان زۆر لاوازە کە شایانی باس نییە، هەر لێرەوەیەکە شوناسی ئەم پاڵەوانەی ئیسماعیلیش شوناسێکی دیار نییە، یان شوناسێکە تەمومژاوییە، ئەم تەمومژاوییە تەنیا خزمەت بەوە دەکات کە بڵێین واقیعی تاکی کورد کە ئەم دەقە نمایشی دەکات واقیعێکە تاك تێیدا ونبووەو شوناسی بزرە، یان تەمومژاوییە، لەسەرەتای دەقەکەدا نووسەر دەیەوێت ئەمر بکات و رێنمایی پاڵەوان دەکات بەو شێوەیە بێت کە ئەو دەیەوێت، بەڵام پاڵەوان ئەوەی بەگوێ ناکات، بۆیە سەرەتای دەستپێکردنی دەق بەرِستەی (ئەرێ)یە، بەڵام لەناوەڕاستەوە تاکۆتایی دەبێتە (نەرێ)، نووسەر لەسەرەتادا دەڵێت، دەبوایە پاڵەوانەکە بەنێو ئاگردا تێپەڕبێت بۆئەوەی رۆژەکانی لەسیسبوونەوە بپارێزێت، وەکو لەم رستەیەدا دیارە نووسەر بەشێوەی (ئەرێ) ئەمر دەکات، لەکۆتایی دەقەکەدا بەهەمان شێوەی (ئەرێ) شوناسی پاڵەوانەکە بەپاڵەوانێکی گێل دەخاتەڕوو. من پێموایە بەکارهێنانی دەستەواژەی (گێل)و گوزارشتکردنی پاڵەوانەکە بەگێل تاڕادەیەکی زۆر جوانی و مانای بەخشیوەتە دەقەکە، بەتەنیا بەبەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە تەواوی مێژووی پاڵەوانەکانی ئێمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەو مێژووە لەبوونی کوردەوە تا ئێستا هیچی بۆ نەوەی ئێستا سەوز نەکردووە، هەروەها تەواوی خەبات و شۆڕشی ئەو کەسانەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە خۆیان بە (پاڵەوان) زانیووە لەمێژووی سەدان ساڵەی ئێمەدا، ئاخر ئەگەر پاڵەوانەکانمان گێل نەبوونایە دەیانتوانی رۆژێکی پڕ لەئاسوودەیی بۆ نەوەی ئێستا سەوز بکەن، پێموایە هەر لەم دەقەوە نووسەر دەیەوێت بەتەواوی خەباتگێڕە پاڵەوانەکانی نێو مێژووی ئێمە بڵێت ئێوەش وەکو ئەم پاڵەوانە گێل و نەوەیەکن لەجنسی (دۆنکیشۆت).

ئەم دەقەی ئیسماعیل و ئەم پاڵەوانە گێلە دۆنکیشۆتی سێرڤانتس–یان بیرخستمەوە، سێرڤانتس بەداستانی دۆنکیشۆت ویستی تەحەدای هەموو پاڵەوانانی دنیا بکات و ئەوە بخاتەڕوو کە مەرج نییە پاڵەوان هەر سەر بکەوێت، بەڵکو پاڵەوان هەیە بەردەوام دەدۆڕێت، ئەگەر وەکو هەر دەقێکی تری داستانئامێزی سەردەمی خۆی پاڵەوانەکە پاڵەوانێکی ئازاو سەرکەوتوو بوایەو پاڵەوانی شکستە گەورەکانی ژیان نەبووایە، ئەوا هەرگیز بەو چەشنەی ئێستا کە هەیە نەیدەتوانی ناوبانگێکی جیهانی بۆ خۆی دروست بکات، ئەم پاڵەوانە گێلەی ئیسماعیلیش پاڵەوانی شکستە گەورەکانی ژیانەو لەنێو جەنگ و ململانێکانی ژیاندا شوناس و تەنانەت خۆشی بزرکردووە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر لەڕوانگەیەکی سۆسیۆلۆژییەوە سەیری بەکارهێنانی (گێل)ی پاڵەوانەکە بکەین دەبینین، نووسەر زیرەکانە دەیەوێت ئەوە بەڕووی نەوەی نوێشدا بدات و لەو گێلییەی تێیکەوتووە ئاگاداری بکاتەوە، چونکە یەکێك لەپەتا کوشندەکانی ئێستای کۆمەڵگەی ئێمە ناهوشیاری نەوەی نوێیە لەئاستی ئەو پێشهاتانەی ڕۆژانە رووبەڕوویان دەبێتەوەو ئەمەش سەرەتای دەرکەوتن و دروستبوونی ئەو گێلیەیە کە نووسەر لەم دەقەدا ئاماژەی پێداوە. دەمەوێت لێرەدا دیسان ئاماژە بەزیندوێتی ئەم دەقە بدەم، چونکە دەقی زیندوو شاهیدێکی راستگۆی ئە قۆناغەیە کە تێیدا لەدایکدەبێت و دەبێت هەڵگری پرسیارە وەڵامنەدراوەکانی ئەو قۆناغە بێت کە تێیدا دێتە بەرهەم، واتە ئەو دەقانەی  ناتوانن وەڵامی پرسیارە هەنووکەییەکانی ئەوسەردەم و رۆژگارە بدەنەوە کە تێیدا نووسراون ئەوا ناتوانن زیندوێتی خۆیان بپارێزن و رەنگە بەر لەبڵاوکردنەوە لەئەرشیفی نووسەردا بمرن.

یەکێکی تر لەو چەمکە گرنگ و بنەڕەتییانەی نووسەر لەم دەقەدا ئاماژەی پێدەکات (خەون بینینە) و دەنوسێت، دەبوایە پاڵەوانەکە خەونی بدیایە، بۆ هیچ نا، بۆئەوەی لەنێو خۆیدا وشکنەبێتەوە، سەرەتا دەبێت لەگرنگی خەون بدوێین لەژیانی مرۆڤدا، خەون مرۆڤ بەرەو ئاسۆفراوانی و بیرکردنەوەی نوێ دەبات، ئەو کۆمەڵگەیەی تاکەکانی خەون نابینن کۆمەڵگەیەکە لەلێواری وشکبوونەوەو چەقبەستووییداو داهێنان و نوێبوونەوە تێیدا لەدایکنابێت، ئەوەی کۆمەڵگە لەو یەکڕەنگی و چەقبەستووییە قوتار دەکات خەون بینینە، بێگومان کاتێك مرۆڤ خەون دەبینێت دنیای نوێ و ئاسۆی جیاواز لەو ئاسۆیانە

دەبینێت کە تائەوکاتە بینیوونی، بەڵام نەوەیەك کە توانای خەون بینینی نییە، یان نایەوێت خەون ببینێت ئەو کاتە مەرگی هەموو گۆڕان و نوێبوونەوەیەك رادەگەیەنێت، لەم دەقەدا نووسەر زۆر بەئاشکرا بانگەشە بۆ خەوبینینی پاڵەوان دەکات و دەنووسێت (دەبوایە پاڵەوان خەونی بدیایە)، واتە پاڵەوان خەونی نەدیوەو دەرەنجامی ئەوەش تووشی شکستە جۆراوجۆرەکان بۆتەوە، لەدواتردا نووسەر دەنوسێت، دەبووایە خەونی بەهەموو وشەیەکەوە بدیایە کە جیهان لەنێو ماناکاندا بێمانا دەکەن، دیارە دیسان لەم رستەیەشدا نووسەر جەخت لەسەر خەونبینین دەکاتەوە بۆئەوەی مانادار‌بوونی ژیان بێمانا نەبێت، دەکرێت لێرەدا دیسان ئاماژە بەهەنووکەیبوونی دەق بدەینەوە کە ئیسماعیل توانیویەتی نووسەری نەوەی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی بێت، چونکە هەنووکە نەوەی نوێی کۆمەڵگەی ئێمە بەدەگمەن نەبێت هەمووی تووشی قەیرانی بێخەونی و بێبیرکردنەوەیی بووەو لەنێو ئەو ئاڵۆزییانەی دنیای مۆدێرندا ونبووەو هەر ئەمەش لەگەڵ نەوەیەکی بێخەون و بێشوناس و بێئەزموون و بێداهێنانی ئەمڕۆدا رووبەڕوومان دەکاتەوە، کە بەڕای من ئایندەی ئەم نەوەیە روون نییە، یان ئایندەیەکە پڕ لەئاڵۆزیی و کێشەی جۆراوجۆرو شکستی گەورە. بۆیە ئەگەر نەوەیەك هەبێت خەون ببینێت، ئەوا خەون بەئایندەشەوە دەبینێت و دەتوانێت لەئێستاوە بناغە بۆ ئەو ئایندەیە دیارییبکات، بەڵام نەبوونی نەوەیەکی ئاسۆ فراوان دەیان قەیرانی جۆراو جۆر دەخوڵقێنێت هەروەکو چۆن (پاڵەوانە رەنگاڵەکەی) ئیسماعیلیش لەم دەقەدا بەردەوام لەقەیران و ئەزمەی خەون بینین و ناکارایی لەگەڵ رەوتی رووداوەکاندا دایە، بۆیە دەقەکە کەکۆتایی دێت (وەك لەسەرەتاشدا ئاماژەم پێدا) گرێکوێرەکانی نەکراوەتەوەو دەقەکەش تەواو نەبووە، چونکە لەبری خاڵی کۆتایی رستە، نووسەر چەند خاڵێکی لەدوای یەکی داناوە.

دواجار ئەوەی پێویستە لەبارەی ئەم دەقەوە لێی بدوێم ئەوەیە کە ئەم نووسینە تەنیا ئاماژەی بەچەند لایەنێکی کەم لەدەقەی ناوبراو داوەو دەکرێت کەسێکی تر لەدەیان لایەنی تری ئەم دەقە بدوێت هەر لەتەکنیك و شێوازی گێڕانەوەوە تا پاڵەوان و هەموو ئەو کێشانەی خراونەتەڕوو، ئەم دەقە وەکو دەقەکانی تری نووسەر خاوەنی زمانێکی رەوان و بێگرێوگۆڵە، هەروەها لەڕووی تەکنیکی نووسینیشەوە بەڕای من تەکنیکێکی سادەی بەکارهێناوە، بەڵام سادەییەك کە لەخزمەت دەقدا بووەو بەبێ ئەو

سادەییە لایەنێکی دەقەکە لاسەنگ دەبوو، هەروەها وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەم دەقە دەقێکی تاکدەنگەو فرەدەنگ و فرەکاراکتەر نییە، بەڵام لەکۆی هەموو ئەمانە دواجار ئەم دەقە یەکێکە لەو دەقە جوانانەی شایانی خوێندنەوەو لەسەر وەستانە، دەمەوێت ئاماژە بەوەش بدەم ئەدەبی نوێی کوردی خاوەنی دەیان دەقی جوانە، بەڵام بەهۆی نەخوێندنەوەوە، یان بەهۆی پەرشوبڵاوی بڵاوکراوەکانەوە خوێنەرو رەخنەگر ناتوانێت هەموویان ببینێت، چونکە تەنیا بەخوێندنەوە دەق دەتوانێت بوونی خۆی وەکو کارێکی ئەدەبی لەکایەیەکی ئەدەبی دیاریکراودا بسەلمێنێت، دەنا دەق تا لەنێو خوێنەردا بڵاونەبێتەوە بەڕای من بوونی نییە، یان شتێك نییە ناوی دەق بێت.

*ئیسماعیل حەمەئەمین، پاڵەوانێك لەڕەنگ، گۆڤاری هەنار، ژمارە (٨)، سێپتەمبەری ٢٠٠٦.

# لەئازادییەوە بۆ ناو قەفەسی ئاسنین

جەبار سابیر




لەدوای روخانی سەدامو رژێمەکەیەوە کوردستانیش بەشێوەیەکی راستەخۆ چووەوە سەر عێراقو شارەکانی وەك هەر شارێکی تری عیراقی چاویان لێدەکرێتو لەڕووی ئیدارییەوە حسابیان بۆ دەکرێت. ئەم بەعیراقی بوونەوەی کوردستان دوای دوازدە ساڵ لەئازادی بەهەموو کەموکوڕییەکانییەوە جارێکیتر دەمانباتەوە بەردەم هەزاران ئەگەری تری لەناوچوونو تاسەر لێوی گۆڕچوون، ئێ هەر ئێمەبووین لەڕابردوودا بووینەتە نێچیرێکی هەمیشەیی ئەوانی عەرەب، دواتر پرسیار گەلێك بەتوندی راماندەچڵەکێنێ، هەرە سادەترینیان پرسیار لەوەی ئایا ئێمە بەرژەوەندیمان چییە گەر بەشێك بین لەعیراق.؟ ئایا ئێمە چارەنوسمان وایکردووە کە لەگەڵ عەرەبو لەعیراقدا بژین؟ یان ئەوە خۆمانین حەز بەژیانێك دەکەین پرکوێرەوەری لەگەڵ ئەوانی عەرەب. ئێمە سەدان ساڵ پێش دروستبوونی ئەم دەوڵەتی عیراقەش هەر لەگەڵ ئەوانی عەرەبدا ژیاوین، بەڵام ژیانێك کەدەریایەك خوێنی لەنێوانماندا دروستکردووە. جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ زۆربەی نەتەوەکانی ناوچەکە بووە خێرو بەرەکەتو بۆ ئێمەی کوردیش تەنیا مەینەتیو ماڵوێرانیو لێکترازانی لێکەوتەوەو هیچمان بەرنەکەوت، ئەمەش بەشێکی زۆری پەیوەندی بەخۆمانەوەیەو بەشەکەی تریشی پەیوەندی بەسیاسەتی بەرژەوەند پەرستی

جیهان‌و زلهێزەکانی ئەو کاتی جیهانەوە هەبووەو ئەم سیاسەتە بەرژەوەند خوازانەیەش کەهەرچی بەهای مرۆیی بێت تێیدانییە تائەمڕۆش درێژبۆتەوەو لەئاسۆدا شتێك بۆ کورد دیارنییە بەتایبەت لەکاتێکی وادا کەدیسان بووینەتەوە عیراقی‌و دەچینەوە ناو ئەو شتەی (ڕێبوار سیوەیلی) ناوی ناوە قەفەسی ئاسنین.

لێرەوە بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو ئەگەرو پرسیارانەی کە پێویستە لەم کاتەدا لەخۆمانی بکەین‌و بەرسڤ‌و ئاکامەکانی بزانین‌و لێی تێبگەین واباشە جارێکیترو لەم بارودۆخە پڕتەمومژو ئەو سەر نادیارەی عیراقدا کە بەرەو جەنگێکی تائیفی‌و مەزهەبی دەڕوات، دەکرێت بەوردی کتێبی (قەفەسی ئاسنین یان بۆ ببمەوە بەعیراقی؟) ڕێبوار سیوەیلی بخوێنینەوە کەلێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆسیاسییە لەسەر عیراق‌و بەعس‌و هەوڵی ئەوانی عەرەب بۆ سڕینەوەی فیزیکی کورد. بەشی یەکەمی ئەم کتێبە تایبەتە بەبەعەرەبکردنی کورد، واتا هەوڵی عەرەب بۆ ئەوەی ڕیشەی کورد بگێڕنەوە سەرخۆیان ئەمەش، لەدوای هاتنی ئیسلام‌و لەشکرکێشی خەلیفەکانی ئیسلام بۆ ناوچەکە، چونکە ئەوان پێیان وابووە بەتەنیا هێزی شمشێر ناتوانێت کورد بکاتە ئیسلام بەڵکو دەبێت لەڕووی گێڕانەوەی ڕیشەو ڕەچەڵەکیشەوە هەوڵی بۆ بدرێت. دەبێت ئەوە بزانین ئیسلام لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا سەری هەڵداوەو پڕۆژەیەکیش بووە بۆ هەستانەوەو خزمەتکردنی عەرەب، میشیل عەفلەقی ڕابەری ڕۆحی بەعسییەکان دەڵێت(ئیسلام لەدایکبووی ژیاری عەرەب)ەو لەدایکبوونی پەیامبەریش بەلە دایکبوونی عەرەبیزم ناودەبات، هەرئەو دیسان دەڵێت: (محەمەد بەرجەستەکەری هەموو عەرەبە، لێگەڕێن لەئەمڕۆشدا هەموو عەرەبێك ببێتە محەمەدێکی تر) ئەمەش کاتێك دەردەکەوێت کە عەرەبەکان لەیەك کاتدا هەم هەوڵی بەعەرەب کردنی کوردیانداوە هەم بەئیسلامکردنی گەر وردیش بینەوە هەمیشە بەعەرەبکردنەکەیان پێشخستووە. واتا لای ئەوانی عەرەب ئەوە گرنگتربووە کە کورد بکەنە عەرەب دواتر بیکەنە ئیسلام. نوسەر لێرەدا پەنای بۆ ڕابردوویەکی دوور بردووەو گەڕاوەتەوە سەر هەوڵی مێژوونووس‌و گەڕیدەو جوگرافیناسە عەرەبەکانی سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی‌و دواتریش کە یەکێك لەوانە (سەحیم کوڕی حەفس)ە ناسراوە بە (ئەبو یەقزان) کەلەسەدەی هەشتەمی زایینیدا ژیاوەو پێیوایە کوردەکان ( کوردی کوڕی عەمری کوڕی عامری کوڕی سەعسەعە)ن، دواتر ئەم هەوڵەی عەرەب بۆ ڕەچەڵەکی کورد دانە

پاڵی عەرەب بۆتەخولیای مێژوونووسە عەرەبەکان بەگشتی کەیەك لـەوان (مەسـعودی)یـە لە ئەبو یەقزانیش دوور تر ڕۆیوە بۆ ئەوەی تەواو ئامانجەکەی بپێکێ لـەوەی رەچـەڵەکی کورد بەرێتەوەو سەر عەرەب. ئەو دەڵێت: ( هەندێك لە کوردانی پاشتر، لەشارەزاکانیان– ئەوانەیان کەئێمە لەو وڵاتانەی ناومان هێنـان‌و بینیومـانن–لەسـەر ئـەوە دەڕۆن کەئـەوان لەبنەچـەی کـوردی کـوڕی مـەردی کـوڕی سەعـسەعەی کـوڕی حـەربی کـوڕی هـەوازنن)، لێـرەوە ئــەوەمان بــۆ دەردەکــەوێت کەپێــشتر لێیــدواین واتــا بــۆ ئــەوانی عــەرەب ئـەوەگرنگتربووە کـە کـورد بـەر لەئیـسلامبوونی عـەرەب بێـت ئەمـەش وەك سـیوەیلی ئاماژەی پێداوەو بەباشی ئامانجەکەی پێکاوە لـەوەوە هـاتووە کـە عەرەبـەکان هەمیـشە ترسی ئەوەیان هەبووە کەکورد بەلای هـەر دوو نەتـەوەی تـورك‌و فارسـدا بیـشکێنێتەوەو لەهـەر جووڵانەوەیەکدا دژی عـەرەب لایـەنی فـارس‌و تـورك بگرێـت، چـونکە عەرەبـەکان ئەوەیان زانیوە کەکورد بەزۆری شمشێر ئیـسلامی قبـوڵکردووەو پێیـان وابـوو کوردەکـان دەبنە ڕێگر لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا لەناوچەکە.

ئـەوەی جێگـەی سەرنجیـشە ئـەو مێژوونووسـانەی عـەرەب ئـەم رەچـەڵەکدانە پـاڵ عەرەبـەی کوردیـان وەك ئیمتیـازی گـەورە بـەکورد فرۆشـتۆتەوەو پێیـانوابووە بۆکـورد شـانازییە گـەر رەچـەڵەکی بچێتەوە سـەر عـەرەب، چـونکە عـەرەب خـاوەنی پەیامبـەرو قورئانی پـیرۆزو شارسـتانێتییەکی گـەورەترە لەهـەر نەتەوەیـەکی تـری ناوچـەکە. دواتـر ئەوەشمان بـیر نەچـێت ئـەو مێژوونووسـانە کاریـان بـۆ ئایندەیـەکی دوورتـر کـردووە کـە ئەتوانین بڵێین بۆ ئێستاش درێژبۆتەوەو ئەوان وایان زانیوە کەدراوسێیەتی ئێمـەو ئـەوانی عەرەب هەمیشەییە، بۆیە لەو کاتەدا بیریـان لەوەکردۆتـەوە کـە هـەموو رێگـەکان لـەکورد بگرن بۆ خۆجودا کردنەوە لەئەوانی عەرەب، نەتەوەو دیانەتیش دوو پایەی سـەرەکین بـۆ جـودا کردنـەوەی نەتـەوەکان. ئـەوان بـەزۆر ئیسلامەکەیان بەسـەر کـورددا سـەپاندووەو دواتـریش هـاتوون بەشـێنەیی‌و بەشۆڕشـێکی سـپی هـەوڵی گـۆڕینی رەچەڵەکەکەیـشیان داوین.

لەبەشـی دووەمـدا نوسـەر بـاس لەخۆبەعـەرەبکردنی کـورد دەکـات ئەمـەیان وەك مەترسییەك کـەکورد خـۆی جێبەجێکـەری پرۆسـەیەکی شـۆڤێنیزمی بـان عەرەبییـەو زۆر بەسادەو ساکاری چووەتە ژێرباری‌و شانازیش بەم خۆبەعەرەبکردنـەوە دەکـات، ئەمـەش

زیاتر لەخۆبەمەكزانیو شەرمنیو لاوازی تاكی كوردەوە هاتووە دواتر لەڕێگەی میرەكانی كوردو خوێندەوارو كەسایەتییە ئاینییەكانەوە تەعمیمكراوەتە سەر كۆی كۆمەڵگەی كوردیو ئەم جۆرە خۆبەكەمزانیو خۆبەعەرەبكردنو ریشە بردنەوە سەر عەرەب تائەمڕۆش بەجۆرو شێوەیتر درێژەی هەیەو یەكەمین هاندەرو هۆكاریشی مەسەلەی ئاینی ئیسلامە كەزۆر جار كەسایەتییە ئایینیو مەلاكان پێیان وابووەو وایە بۆ بوونە ئیسلامی راستەقینە دەبێت ریشەیەكی عەرەبیت هەبێتو بەو رێگەیەدا بڕۆیت یان خۆت بەعەرەب بزانیت خێرو بەرەكەتی ئاینی ئیسلامت زیاتر بەسەردا دەڕژێت. بەڕای سیوەیلی دوو مێژوونووسی دیاری كورد لەسەردەمی كلاسیكدا كەیەكەمییان، (شەرەفخانی بەدلیسی)یەو ئەوی تریشیان (مەلا مەحمودی بایەزیدیی)یە كەیەكەمیان واتا شەرەفخان لەسەدەی شازدەی زایینیو بایەزیدی لەسەدەی نۆزدەی زایینی ژیاون. لێرەدا شەرەفخان تەنیا بەوەوە نەوەستاوە رەچەڵەكی زۆر بنەماڵەو میری كورد بەرێتەوە سەر عەرەب بەڵكو ئەو مەیلی بەلای فارسدا هەبووەو پێیوابووە رەچەڵەكی زۆرێك لەبنەماڵە كوردەكان دەچێتەوە سەر فارسو ئێرانییەكانو درەختی بنەماڵەی بەدلیسی دەباتەوە سەر تەهماسبی كوڕی یەزگەردی بیستەم پاشای فارس. دیسان ئەو پێیوایە كەمیرانی هەكاریو هۆزی شامبو لەبنەماڵەی خەلیفەكانی عەباسینو میرانی جەزیرەش دەچنەوە سەر خالیدی كوڕی وەلید كەدیارە هەم خەلیفەكانی عەباسیو هەم خالیدی كوڕی وەلیدیش عەرەبنو لەوێشدا نوسەر سەرنجێكی وردی نوسیوە بەوەی كەخالیدی كوڕی وەلید نەگەیشتۆتە ناوچەكانی باكوری كوردستانو بەهۆی نەخۆشی تاعونیشەوە هیچ یەكێك لەنەوەكانی نەماون. پاشان بایەزیدی لەوەش زیاتر ڕۆییوەو سێسەد ساڵ دوای شەرەفخان دەڵێت(باناشكرا بێ لای بەڕێزان، قوتابیانو شارەزایانو بینەران كەئەم میللەتی كوردە لەكۆنا لەتیرەی عەرەبی بەدەوی دەشتەكییەوە هاتوون) هەر لەهەمان بانگەوازدا ئەو دەڵێت هەتا وشەی كوردستانیش نەبووەو خاكێكی چۆڵبووە لەنێوان ئێرانو خوراساندا. لەكاتێكدا ئەوە ئاشكرایە لای ئێمەیشو رۆژهەڵاتناسەكانیش كە لەساڵی (١١٥٠)ی زایینی بەدواوە لەلایەن سوڵتان سنجاری پاشای فارسەوە وشەی كوردستان هاتۆتە ناوجوگرافیای سیاسییەوە.

گەر لەم بەشە ورد بینەوە دوو شتمان بۆ دەردەکەوێت یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو ئەرکەی لەپێشتردا مێژوونووس‌و گەڕیدە عەرەبەکان گرتبوویانە ئەستۆ لەدوای سەدەکانی ناوەڕاستەوە ئیتر کورد خۆی دەیگرێتە ئەستۆو هەڵدەستێت بەپرۆسەیەك خۆی بەعەرەب دەکات، ئەمەش مانای ماڵیبوون‌و دەستەمۆبوونی کورد دەگەیەنێت. دووەمیان بۆچی هەمیشە مێژوونووسە عەرەب‌و کوردەکانی وەك شەرەفخان‌و بایەزیدیش هەوڵیانداوە رەچەڵەکی کورد بەرنەوە سەر خەلیفە یاخود شێخێکی گەورەی عەرەب یان بنەماڵەیەکی ناسراو؟ دیارە وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە کەدواتر شوناسێکی پیرۆزو خۆ بەگەورەزان بەکوردە خۆ بەعەرەبزانەکان بدرێت. ناکرێت تۆ بەکوردێك بڵێیت، تۆ نەوەی پیاوێکی عەرەبی پێست رەشی دانیشتووی (مەقادیشۆ)ی کەخەریکی خورما رنینە، چوون دەزانی ئەو قبوڵی نییە، بەڵام کەپێی دەڵێیت تۆ نەوەی عومەری کوڕی خەتابیت یاخود ئەبوبەکری سدیق یەکسەر ئەو قبوڵییەتی، بەتایبەت گەر ئەو کەس‌و بنەماڵەیەی خۆیان ئیسلامێکی سەرپەرگیربن یاخود شێخ‌و مەلابن. ئەم هەستە لەلای عەرەبەکان خۆشیاندا هەیە ئەوانیش هەمیشە هەوڵدەدەن بچنەوە سەر یەکێك لەخەلیفە دیارەکانی ئیسلام وەك چۆن سەدام بەشەست‌و سێ پشت خۆی گەیاندەوە پەیامبەری ئیسلام(د.خ) لەکاتی داگیرکردنی کوەیتدا.

هەر لەم بەشەداو لەژێر ناوی خۆ بەعەرەب کردنی هاوچەرخدا نوسەر باس لەو هەموو فێستیڤاڵ‌و کۆڕو کۆبوونەوانە دەکات کەلەهەرێمی کوردستاندا بۆ شاعیران‌و روناکبیرانی عەرەب سازدەکرێت کەیەك لەوانە هەردوو فێستیاڵە پڕ مەسرەف‌و دوو پەیکەرە گرانبەهاکەی جەواهیری شاعیربوون کەلەیەك کاتدا لەهەولێرو سلێمانیش سازدران‌و پەردە لەسەر پەیکەرەکانی لادرا. نوسەر ئەمانە بە شێواوی سایکۆلۆژی کوردی دەزانێت لەئاست ئەوی عەرەبداو پێیوایە ریشەیەکی خۆ بەکەمزانی‌و خۆ بەبچووکزانی تێدایە لەبەرامبەر عەرەبداو بۆ رازیکردنی دڵی عەرەب‌و ئەمەش خۆ بەعەرەبکردنێکی هاوچەرخانەیە، کورد خۆی هەڵدەستێت بەڕێکخستنی پرۆسەکەو عەرەب لەدوورەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکات‌و دواتر بەرهەمی پرۆسەکە دەچنێتەوە.

لەبەشی سێهەمدا باس لەهاتنی بەعس دەکات لەکۆمەڵگەی عێراقیداو چۆنێتی هەڵسوکەوتی ئەو حزبە لەگەڵ کورددا دوای وەرگتنی دەسەڵات، وشەی بەعس واتا

هەستانەوە یاخود ژیانەوە، لەپرۆگرامی بەعسدا نوسراوە زەوی باوو باپیرانی عەرەب یەکەیەکی سیاسیو ئابوری دابەشنەکراوە. روانینی بەعس بۆ مێژووی عیراق جێگەی سەرنجە کاتێك سەدام دەڵێت( ئێمە پێویستیمان بەوە نییە مێژوو تەزویر بکەین، یان دروستیبکەین لەپێناوی ئەوەی خوێندنەوەیەکی بەعسییانەی بۆ بکەین، بەڵکو پێویستیمان بەوە هەیە بەشێوەیەکی بەعسییانە لێی تێبگەین.) بەعس لەسەر بنەمایەکی زۆر شۆڤێنییانە لەکوردی روانیوەو نەك هەر هەوڵی بەعەرەب کردنی نەداوە بەڵکو نەشوناسی ئیسلامی بەکورد رەوابینیوە نەلێش گەڕاوە کورد شوناسی عەرەبیو ئیسلامی هەڵبژێرێت. نوسەر پێیوایە بەعس هەوڵیداوە ئەو شوناسە ئیسلامییەی لەسەدەکانی پێشووترو ناوەڕاستدا گەڕیدەو مێژوونووسە عەرەبەکان داویانەتە کوردو رەچەڵەکی کوردیان گەڕاندۆتەوە سەر عەرەب ئەو جارێکیتر لەکوردی وەرگرێتەوەو لەپرۆسەی هێنانەوەدا واتا وەك ئەوەی مرۆڤێکی نەخۆش بڕشێتەوە بەعسیش دەیەوێت گەدەی عەرەبو نیشتمانەکەی لەکورد خاڵیکاتەوە. ئەم هەوڵەی بەعسیش وەك هەوڵەکانی پێشووتر بۆ نەهێشتنی شوناسێکە بەناوی کورد بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە بەعس نەك هەر ویستی شووناسی کوردبوون لەئێمە وەرگرێتەوە بەڵکو ئەو ئینسانبوونی پێڕەوا نەدەبینین. ئەو وەك مەسعودیو ئەبو یەقزان بەوەوە نەدەوەستا بمانکاتە ئیسلامو دواتر عەرەب، بەڵکو ئەو پێی شەرمبوو کورد شوناسی عەرەبو ئیسلامی وەرگرێت، چونکە کاری یەکەمی بەعس خاوێنکردنەوەی عیراقو نیشتمانی عەرەب بوو لەغەیری عەرەب کەکورد یەکێك بوو لەو غەیرانە.(بەعسیزم ئەو سیستەمەیە کەبوونی کورد لەناو جەستەی کۆمەڵگا سیاسییەکەیدا وەکی هۆکارێکی نارەحەتکەرو شێوێنەر تەماشا دەکاتو لەوێشەوە وێنەی بێگانەیەکی پێدەبەخشێت کەلەڕووی سیاسییەوە دەبێت بەدووژمن).

بەشی چوارەم تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر ئەوەی کەبەعس وێنای دوژمن دەداتە کوردو شوناسی عەرەبیانەی ناداتێ، واتا پێچەوانەی پێشووتر لەبەعسەوە کورد وەك دوژمن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، دوژمنێکی مەترسیدار بۆ عەرەبو بۆ ئیسلامیش بۆیە بەبڕوای بەعسییەکان واباشە ئەم دوژمنە لەبەین چێتو نەمێنێت بەتایبەت ئەوان پێیان

وابووه کەعیراق زەوییەکی عەرەبییەو بۆ کەسیتر نییە لەسەری نیشتەجێبێتو دەبێت عەرەبەکان لەولاتی خۆیاندا سەر گەورەبن. ئەم وێنەی دوژمندانە بەغەیری عەرەب لەلایەن بەعسەوە تەنیا کوردی نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئێرانییەکانو جولەکەشی گرتۆتەوە، خەیروڵلا تولفاحی خاڵو خەزوری سەدام کتێبێکی لەناوەڕاستی هەشتاکان نوسیوە بەناوی ئەو مەخلوقانەی دەبوو خودا نەی خوڵقاندنایە (مێشو جولەکەو فارس) لای خەیروڵلای بەعسی جولەکەو فارسیش دوو نەتەوە یاخود دوو مەخلوقن وەك مێش وان هیچ سوودێکیان نییەو دەبوو خودانەی خوڵقاندنایە، بۆیە ئەرکی بەعس ئەوەبووە کە ئەو دوو نەتەوەیەش لەناوبەرێت. بەڵام لەناوبردنی ئەم دووە وەك لەناوبردنی کورد نەبووە، چونکە لای بەعس کورد ئەو دووژمنە خاوەن چەكو جبەخانەیە نییە کە راستەخۆ شەڕی لەناوبردنی بکەیت، لەکاتێکدا فارسو جولەکە خاوەن دەوڵەتو چەكو جبەخانەنو دەکرێت بەشەڕو هێزی سەربازی لەناوبرێن، بەڵام کورد بەشێوازیتر.

یەك لەو مێژوو نوسانەی بەعس دکتۆر ناجی مەعروفە، کەزۆر بێشەرمانە لەکتێبی **(عروبة العلماء المنسوبين الي البلدان الاعجمية في بلاد الروم والجزيرة وشهرزور و اذربيجان)** نکۆڵی لەشتێك دەکات ناوی کورد بێت لەجوگرافیای عیراق بەتایبەتیو ناوچەکە بەگشتیو دەیەوێت بیسەلمێنێت کە کوردەکان بەڕەچەڵەك هەموو عەرەبنو پێویستە هەر لەشوێنی خۆیان بمێننەوە، بەڵام دەبێت رەچەڵەکی ئەوان ساغکرێتەوە، واتا بەتوندی لەوە ئاگاداربکرێنەوە کەئەوان عەرەبن نەك کورد، لێرەیشەوە دەگاتە ئەوەی کە ئەگەر بەعس پرۆسەی تەعریبیش لەناوچە نەوتییەکان پیادە نەکات هێشتا رێژەی عەرەب لەکورد زۆرترە. دواتر مەعروف بەتوندی هێرش دەکاتە سەر مێژوو نوسی گەورەی کورد (مەلا جەمیلی رۆژبەیانی) خوا لێخۆشبوو دەڵێت: وەرگێڕانی شەرەفنامەی شێواندووەو ئەوەی شەرەفخان نوسیوێتی مێژووی بنەماڵەو مێرنشینە بەڕەچەڵەك عەرەبەکانەو رۆژبەیانی دەیەوێت بیانکاتە کورد، واتا بەبۆچوونی شۆڤێنییانەی مەعروف بەدرێژایی مێژوو تائێستاش واتا ساڵی نوسینی کتێبەکەی(١٩٧٨) نەتەوەیەك نەبووە بەناوی کورد، زۆریش

پێداگره لەسەر ئەوەی کەڕەچەڵەکی میرانی سۆران‌و بادینان‌و بۆتان‌و زۆرێك لـەهۆزەکانی کوردیش دەچێتەوە سەر پیاو چاکێکی عەرەب یاخود هۆزێك.

لەبەشی پێنجەمدا کەدوا بەشە باس لەو میراتە دەکات کە بەعس بەتایبـەتی‌و عـەرەب بەگشتی بۆ تاکی کوردی جێهێشتووە میراتێـك کـە بەتـەواوبوونی خـودی کـوردی کۆتـایی دێـت، بـەعس فێـری دەسـتەمۆ کـردن‌و خۆبەدەسـتەوە دان‌و لەبیرچـوونەوەو فـەنابوونی کردوین‌و ئـەوەش وایلێکـردوین هەمیـشە حـەزمان لەیـەك پارچـەیی عـیراق بێـت‌و خۆمـان بـەعیراقی بـزانین‌و بـەخێرایی بـەرەو بەغـداد راکـەین‌و لـەدروشمی چـارەی خۆنوسـینەوە یەکسەر بەقەڵەم بازێك بگەینە ئۆتۆنۆمی‌و دواتر مافێکی فەرهەنگی سەرەتایی یاخود هەر هێندەیە دەسەڵاتێکی یەك لەشارەکانمان بدەنێ. بەکورتی ئەم کتێبـە لەیـەك کاتـدا بـاس لەهـەوڵی عـەرەب دەکـات بەگرتنەبـەری چـەندین رێگـا بـۆ بەعـەرەبکردنی کـورد هـەر لەسەرەتای فەتحی ئیسلامییەوە تائەمڕۆو، هەوڵی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عـیراق بەتایبەت بەعس بۆ راهێنان‌و دەسـتەمۆکردنی کـورد بـەوەی کەچارەنوس‌و بەرژەوەنـدی لەگـەڵ براگـەورە عەرەبەکانیایـەتی لەعیراقـداو ئـیتر چ پێویـست بەجیابوونـەوەو دروسـتکردنی دەوڵـەتێك دەکـات کەهـەر چـوار دەوری دوژمـن بێـت. دواتـر لـەو بـارە سایکۆلۆژییە شێواوەی کـورد دەدوێـت کـە دیـسان ئـەویش لەسـەرەتاوە تائـەمڕۆ لەگـەڵ کورددا هاتووەو کورد هەمیشە خۆ بەکەمزان‌و کەمتەرخـەم بـووە لەئاسـت مەسـەلەکانداو سـەرەتا ئـاینی ئیـسلامی وەرنـەگرتووەو دواتـر کەوەریـشی گرتـووە لەعەرەبـەکان زیـاتر خزمەتی ئیسلامی کـردووە لـەنێوان هـەردوو ئیمپراتۆریـای عوسمـانی‌و سەفەوییەکانیـشدا نەیتوانیوە ئایین بەسودی خۆی بەکاربێنێت, لەدوای دروستبوونی دەوڵـەتی عیراقیـشەوە هەمیشەو لەکاتی رووخانی هەر حکومەتێکدا کورد لەعەرەبەکان زیاتر عیراقی بووەو خۆی بەئـەوانی عەرەبـدا هەڵواسـیوەو ئـەوانیش هەمیـشە بەدەسـتی بـەتاڵ کوردیـان رەوانـەی چیاکان کردۆتەوە. لەئێستاشدا هەمان شێوەی جاران کورد زۆر عیراقییەو لەعەرەب زیاتر بەتـەنگ بنـەبڕکردنی تیرۆرەوەیـەو لـەوان زیـاتر مانـدووە بەهەسـتانەوەی حکومەتـەوەو لەوانیش زیاتر هەوڵی پەیداکردنی دۆست‌و پشتیوان دەدات بۆ حکومەتی عیراقـی‌و حـەزی

بەوەیە عیراق هەڵنەوەشێتەوە، دەیەوێت عیراق بەهێزبێتەوە، وادەزانێت عیراق هەنگی ناو کۆلکەدارەو کورد هەنگوینەکەی بەردەکەوێت. بەڵام وەك نوسەری ئەم کتێبە باسیدەکات عیراق هەر قەفەسە ئاسنینەکەیەو ئێمەش هەر دەبینەوە باڵندە دیلو یەخسیرەکەی ناو ئەو قەفەسەی کەئێستا کورد خۆی خەریکی چاککردنەوەو تەعمیر کردنەوەیەتیو دواجار رەنگە تامو چێژی ئەم قەفەسە نوێیە لەوانەی پێشووتر نەچێت. خوێندنەوەی ئەم کتێبە تەنیا بۆ تێگەیشتن نییە لەعیراق وەك قەفەس یان زیندانێکی ئاسنین بۆکورد، بەڵکو لەبەرئەوەش پێویستە کە لەوە تێبگەین کورد بۆچی وادەکاتو عەرەب لەکەیەوە خەریکی دروستکردنی هەستێکی وایە لەناو کورددا کەسەرباری کۆمەڵکوژی لەشێوەی ئەنفالو کیمیابارانو گۆڕی بەکۆمەڵ هێشتا خۆی بەعیراقی بزانێتو شەیدای قەفەسی ئاسنین بێت.

*ئەم کتێبە لەچاپکراوەکانی چاپخانەی رەنجە ساڵی(٢٠٠٣).

# تراژیدیای عەشق و فەرامۆشی،

## لەدوو چیرۆکی هاوشێوەو تێکچڕژاوی رۆمانێکدا

خوێندنەوەی: چنور محەمەد




لەرۆمانی (باڵندەکانی دەم با)ی، عەتا نەهایی، چیرۆکنووسی کوردستانی رۆژهەڵاتدا، خوێنەر دوو چیرۆکی تێکەڵی دوو کەسایەتی هاوشێوە، یاخو د نیمچە هاوشێوەی سەرەکی تێکستەکە دەخوێنێتەوە، کە وەك گێڕەرەوەی سەرەکی رۆمانەکە، لەیەکێك لەلاپەڕەکانی دەقدا ئاماژەی پێداوە، گێڕانەوە یاخود نووسینی چیرۆکی یەکەمیان، واتە چیرۆکی (میهرەبان) گرێدراوو وابەستەیە بەنووسین و گێڕانەوەی چیرۆکی دووەمەوە، واتە چیرۆکی (فەرهاد). دیارە چیرۆکی یەکەم، کە گێڕەرەوەی دەق و نووسەری رۆمانەکە هەڵدەستێت بەگێڕانەوەی، بریتییە لەچیرۆکی (میهربان)ی چیرۆکنووس، کە پاش ساڵانێك ژیان لەغوربەت و تاراوگە، گەڕاوەتەوە زێدو شارەکەی خۆی و دەبینێت زۆربەی شوێنەکان ودیاردەکان و تەنانەت هاوڕێ و کەسە نزیکەکانیشی بەتەواوەتی گۆڕاون، ئیدی هەر لەمردنی (میرزا سەعیدی میهرەبان)ی باوکی و چۆڵبوون و کاولبوونی خانووە گەورەکەی جارانی خۆیانەوە بیگرە، تاکو دەگاتە رووداوی خۆکوشتنی تراژیدیانەی (ئەفسانە)ی خۆشەویستی، بەشێکی زۆری شوێنەکانی شارو کەسە نزیکەکانی گۆڕاون و نامۆ دێنە بەرچاوی ئەم کاراکتەرە.

هەروەها چیرۆکی دووەمیش، چیرۆکی ژیانی (فەرهاد)ی عاشق و شێوەکارو راوەدوونراوی زانکۆیە، کە لەناو رۆمانەکەدا (میهرەبان)ی چیرۆکنووس و کاراکتەری سەرەکی چیرۆکی یەکەم، چەند رۆژێك پاش گەڕانەوەی لەمەنفاوە، بڕیاری نووسینی

دەدات، هەڵبـەت (میهرەبـان)ی چـیرۆکنووس بەمەبەسـتی زیندووکردنـەوەو ژیاندنـەوەی بەشـێك لـەژیانی هەنووکـەی (کـە لـەناو رابـردوو دایـە) و پاشـان (میهرەبـان) لەترسـی فەرامۆشکردنی دیوەکەی تری چیرۆکی ژیانی، کە لـەڕابردوودا تێیـدا ژیـاوە، پـەنا دەباتـە بـەر نووسـین و گێڕانـەوەی چـیرۆکی کەسـایەتییەکی تـر، کـە یـەکجار هاوشـێوەی ئـەو چیرۆکەی ژیانی رابردووی خۆیـەتی کـە خەریکـە بەیـەکجاری لـەیادو فەرامۆشـی دەکـات، لێرەوە ئەم کاراکتەرە دەیەوێت لەڕێگای (گێڕانەوی چیۆکییەوە، السرد القصصي)، چنگ لەو بەشەی ژیانی رابردووی خۆی گیر بکات، کە خەریکە لەیادەوەرییەکانیـدا بەتـەواوەتی کاڵبێتـەوە، هەربۆیـە لەڕۆمانەکـەدا (میهرەبـان) چـەند رۆژێـك پـاش گەڕانـەوەی خـۆی لەخانووە چۆڵ و نیمچە کاولەکـەی جارانیانـدا گۆشـەگیردەکات و پـاش مـشتومڕێکی زۆر لەگەڵ گێڕەرەوە یاخود نووسەری رۆمانەکەدا، بەسەر دوو دڵییەکەیدا زاڵدەبێت و بڕیـاری نووسین و گێڕانـەوەی چـیرۆکی عەشـقی ناکـام و تراژیـدی ئـەو کـوڕە گەنجـە شـێوەکارە دەدات کە ناوی (فەرهاد)ەو لەبارودۆخێکی نالەبارو تراژیـدیی سـەردەمی (شـا)دا ژیـاوەو عەشق و هونەرو خوێندن و سیاسەت بریتیبوون لەسەرقاڵییەکانی ژیانی..

دیارە لەزەمەنی نووسینی چیرۆکەکەیدا (فـەرهاد) جگـە لـە تـەرمێکی زینـدوو هیـچیتر نییـە، کـە لـەژوورێکی بەدووکـەڵ سـواخدراوی حەسـارو مـاڵێکی نیمـچە کاولـدا خـۆی گۆشـەگیرکردووەو توانـای قسەکردنیـشی نـەماوە، بەمانایـەکی تـر (فـەرهاد) دوای لەدەستدانی عەشقی کاڵێ و پاش ساڵانێك زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان، چیدی مرۆڤێکی ئاسایی نییـە، بـەڵکو دووچـاری فەرامۆشـکردنی هـەموو شـتێك بـووەو بەیـەکجاری ژیـانی هەنووکەی خۆی و چیرۆکی ژیانی رابردووی خۆشی لەیادو ونکردووە.

***لێکچوونی رووداوو کاراکتەرەکانی هەردوو چیرۆکەکە:**

گەرچـی ئـەو دوو چـیرۆکە سـەرەکییەی نـاو رۆمـانی (باڵنـدەکانی دەم بـا) کـە ئێمـە لەسەرەوە تـا ئەندازەیـەك بـەجیا تیـشکمان خستەسەر، دەکرێت وەك دوو تێکست کـە دواجـار دەبنـە سـێبەری یـەکتری راڤـەبکرێن، یـاخود وەك دوو چـیرۆکی هاوشـێوە بخوێنرێنەوە، بەڵام هەرگیز نووسەر لـەپانتایی رۆمانەکەیدا جیـای نەکردوونەتـەوە، واتـە نووسەر لەبونیادی تێکستەکەیدا بەجیا هیچ بەشێکی رۆمانەکـەی تـەرخان نـەکردووە بـۆ گێڕانەوەی یەکێك لەو دوو چـیرۆکە، بـەڵکو لەگـەڵ بەرەوپێشـچوونی رەوتـی گێڕانـەوەدا،

نەك هەر ڕووداوو بەسەرهاتەکانی ناو هـەردوو چیرۆکەکە تێکـەڵاو دەبن، بـەڵکو تەنانـەت لەکۆتایی ڕۆمانەکەشدا، پاڵەوانەکانیان دەبنە دوودیوی هاوشێوەی یـەکتری، یـان راسـتتر دواجـار (میهرەبـان)ی چـیرۆکنووس و (فـەرهاد)ی شـێوەکار دەبنـە هـەمان کەسـایەتی تراژیـدی رۆمانەکـەو وەك یـەکیان لێـدێت، لێـرەوە گـەر بـەوردی لەتـەکنیك و شـێوازی نووسینی ئەم رۆمانە رامێنین، هـەرزوو پـەی بـەوە دەبـەین، کـە نووسـەر لـەناو پانتـایی چـیرۆکی سـەرەکی تێکـستەکەیدا، یـان راسـتتر لـەناو شـێوازی گێڕانـەوەی چـیرۆکی (میهرەبان)دا، پشت بەشێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی تـری نـاو رۆمانەکـە دەبەسـتێت، دیارە هەریەك لەو چیرۆکانەش جگە لەگێڕەرەوەی سەرەکی دەق، کاراکتەرێکی رۆمانەکە یان زیاتر هەڵدەستێت بەگێڕانەوەیان، بەکورتی (عەتای نەهایی) بۆ نووسینی ئەم رۆمانـە پـشتی بەوتەکنیکـە بەسـتووە، کـە پێـی دەوترێـت تـەکنیکی (چـیرۆك لـەناو چـیرۆك)دا، بەدەربڕینێکی دیکە لەپانتایی گشتی رۆمانەکـەدا جگـە لەچیرۆکی تراژیـدی (میهرەبـان-ئەفسانە)و چـیرۆکی (فـەرهاد-کـاڵێ)، کـە بەشـێوەیەکی گـشتی لەهـەردوو چـیرۆکەکەدا، نووسەر باس لەدۆڕاندنی گەمـەی عەشـق و چارەنووسـی تراژیـدی هەرچـوار کاراکتـەرەکـە دەکات، خوێنەر لەڕەوتی گێڕانەوەدا ئاشنای چیرۆکی کاراکتەرگـەلێکی دیکـەی رۆمانەکـە دەبێـت، کـە زۆربـەیان چارەنووسێکی تراژیـدیان هەیـە، وەك چـیرۆکی عەشـقی تراژیـدی (برایمۆك و پەریخان)و چیرۆکی ئەو کچە شاعیرە گەنجە کـە نـاوی (لـەیلای تـەلوعی)یـەو، لەعەشق و خۆشەویستی بێئاکامیدا، بۆ (میهرەبان)ی چیرۆکنووس، بەدوای وێنـەی باوکـە کوژراوەکەیدا دەگـەڕێت، هـەروەها چـیرۆکی چارەنووسـی تراژیـدی ژیـانی هاوسـەرییەتی (ناسـری و ئەفـسانە) کـە دواجـار بەخۆکوشـتنی (ئەفـسانە)و تێکـچوون و شـێتبوونی هەمیـشەیی (ناسـری) کۆتـایی دێـت و لـەڕەوتی رۆمانەکـەدا (جـەلالی) بـۆ میهرەبـانی دەگێڕێتەوە، هەڵبـەت دواتـر ناکرێـت ئامـاژە بەچـیرۆکی تراژیـدی هـەموو ئـەو پیاوانـەش نەدەین کـە سـەردەمێك بەتێکۆشـان و دابڕانیـان لـەماڵ و بنەماڵـەو زینـدان و ئەشـکەنجە ویستبوویان دنیا بگۆڕن و نەیانتوانیبوو بیگـۆڕن! خوێنـەر لەبەشـی یەکـەمی رۆمانەکـەدا لەڕێگای کتێبی بیرەوەری (رۆچنەیەك لەتاریکیدا) کە (میهرەبان) دەیـەوێت بیخوێنێتـەوە ئاشنای ئەم چیرۆکە دەبێت، بەکورتی وەك گێـڕەرەوەی سـەرەکی دەق دەڵێـت، کـەوەك کاراکتـەرێکی بێنـاو، یـان راسـتتر وەك تارماییـەك دەردەکـەوێت کـە بـاڵی بەسـەر رودا‌وو

کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەدا کێشاوە، ئەم ڕۆمانە چیرۆکی هەموو ئەو کەسایەتییانەیە کە لەڕۆمانەکەدان، چیرۆکی هەموو ئەو عەشقە دۆڕاوانەیە، کە عەشقی دۆڕاوی گێڕەرەوە، یاخود نووسەری دەقبوون.

***گێڕانەوە، شکستی عەشق و فەرامۆشی لەڕۆمانەکەدا:**

(ئەوانەی ژیانیان دۆڕاندووە، لەپێشدا گەمەکانیان دۆڕاندووە، گەمەی خۆشەویستی و!...) ل٣٦ی ڕۆمانەکە.

بێگومان پانتایی گێڕانەوە لەم تێکستە سەرنجڕاکێشەدا، چەندە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، جەخت لەسەر چارەنووسی تراژیدیانەی عەشق و دۆڕاندنی گەمەی، خۆشەویستی و دواجاریش دۆڕاندنی گەمەی ژیان بەگشتی دەکاتەوە، لەلای هەردوو کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، هێندەش بەشێوازێکی پەردەپۆشکراو باس لەو دۆخە سایکۆلۆژییە خامۆش و ترسناک و بێدەنگە دەکات، کە لەشێوەی (فەرامۆشی)دا دووچاری هەردوو کاراکتەری سەرەکی دەق (فەرهاد)ی شێوەکارو، (میهرەبان)ی چیرۆکنووس دەبێت، بەڵام داخۆ ئەو جیهانە سپی و خامۆشە چییەو تا چ ئەندازەیەك ترسناکە، کە پاش دۆڕاندنی گەمەی عەشق و شکستی خۆشەویستی، چارەنووسی ئەم دوو کاراکتەرە لەهەناوی تاریکی خۆیدا وندەکات؟ ئایا دەشێت ڕێگایەك هەبێت کە مرۆڤ بیگرێتەبەر تاکو لەم دۆخە سایکۆلۆژییە ڕزگاری بێت، کە لەناویدا ژیان و بوونی لەیادو ون دەکات، بەتایبەتی وەك لەحاڵەتی (فەرهاد)ی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەی (میهرەبان)دا بەڕوونی دیارە؟! گەرچی هێشتا زانستی پزیشکی دەرونشیکاری نوێ بەتەواوەتی نەیتوانیووە پەی بەجیهانی سپی و خامۆشی (فەرامۆشی ) بەرێت، بەڵام ئەم زانستە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە (فەرامۆشی) بریتییە لەنەخۆشییەکی سایکۆلۆژی، کە تیایدا کەسی تووشبوو توانای هیچ جۆرە یادەوەرییەکی نامێنێت، لەهەمانکاتیشدا ناتوانێت پێشبینی ئەوە بکات کە پێویستە لەچرکەساتێك لەچرکەساتە هەرەنزیکەکانی داهاتوودا دەبێت چی بکات.. مەترسی ئەم دۆخە سایکۆلۆژییە هەر ئەمەندە نییە، بەڵکو وەك لەحاڵەتی (فەرهاد)ی کاراکتەری ئەم تێکستەدا دەبینرێت، مەترسییەکە لەوەدا نییە کە (فەرهاد) ژیانی خۆی، یان ڕاستتر بەشێك لەژیانی خۆی فەرامۆش کردووە، بەڵکو مەترسییەکە لەوەدایە، کە ئەم کاراکتەرە نازانێت ئەو بەشەی ژیانی کە ونیکردووە چییەو

کامەیە، یاخود چەندە؟! واتە فەرهاد لەڕۆمانەکـەداو دوای تووشـبوونی بـەم نەخۆشـییە، نازانێت کە ئـەو لـەڕابرووداشـێوەکارێکی عاشـق یـاخود خوێنـدکارێکی راوەدوونـراو بـوو، لەمەش ترسناکترە ئەم کاراکتەرە پاش ئەو هەموو عەشقەی بۆ (کاڵێ)، تەنانەت نازانێـت عەشـق چییە! یـان نازانێـت وێنەکێشان چییە، گەرچـی ئـەو لەسـەرەتای گرتنەکەیـداو لـەوەڵامی جەلادەکانیـدا گوتوویـەتی مـن پیـشەم نەقاسـە!. بەهەمانـشێوە نووسـەری چـیرۆکەکەی (فـەرهاد)یـش، لەڕۆمانەکـەدا پـاش بیـستنی ئـەو چارەنووسـە تراژیدییـەی (ئەفسانە)ی خۆشەویستی، لـەدەمی (جـەلالی) هاوڕێیـەوە، واتـە (میهرەبـان)یـش پـاش ئەوەی دەزانێت کـە (ئەفـسانە)، ئیـدی دووچـاری ئـازارێکی گـەورەی ویـژدانی دەبێـت و دواجاریش وەك (فەرهاد)ی کەسییەتی ناو چیرۆکەکەی دووچاری فەرامۆشییەکی ترسـناك و کوشندە دەبێت، لەکۆتایی رۆمانەکەشدا وەك ئاماژەی پێدراوە، هەریـەك لـە (فـەرهادو میهرەبان) لەسەرەتای توشبوونیاندا بەم نەخۆشییە، ناتوانن درێژە بەکارەکـەیان بـدەن، واتە وەکچۆن (فەرهاد) توانای کێشانی دواهەمین تابلۆی خۆی نابێت و وەك جیهانە سـپی و کپەکـەی (فەرامۆشـی) دوا تـابلۆی خـۆی بەسـپیەتی بەجێـدەهێڵێت، بەهەمانـشێوە (میهرەبان)یش پاش ئەوەی لەنەخۆشخانە بێتە دەرو، دەیبەنە ماڵی (مونیرە)ی خوشکی، چـیرۆکەکەی بـۆ تـەواو ناکرێـت و بەدرێـژایی ئـەو سـەردەمە پـاش بیـستنی چـیرۆکی خۆکوشـتنی (ئەفـسانە)ی خۆشەویـستی، هــەر لەسـپییەتی کاغـەزەکانی بـەردەمی دەڕوانێت!.. بەڵام وەك لەسـەرەوە پرسیمان ئایا رێگایـەك هەیـە کـە بـەر لەهەڕەشـەی کوشندەی فەرامۆشی بگرێت؟ سـەرەکیترین شـێوازێك کـە دەروونـشیکارەکان بەگـشتی و (فرۆیـد) بەتایبــەتی، پــەیڕەوییانکردبێت، بــریتی بــووە لەپرۆســەی بەقــسەهێنانی نەخۆشەکانیان، واتە دەرونشیکارەکان بۆ بەرگرتن لەمەرتسی کۆشندەی فەرامۆشـی وەك یەکەمین هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە سایکۆلۆژییە، هەوڵیانداوە کە سی توشبوو ناچار بکەن لەڕێگای قسەکردن و بەکارهێنانی زمانەوە بەشێك لەژیانی خـۆی بگێڕێتـەوە، لێرەوە پرۆسەی گێڕانەوە لـەڕێگای بـەکارهێنانی زمانـەوە دەکرێـت شـێوازێکی سـەرەکی بێت بۆ چارەسەرکردنی ئـەم نەخۆشـییە، چـونکە بـەهۆی گێڕانـەوەوە زەمـەن لەهەرسێ دۆخەکەیدا، جارێکی دیکە بەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە دەردەکـەوێت، بەمانایـەکی دیکـە بـوونی مـرۆڤ مرۆڤـی تووشـبوو بەنەخۆشـی فەرامۆشـی، دەکرێـت سـەرلەنوێ لەتـەواوی

بیرەوەری و خۆزگەو بیرکردنەوەو فەنتازیاکانییەوە، لەچوارچێوەی زماندا وەك ئامرازێك بۆ گێڕانەوە دەردەکەوێت، دیارە حاڵەتی قسەنەکردن و لەگرێژنەچوونی زمان وەك ئامرازێك بۆ قسەکردن و گێڕانەوە لەلای هەردوو کاراکتەرە سەرەکییەکەی ئەم رۆمانە پاش دووچاربوونیان بەم نەخۆشییە، وەك سەرەتا لەدوو شێوازی جیادا دەبینرێت. بێگومان شێوازی یەکەمیان لای (فەرهاد) لەرێگای بەجێهێشتنی دواهەمین تابلۆیەوە بەسپییەتی گوزارشتی لێکراوەو دیارە لەلای (میهرەبان)یش بەجێهێشتنی دواهەمین لاپەڕەکانی چیرۆکەکەی بەسپییەتی گوزارشت لەسەرەتای لەگرێژنەچوونی زمان دەکات لەلای ئەم کاراکتەرە، وەك هۆکارێك بۆ دەربڕین و گێڕانەوە.

رۆمانی باڵندەکانی دەم با، عەتا نەهایی، نشرژیار، تهران، ١٣٨١.

# وەرگێڕان

(خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ژیانی)جۆرج ئۆروێل

و. رەزا مەنو چەهری

کۆترەکەی باتریک زۆسکیند

لەعەرەبییەوە: کەریم مەلا

دوو تەنزە چیرۆک

وەرگێرانی بەدەستکارییەوە: تۆفیق عەبدول



# خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ژیانی (جۆرج ئۆروێڵ)

## بەبۆنەی سەدەمینساڵیادی لەدایکبوونییەوە



نووسینی: جان بانویل
و .بۆ فارسی: شەهرزاد لەولاچی
و. بۆ کوردی: رەزا مەنوچەهری

جۆرج ئۆروێڵ لەوەسیەتنامەکەیدا نووسیبووی: نابێت هیچ ژیاننامەیەکی لەسەر بنوسرێت یان بڵاوبکرێتەوە، بەڵام ئۆروێڵ یەکێك لەکەسایەتییە زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەم بووە،

لەڕاستیدا ئۆروێڵ حەزی لەژیاننامە نەدەکرد، لە ١٩٤٠دا بەخزمەتکارەکەی گوتبوو، بۆخۆی تەنها کەسێکە کە دەتوانێت هەموو راستییەکانی ژیانی خۆی بنووسێت. بەبڕوای یەکێك لەنوێنەرەکانی (ئاشناکانی) رێگریکردن بۆ نووسینی ژیاننامە، کە لەوەسیەتنامەکەیدا ئاماژەی پێکراوە نیشانەی ئەوەیە کە ئۆروێڵ دەترسا زێدەڕۆیی و گەورەکردنەوە لەژیاننامەکەیدا بکرێت، یان ژیاننامەکەی زۆر سەرسوڕهێنەر بێتە بەرچاو.

هێشتا شێی کفنەکەی وشك نەببۆوە (ئۆروێڵ لە ١٩٥٠دا ماڵئاوایی لەژیان کردووە) کە یەکەمین رەخنە لەنووسینەکانی دەستیپێکرد، رەخنەکان بەزۆری لەلایەن ئەو کەسانەوە بوون کە دۆست و هاوڕێ، یان کەسانی نزیکی بوون و پەیوەندیی تایبەتییان لەگەڵیدا

هەبووە، هـەموو رەخنـەگرەکان لەنووسـینەکانیاندا روانینێکیـان بـۆ سـەر ژیـانی ئۆروێـڵ هەبووە یان هەندێك بۆچـوون و مەزەنـدەیان لەسـەر ژیـانی هـەبووە، بـۆ نموونـە لەسـاڵی ١٩٧٢دا (پـیتر ئەستانـسکی)و (ڤیلیـام ئابراهـامز) ژیاننامەیـەکی دوو بـەرگییان بـەناوی (ئۆروێڵی نەناسراو) بەچاپگەیاند. ئەو بابەتە بووە هۆی ئەوەی کە ژنەکەی ئۆروێڵ خاتوو (سـۆنیا ئۆروێـڵ) وەسـیەتنامەکەی ئۆروێـڵ رەچـاونەکات و کەوتـە هـەوڵی لەچـاپدانی ژیاننامەی فەرمیی مێردەکـەی و کەسـێکی بـەناوی (بـەرنارد کریـك) راسـپارد بەنووسـینی ژیاننامەی ئۆروێڵ و لەئەنجامدا ئە وکتێبە لە ساڵی ١٩٨٠دا بەچاپ گەیشت، پاش مـەرگی سۆنیا ئۆروێڵ یەکێك لـەکارگێڕەکانی جـۆرج ئۆروێـڵ بـەناوی (مـارك همیلتـۆن) کەسـێکی بەناوی (مایکڵ شلدۆن) راسپارد تاکو ژیاننامەی جۆری ئۆروێڵ بنوسێت و لەئاکامدا ساڵی ١٩٩١ ئەو ژیاننامەیە لەچاپدرا.

بەشداربوویەکی دیکە بۆ پێشبڕکێ لەنووسینی ژیاننامەی ئۆروێڵدا (جفری مەیرز) بوو، مەیرز ژیاننامەی زۆرێك لەکەسایەتییە ناودارەکانی گۆڕەپانی ئەدەب و هونەری نووسیوە، لەسـاڵی ١٩٧٢دا کتێبێکـی بەناونیـشانی (ناسـاندنی جـۆرج ئۆروێـڵ) بڵاوکـردەوە، لـەو کتێبـەدا وەك کەسـێکی وشـیار بـوو لەزسـتانی جیلێکـدا ئامـاژە بـەئۆروێڵ کـراوە، ئـەوە ناونیشانی دووەمی ژیاننامەکەیەو لەئاگاداری پرسەنامەی (ڤی، ئس، پریچت) وەرگـیراوە. ئەو ژیاننامەیە هەوڵدان و توێژینەوەیەکی بەرفراوانە دەبـارەی پێکهاتـەی دەروونناسـانەو سێکسی ئۆروێڵ. لەو ژیاننامەیەدا ئۆروێڵ وەك کەسێکی ئازارچێشتوو نیـشاندەدرێت کـە خـوو و تایبەتمەنـدی تاکەکەسـی ئـەو نیـشانەیەکە لەحـەزکردن بـۆ  بـۆ راڕاییبـوون کـە لەڕاستیدا حەزێك بوو بۆ وێرانکردنی خودی خۆی.

لەڕاستیدا تێکڕای ژیانی ئۆروێڵ بریتییە لەهەندێك بڕیاری نالۆژیکیانـەو هەنـدێکجاریش ترسناك، لەباتی چوون بۆ زانکۆ لەفەرمانگەی پۆلیسی وڵاتی (میانمار) دەست بەکاربوو.. لەئیـسپانیا شانبەشـانی ئانارشیـستە هیوابڕاوەکـان جـەنگاوە.. لەسـەردەمی (بلیتـز) دا گەڕایـەوە بـۆ لەنـدەن.. وێـڕای ئـەوەی کـە زۆر بەقورسـی نـەخۆش بـوو (جـۆرا) خـۆی نیشتەجێکردو درێژەی بەژیاندا، ئەو بڕیارەش جۆرێك بوو لەخۆکوژی، تێکڕای ئەو بڕیـارە ترسناکانە لەو نیازە دەروونییەوە سەرچاوەی دەگـرت کـە دەیخواسـت هێـوری لەژیانیـدا نەبێت، بەبڕوای مەیرز دژایەتیکردنی ئۆروێڵ لەگەڵ ئامۆژگاریی پزیشکەکان بۆئـەوەی کـە

دەبێت ئیدی پشوو بدات، واتە نووسین وەلابنێت دەرەنجامی حەزی توندو بەهێزی ئەو بووە بۆ مەرگ، ئەوە بوو کە بەکردەوە داهێنانی رۆمانی (١٩٨٤) لەسەرەتای تەمەنی ٤٦ ساڵیدا ئۆروێڵی کوشت، تا چ رادەیەك دەکرێت بڕوا بەبۆچوونێکی لەمجۆرە بکرێت؟ هەڵبەت ئەوە دروستە کە بەپێی جۆری نەخۆشییەکەی زۆر بێبەزەییانە کاری دەکرد، واتە دەینووسی. لەدوایین ساڵەکانی ژیانیدا لەحەفتەیەکدا سێ رەخنە یان خوێندنەوەی بۆ سێ کتێب دەکرد، یان وتارێکی بۆ رۆژنامەکانی ئینگلتەرەو ئەمریکا دەنووسی، سەرەڕای ئەوەش کاری لەسەر نووسینی (مەزاری ئاژەڵان) و (١٩٨٤) دەکردو هێدی هێدی چاوەڕێی مەرگ بوو، شەش مانگ پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات نامەیەکی بۆ هاوڕێی رۆماننوسی واتە (جاك کامۆن) نووسی و باسی تەندورستیی کردووە کە بەخێرایی روو لەکزی دەکات و ئاماژەی بەوە کردووە کە: (هەڵبەت لەهەموو تەمەنمدا هەستم بەنزیکبوونەوەی مەرگ کردووە)، لەوانەیە گریمانەی ئەوە بکرێت کە ئیدی ئەو سێ ژیاننامە تێروتەسەلە بەسبن، بەڵام نا.




لەساڵی ٢٠٠٣داو بەبۆنەی سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی (جۆرج ئۆروێڵ)ەوە دوو ژیاننامەی تێروتەسەلی دیکەی لەسەر بڵاوکرایەوە. هەردووکیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پەردە لەسەر هەندێك راستیی نوێ هەڵدەماڵن، ئەو دوو ژیاننامەیە یەکێکیان لەلایەن (دی، جی، تایلۆر)ەوە نووسراوە، ئەوی دی (گۆردۆن بۆکر) نووسیویەتی بەناوی (لەناخی خودی جۆرج ئۆروێڵ)ەوە.

دی، جی، تایلۆر رۆماننوس، رەخنەگرو نووسەری سەرکەوتووی ژیاننامەی (تکری)یە. ژیاننامەکەی ئۆروێڵ ناوێکی بریکەداری وەك: (ژیانێك کە بانگەشەی خۆی لەسەر مەترسی

لەپێناو بەهاگرنگەکاندا بەخشیوە) بۆ هەڵبـژاردووە، بـەڵام ئەوەنـدەش بەژیاننامەیـەکی سەرکەوتوو ناژمێردرێت.

لەلایـەکی دیکـەوە (گـۆردۆن بـۆکر) نووسـەری ژیاننامـەی (مـاڵکوم لاڤـری)و (لاڤـرنس دۆرێڵ)ە. وەك بڵێیت گۆردۆن دەیەوێت زۆرترو حەزدەکات سروشت و خووی پـڕ لـەڕەمزو رازی ئۆروێڵ قبووڵبکات، وێڕای ئەوەش لەبێمتمانەیی بەخۆی یەکێك لەپەیڤەکانی ئۆروێڵی بـۆ سـەرەتای کتێبەکـەی هەڵبـژاردووە کـە دەڵێـت: (مێژوویـەك کـە بەخـەون و خـەیاڵ دروستبکرێت، هەرگیز ناتوانێت بەرامبەر بەڕووداوەکان راست بێت، بـەڵام ئەگـەری ئـەوە هەیـە کـە لەڕاسـتی سـەرەکییەوە نزیـك بێـت، چـونکە شـتێکی زێـدەترە لەکۆکردنـەوەی ناوەکان و بەروارەکان، هیچ یەك لەوانەیش ناتوانن وەك شتێکی راستەقینە بێنە بەرچاو). لەشوێنێکی دیکەدا گێڕانەوەیەکی خۆپارێزانـە لـە (ئـارتور کۆسـتلەر) دەگێڕێتـەوە: (لـەو بڕوایەدانیم هەرگیز جۆرج گرنگی بـەوە دابێت کـە سـەرنجی خـەڵکانی دی بـۆ لای خـۆی رابکێشێت، چونکە ئەوەی کە سەرنجڕاکێش بوو زۆر جیاواز بوو لەوەی کە خەڵکانی دیکە بیریـان لێـدەکردەوە). ئـارتور زۆر لایـەنگری ئـۆروێڵی دەکـردو یارمـەتی ئـەو هەوڵـە دژە ستالینیانەیە دەدات کە ئۆروێـڵ پـاش جـەنگ خـستبوویە گـەڕ. لـەئاگاداری سەرخۆشـیدا شارەزایانە نووسیبووی: (هەمیشە توانست جیاواز بووە لەدووربینی و بیرکردنەوەی دوور، بەڵام ژیانی ئۆروێڵ نیشانەیە لەسەرکەوتنی یەکەم بەسەر دووەمدا).

سـەرباری ئەوانـە بـۆکر خـۆ بـەزلزانترە لـەتایلۆرو ئـەوەی قبووڵنـەکرد کـە ئۆروێـڵ کەسایەتی راستەقینەی خۆی بەجیهان ناساندبێت، بانگەشەی ئەوە دەکات کـە: (گرنگـی ئەم کتێبە توێژینەوەیە لەسەر ژیـانی سـۆزداری ئۆروێـڵ تـاکو بتـوانین بـەگوێرەی توانـاو دەرفەت لەبابەتە ئاڵۆزو تەماوییەکانی نێو نووسینەکانی نزیکبینەوە).

بۆکر لەهەوڵدانیدا بۆ راڤەکردنی لایەنی ئاڵۆزو نادیاری نووسینەکانی ئۆروێڵ، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە جۆرج ئۆروێڵ حەزی لەئەرواح بووە، بـڕوای بـە فەلـەك و سـیحری رەش بـووە. بـۆکر دەڵێـت: (جـۆرج بەیـەکێك لـەهاوکارەکانی گوتبـوو نـاوی خـوازراو بـەکاردێنێت تـاکو هـیچ یـەك لەنـەیارەکانی نـەتوانن نـاوە راسـتەقینەکەی بناسـن و لـەو رێگایـەوە جـادووی بکـەن. بـۆکر بەجەختکردنـەوە لەسـەر رووداوێـك کـە لـە(ئـەیتن)ەوە دەیگێڕێتـەوە، دەڵێـت: (ئۆروێـڵ یـان (ئـەریك بلێـر)ی لاو سـیحربازێکی بـۆ جـادووکردنی

یەکێك لەخوێندکارەکانی بەناوی (فلیپ پۆرك)ەوە بەکرێگرتبوو، ئەو خوێندکارە برای (هێنری گرین یۆرك)ی رۆمانوس بووە، یۆرك سوکایەتی بەیەکێك لەهاوڕێکانی جۆرج کردبوو کە ناوی (ستفن رانسیمن) بووەو لەدوایدا بوو بەمێژوونوس، جۆرج ئۆروێل و ستیفن رانسیمن پەیکەرێکی مۆمیایی یۆرك دروستدەکەن و پاشان قاچەکانی دەشکێنن و بەمشێوەیە تۆڵەی ئەو سوکایەتیپێکردنەی لێدەکەنەوە، ئۆروێل دەیخواست پەیکەرەکە بەسوژن کونکون بکات، بەڵام رانسیمن دڵنەرمترو بەبەزەییتر بوو و رێگەی بەکونکونکردنەکەی نەدا. لەو پەڕی سەرسوڕمانی تەواویاندا، هەرنەك بەڕاستی یۆرك قاچی شکا، بەڵکو هەندێك دواتر بەهۆی شێرپەنجەی خوێنەوە مرد. هەڵبەت بۆکر لەگێڕانەوەکەیدا هەندێك زێدەڕۆیی دەکات کە دەڵێت: ئۆروێل بەهۆی سەرکەوتنی لەسیحرە منداڵانەکەیدا هەموو تەمەنی بەنەفرەتلێکراوی بەسەر برد.

بەپێی بەڵگەکان لەزۆربەی بابەتەکاندا ئەو وێنایە کە لەلایەن بۆ کرەوە دروستکراون وەك هەمان وێنای تایلۆرن، بەتەواوەتی جۆرج ئۆروێڵی وەك مرۆڤێکی ئاسایی نیشانداوە، کە سایەتی جۆرج ئۆروێل وەك هەمووان چەندەها رووی هەبووە، بۆ نموونە بەزۆری لەبیردەچێت کە باپیرەی ئەو جێنتڵمانە ئینگلەندییە فەرەنسی بوو، هەر بەو جۆرەی کە بۆکر ئاماژەی پێکردووە ئۆروێل حەزێکی تایبەتی بەرامبەر بەئەدەبیاتی فەرەنسی هەبووەو بەتەواوەتی شارەزای ئەدەبیاتی فەرەنسی بووە، بۆکر دەڵێت: نەك تەنها نووسەری وەك (موپاسان) یان (بۆدلێر)، بەڵکو (فرانسواڤیلۆن) کاریگەریی لەسەر ئۆروێل هەبوو بووە.

ئۆروێل لەیاساو رێسا ئایینییەکان بێزار بووەو نووسیویەتی: (کێشەی سەرەکی سەردەمی ئێمە کەمبوونەوەی باوەڕە بەماناوەی هەمیشەیی تاك)، (جۆرك ئۆروێل سۆسیالیستێك بوو کە لە (مەزاری ئاژەڵان)و (١٩٨٤)دا دوو ئاگادارکردنەوەی کوشندەو ترسناکی نووسیوە، ئەگەر کۆمەڵگا بەپێی یاسا مارکسیەت–لینیستییەکان بەڕێوەببرێت مەترسی زۆر دروست دەبن، وێڕای ئەوەی کە ژیانی بۆرژوازی رەتدەکاتەوە، بەڵام وەك هەموو ئەمریکییە تازە پێگەیشتووەکان و بەپێی یاساکۆنەکانی ئەو سەردەمە ژیانی بەسەر بردووە، لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە بنەما ئینگلەندییەکان و ئاوەزی تەندروست بناغەکانی سۆسیالیزمی ئۆروێڵیان پێکهێنابوو.

(ئـەریك ئـارتوبلێر) ٢٥ی ژونیـەی ١٩٠٣ لـە (بـووتی هـاریی) بـەنگال لـەدایكبووەو لەتەمەنی یەك ساڵیداو هاوڕێ لەگەڵ دایكیدا نێردرانەوە بۆ ئینگلەند، ئـەریك ئـارتو بلێـر واتـە (جـۆرج ئۆرویـڵ) منـداڵێكی قەڵـەو بـوو، هـەر بـە وجـۆرەی كـە تـایلۆر لەبەشـی پەیوەندیــدار بەڕواڵــەتی ئۆروێڵــەوە دەیگێڕێتــەوە، رواڵەتەكــەی یــەكێك بــووە لەسەرسـوڕهێنەرترین بابەتـەكانی ژیـانی ئۆروێڵـەوە (سەرسـوڕمان لـەوەدا بـوو كـە زۆر گۆڕابـوو بەتایبـەتی لەلاوێتیـدا سەروچـاوی جیاوازییـەكی زۆر تـەواوی لەگـەڵ تەمـەنی منداڵییـدا بـوو)، بەڕاسـتی هـەر بـەو جـۆرەش بـوو! سـەیركردنی وێنـەكانی ئۆرویـڵ كـە لەكتێبـەكانی تـایلۆرو بـۆكردا هەیـە، گـۆڕانێكی قـووڵ لەڕواڵـەت و سـیمای ئۆروێڵـدا نیشاندەدەن، بەتایبەتی گۆڕانی سیمای لەنێوانی منـداڵی و گەورەییـدا، گۆڕانكارییـەكانی سـیمای بـەجۆرێكن كـە سەرسـوڕهێنەرەو بـڕوا ناكرێـت ئـەو هـەموو گۆڕانـە بدرێتـە پـاڵ تووشبوونی بەنەخۆشی (تیفۆئید)ەوە كە لەئەنجامدا بوو بەهۆی مەرگی، پێدەچێت نـەك تــەنها ناوەكــەی خــۆی گۆڕیبێــت، بــەڵكو بەدرێــژایی ســاڵان و بەیارمــەتی غــەریزە سروشتییەكان و نهێنییـەكانی خـۆی تایبەتمەنـدی جەسـتەی خـۆی گۆڕیبێـت. وەك بـۆكر ئاماژەی پێدەكات: (كەسـێك كەسـوود لـەناوی خـوازراو وەردەگرێـت كەسایەتییەكە كـە دەتوانێت بەشێوەی جۆراوجۆر گۆڕانكاری بەسەر خۆیـدا بێنێـت و لـەفۆرمی جۆراوجـۆردا خۆی نیشانبدات و دەكرێت بەشێوەی جۆراوجۆر ژیانی بگێڕدرێتەوە).

ئەریك ئارتۆر بلێر لەتەمەنی هەشت ساڵیدا نێردرایە خوێندنگەی شەوانە رۆژیی (سـنت سیپریان)ی نزیك (ئەیستبۆرن) لەلێوارەكانی (ساسكس) دا. ئەو لەناو خوێندنكارەكاندا بە (سامبۆ) و (فلیپ) ناسرابوو.

بەپێی گێڕانەوەو وێناكانی تـایلۆر، ئۆرویـڵ منـداڵێك بـوو كـە لـەلێواری چارەڕەشـی و هیوابڕاویداو لەجیهانی سامۆتكەو شەوە ئاسادا دەژیا. بەرپرسانی خوێندنگـە زۆر وشـك و قـورس نزیكـی دەبوونـەوەو گوێیـان لـەهیچ نـەدەگرت. لەهـەموو زێـدەتر كەڵلـەڕەقیی و میزاجـی بوونیـان و سـزاكردنەكانیان كـە بەپێـچەوانەی رێنمـایی بەرپرسـەكان بوایـە زۆر ئۆروێڵی بێزاركردبوو، ئەو هەلومەرجە زۆر دوورو جیاواز نییە لـەجیهانی (١٩٨٤). ئۆرویـڵ

وەك خوێنـدكارێكی (بـۆرس) لـە (ئـەیتن)دا وانـەی دەخوێنـدو هەلومـەرجی باشـتر بـوو لەخەڵكانی دی.




لێـرەداو بـەپێی قـسەكانی خۆی (ئەریك هەمان نووسەری بــــەناوبانگ) چـــــیرۆك و نمایشنامەی زۆری نووسـی كـە بەدەگمـەن ویـست و توانـایی لەنووسیندا نیـشاندەدا، بـەڵام تـــاكو لێـــواری گۆڕەكـــەی درێژەی بەنووسیندا، بێگومـان نووسـینەكانی جیایـدەكردەوە لەخوێندكارەكانی دی، بۆكر لەمبارەیەوە نووسیویەتی: (كەسێك كـە لـەدەرەوەی كێشەكان دادوەری لەسـەر هـەمان كێشە بكات بەتەواوەتی بۆی دەردەكەوێت كە ئـەو هەلومەرجـە لەگـەڵ رۆڵ و كەسـایەتی ئۆروێڵدا دێنەوە، زۆر بەخێرایی وەك رەخنەگرێكی سوقراتی ناوبـانگی دەركـرد، رەخنـەی دەگرت و كەسانی دیكەی بانگهێشتی دیالۆگ دەكرد).

بـۆكر لەدرێـژەدا دەڵێـت: (دژی زۆربـەی گروپـەكان بـوو، بـۆ نموونـە دژی گروپـی (كیپلینگ) و (ئیمپراتۆریا) بوو یان بەدژی جلوبەرگی كەشخەو شازو ملیۆنەرەكان بـوو). لەتەمەنی گەورەییدا بۆچوونی دەربارەی (كیپلینگ)ەكـان نـەرمترو ئاشـتیخوازانەتر بـوو، بەڵام هەرگیز بۆچوونەكانی دەربارەی ئیمپراتۆریا، جلوبەرگی كەشخە نەگۆڕی. سـەرباری ئەوەی كە دواتر ئۆروێڵ بانگەشەی دەكرد لەخوێندنگـەی (ئـەیتن)دا رۆژگـارێكی قـورس و دژواریی بەسەر بردووە، بەڵام بەبڕوای تایلۆر هەلومەرجی ئۆروێڵ لەو خوێندنگەیـەدا هـیچ جیاوازییەكی لەگەڵ خوێندكارەكانی دیكەدا نەبووە، كاتێكـە جـۆرج خوێـندنی تـەواوكرد بەپێچەوانەی زۆربەی هاوپۆلەكانی قبووڵی نەكرد بچێتە زانكۆی ئۆكسفۆرد یـان كـەمبریج، بـەڵكو حـەزی خـۆی بـۆ وەرگرتنـی ئیـشێك لەبەڕێوەبەرایـەتی پۆلیـسی ئیمپراتۆریـای (بەریتانیا)و چـوونی بـۆ (میانمـار) راگەیانـد. لەتەمـەنی بیـست ساڵیدا بەپلـەی بریكـاری

سەرۆکی ناوچەی (دلتای میانگما) ناردیان بۆ میانمار. پاش گەڕانەوەی لەمیانمارو خۆنیشتەجێکردنی لەگەڕەکی ئاوارەکانی پاریس و لەندەن، بەباشی حەزی ئۆروێل بۆ تەنیابوون ئاشکرا دەکات. پاشان لە (١٩٣٦)دا رۆیشت بۆ ئیسپانیا، ئەزموونەکانی ئیسپانیاو هاوڕێبوونی لەگەڵ ئانارشیستە بێئومێدەکاندا جیهانێکی ئازادتری بەڕوویدا کردەوەو بەگوتەی (جان رادن) ئەو هەلومەرجە (بلێر)ی کرد بەئۆروێل یان لەڕاستیدا ئۆروێلی کرد بەئۆروێلی راستەقینە. تایلۆر جەختی لەسەر کاریگەریی قووڵی هەلومەرجی ئیسپانیا لەسەر ئۆروێل دەکردەوەو لەمبارەیەوە نووسیویەتی: (ئەزموونی ئیسپانیا کاریگەریی قووڵ و نەسڕاوەی لەسەر ئۆروێل بەجێهێشتووەو بڕوای ئۆروێلی لەوەدا بەهێزکرد کە رۆح و سروشتی مرۆیی شکستی پێناهێنرێت، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە ئاشنای دۆخێك بوو کە دەیتوانی لەئاست خۆیدا مەزنتر بێت لەقەیرانی ئەوروپا، ئەو قەیرانەی کە دوو ساڵی دیکە دەستیپێدەکرد).

مەبەست لەقەیرانی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت و ستالینیستی بوو کە بووە هۆی داگیرکردنی چەند بەش لەئەوروپاو تۆقاندنێکی زۆری دروستکرد.

جۆرج ئۆروێل سروشت و تایبەتمەندی ئەوتۆی عەسکەری نەبوو، بەڵام زۆر ئازاو نەترس بوو، ئینگلەندییەکی تیپیکاڵ، وشك و کەمدوو، قەت بەبیریدا نەدەهات کە سەیرێکی دەرەوەی سەنگەرەکەی بکات تاکو بزانێت دوژمن خەریکی چییە، کاتێك لە (ئاراگۆن) لەڕیزی پێشەوە دەجەنگا بەهۆی کەمتەرخەمییەك لەملیدا بریندار بوو و ترسی ئەوە دروستبوو کە ئەو برینە بیکوژێت، هەرچۆنێك بێت رزگاری بوو و بەقەڵەمەکەی چوو بۆ جەنگی ستالینیزم کە لەهەر چەکێکی دیکە کاریگەرتربوو، لەئیسپانیاو پاش جەنگ رق و نەفرەتیی لەستالینیزم بۆ دروستبوو، ئەوەش لەلایەن ستالینیستەکانەوە بێوەڵام نەمایەوە، چونکە لێکۆڵینەوەکانی پاش ١٩٨٩ ئەوە نیشاندەدات کەیەکێتیی سۆڤیەت جۆرج ئۆروێلی بەدوژمنێکی ترسناك زانیوە.

وێڕای تەنیا بوونەکەی، ئۆروێل زۆر حەزی لەڕەگەزی بەرامبەر دەکرد. ئەوە لەکاتێکدایە کە ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ (ئیلین ئۆشاونسی) ژیانی هاوسەرێتییان پێکهێنا، بەڵام هەمیشە ئامادەبوونی ئۆشاونسی لەژیانی ئۆروێلدا بەشێوەیەکی ئاڵۆزو رەمزاوی بووە. ژیانی هاوسەرێتییان دۆخێکی سەربەستانەی هەبوو، بەلانی کەمەوە ئەوە بەرامبەر

بەئۆروێڵ دروستبووە، بەڵام کاتێك لەناکاو بەشێوەیەکی تراژیدیك لەساڵی ١٩٤٥دا (ئیلین) مرد کاریگەریی زۆری لەسەر ئۆروێڵ داناو بەقورسی خەمباری کرد. ئۆروێڵ لەچوار ساڵ و نیوەکەی دیکەی تەمەنیدا چەندەهاجار بەدوای کەسێکدا گەڕاوە کە جێگای (ئیلین)ی بۆ پڕبکاتەوە. تەنانەت چەندجار بەشێوەی منداڵانەو گاڵتەجاڕانە پێشنیازی ژیانی هاوسەری بەچەند ژنێکی لاو کرد، لەئەنجامدا (سۆنیا براڤنیل)ی پڕ لەهەست و سۆز پێشنیازەکەی پەسەندکرد، ئۆروێڵ بۆ یەکەمجار لە ١٩٤٠ دا سۆنیای لەنووسینگەی گۆڤاری (هرایزن) دیتبوو، جۆرجیش وەك زۆربەی پیاوان یەخسیری جوانی و هۆش و ژیرییەکەی سۆنیا ببوو. ئەوان پەیوەندییەکی کورتخایەن و ناخۆشیان لەگەڵ یەکدا بوو، پاشان تاکو ١٩٤٩ سۆنیا باس و هەواڵی نەبوو، بەڵام کاتێك ئۆروێڵ لەخەستەخانەیەکی لەندەندا کەوتبوو و لەسەرەمەرگدا بوو سۆنیا گەڕایەوە بۆ لای جۆرج، لەژووری هەمان خەستەخانەو لەئاهەنگێکدا زەماوەندیان کردو بەگوتەی (ماڵکوم ماگریج) زەماوەندێکی ترسناك بوو، سەرباری ئەوەی قۆناغی زەماوەندەکەیان زۆر کورتبوو و زیاتر لەچەند حەفتەیەکی نەخایاند، بەڵام بۆ سۆنیان و جۆرج هەندێك خۆشی و ئاسوودەیی تێدابوو.

سەبارەت بەسۆنیا زۆر نووسراوەو بەزۆریش خراپەی لەسەر گوتراوە. (ئانتۆنی پاڤێڵ)ی فرەبڵێ و قسەزل پاش مەرگی جۆرج بانگەشەی هاوڕێیەتی لەگەڵ سۆنیا ئۆروێڵدا دەکرد، (ماگریج) هاوڕێی گیانی بەگیانی پێی دەگوت هونەری ترشاو، بەڵام ئەم شتە بەبەراورد لەگەڵ قسەلۆکەکانی دیکەدا گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبوو، سەرباری ئەو باس و خواسانە لەساڵی ١٩٨٠داو پاش مەرگی ناوبانگی رووی لەباشبوون کرد، بەگوتەی (دەیڤید پلانت) کە هاوڕێیەکی گەنجی سۆنیا بوو، (بەڕاستی سۆنیا منداڵێکی گریێ لەدڵ بوو). ئەویش وەك ئۆروێڵ نەوەی سەردەمی داگیرکردنی هیندستان بوو، واتە ئەو سەردەمەی کە ئینگلتەرە هیندستانی داگیرکردووە، سۆنیا لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا بەهۆی کارەساتی مەوانییەوە سێ کەس لەهاوڕێکانی خنکان، ئەگەرچی هەوڵیدا بوو یەکێك لەدۆستەکانی رزگار بکات، بەڵام سەرنەکەوتبوو. پاشان چووە نێو کۆڕو کۆمەڵە هونەرییەکانی لەندەن و لەڕیزی گرووپی وێنەکێشانی (فیگۆراتیڤ نیو کانزرۆتیڤ)ی ناسراو بەقوتابخانەی هونەریی (ئەیۆستۆن) هاتە مەیدان و رۆڵی مادۆنای ئەیۆستۆنی بۆ دەگێڕان.

بەبڕوای هەندێك كەس كاتێك سۆنیا شویكرد بەئۆروێڵ تەنیا چاوی تەواوی لەسامانەكەی ئۆروێڵ و ناوبانگە ئەدەبییەكەی بووە، پاشناوی فەرمیی سۆنیا لەدوای زەماوەندەكەیان بوو بە (بلێر)، بەڵام بەهۆی هەندێك هۆكاری جۆراوجۆرەوە كە لەكەس شاراوە نییە پاشناوی ئۆروێڵی بۆ خۆی هەڵبژارد، بەڵام لەڕاستیدا بێوەژنیی ئۆروێڵ قازانجێكی ئەوتۆی بۆ دەستەبەرنەكردو تاكو كۆتایی تەمەنی لەهەژاریدا ژیانی بەسەر برد.

لەئەمڕۆدا ئۆروێڵ ناوبانگی چۆنە؟ هەموو ئەو ژیاننامانەی دەربارەی ئۆروێڵ نووسراون كەمورزۆر لەوەدا هاوڕان كە نووسینە سەرەتاییەكانی ئۆروێڵ داڕشتن و پەخشانێكی لاوازیان بووە. بۆ نموونە (كچی كەشیش) كە لە ١٩٣٥ بڵاوبوویەوە یەكێكە لەنووسینە سەرەتاییەكانی، لەڕاستیدا ئۆروێڵ بۆ خۆی كەمورزۆر بڕوای بەو بۆچوونە هەبوو، چونكە لەدوایین ساڵەكانی تەمەنیدا سەرلەنوێ هەموو بەرهەمە سەرەتاییەكانی خۆی نووسییەوە جگە لە (ڕۆژەكانی میانمار) و (پرۆگرامی داهاتووی رادیۆ) كە بیرهێنانەوەیەكی وردو رازەكارانەیە دەربارەی ئینگلتەرە لەنێوان دوو جەنگدا.

هەر بەو جۆرەی كە (دی، جی، تایلۆر) لەڕۆڵی پارێزەری شەیتاندا ئاماژەی پێكردووە، بەڕاستی جۆرج لەژێر كاریگەریی مۆدی نووسەرانی رۆژگاری خۆیدا بووە، بەتایبەتی لەژێر كاریگەری (مووام)و رۆماننووسی ڤیكتۆریای (جۆرج گیسینگ)دا بووە، بەپێی قسەكانی (كریك) پێوەری سەرەكیی ئۆروێڵ بۆ نووسین، شێوازی دیالۆگ ئاسای زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەكانی رۆژگاری خۆی بووە، ئەو شێوازەی كە لەئینگلتەرادا مۆد بووە. لەوتاری (بۆچی ئەنووسین) كە سۆنیا ئۆروێڵ ئەو وتارەی لەسەرەتای كۆمەڵە وتارەكانی ئۆروێڵدا داناوەو تێیدا دەڵێت: (لەهەمووان زۆرتر دەمخواست نووسینی سیاسی بگۆڕم بۆ سەرشێوازی ئەدەبی، هەمیشە خاڵی دەستپێكردنم هەستی پارتیزانی و جەنگ بووە بەرامبەر بەنادادپەروەریی، كاتێك دەست بەنووسینی كتێبێك دەكەم بەمەبەستی داهێنانی ئەدەبی نییە. ئەنووسم، چونكە دەمەوێت سەرنجی هەمووان رابكێشمە سەر ئەو راستییانە. مەبەستی سەرەكی من نووسینی كتێبێك یان تەنانەت وتارێكی درێژ نییە، گەرچی ئەگەری ئەوە هەیە كەباسی دەكەم بابەتێكی شاز نەبێت).

بێگومان بەهۆی دۆزینەوەی بابەتێك لە ١٩٩٠ دا کەمورزۆر ئاستی ئۆروێڵ وەك پاڵەوانی ئـازادی رووی لەکەمبوونـەوەو لاوازیکـرد، بابەتەکـە بەمجۆرەیـە کـە ئۆروێـڵ لەسـاڵە دواییـەکانی تەمەنیـدا هاوکـاری دەزگـای زانیـاری کـردووە، ئـەو دەزگایـە باڵێـك بـووە لەوەزارەتی دەرەوەی ئینگلتەرا کـە بـۆ دژایـەتیکردن بـەدژی پڕوپاگەنـدەکانی سۆڤیەت دروسـتکرابوو، ئۆروێـڵ هاوکـاریی ئـەو دەزگایـەی کـردووەو لیـستی (٣٨) کەسـی لەکۆمۆنیستەکانی ئینگلتەرا پێشکەشی ئـەو دەزگایـە کـردووە کـە بـەگرووپی (هاوڕێیـانی هاوڕێیـان) ناسـرابوون، بـەڵام دەتـوانین قـسەیەك لـە (تیمـۆتی گـارتۆن) بگێڕینـەوە کـە دڵنیابووە ئۆروێڵ لـە ١٩٤١ دا لیستێکی هاوشێوەی لـەهاوکارو دۆسـتانی ئـەو کەسـانە پێشکەشی حکومـەت کـردووە کـە ئەگـەری نـازی بوونیـان لێـدەکرا، بـەڵام لـەم بابـەت و بەسەرهاتەدا لایەنگرانی کەلەڕەق و دوژمنە سەرکیيەکانی ئۆروێڵ بێئازاربوون.

لەدرێژخایەندا هەمووامن یادی ئۆروێڵ دەکەنـەوە، نـەك بـەهۆی ١٩٨٤ەوە، بـەڵکو بـۆ بەویـژدانخوازبوون و شـایان بـوونی کـە لـە سـەرەتاداو لـەنێو وتـارە ژورناڵیـستییەکانیدا خستونیەتییەڕوو.

بێگومان هەر وەچەیەك کە ئۆروێڵی ناسیوە بەم پەندو نموونەیە خۆی دڵخۆش کردووە کە مرۆڤێکی باش لەجیهانێکی خراپدا خۆی هاوشێوەی سروشتی خەڵکانی دیکە دەکـات. بـەڵام ئـەوەی کەزێـدەتر لەهـەمووان ئێمـەی سەرسـامکردووە بابەتـە رووهـەڵماڵراوە سیاسییەکانی نەبوون، چونکە بەرهەمە سیاسییەکان زووتر لەهـەمووان لەسوڕ دەکـەون، بەڵکو وتارە زۆر وردو بێهاوتاکانی بوون، بۆ نموونە وتـاری (هەژارەکان چۆن دەمـرن) یـان (حەفتەنامـەی خـۆجێی) هەڵبـەت وتـاری (لەسـێدارە دانێـك)و وتـارێکی دیکـە بـەناوی (سیاسـەت و زمـانی ئینگلیـزی) لـە نووسـینە زینـدووەکانی ئـۆروێڵن و دوایـین وتـار بـۆ ئاگادارکردنـەوە بـوو لەسـەر کاریگـەریی خـراپ و تێکدەرانـەی سیاسـەتی بـازاڕ بـۆ بەتاڵکردنـەوەی زمـان لـەواتا.ئـەم وتـارە لـەو سـاڵانەدا بەتـەواوەتی بـۆ دژایـەتیکردنی دەسەڵات بووە.

هاوکات و لەلایەکی دیکەوە وتاری (چارلز دیکێنز) کە بەتەواوەتی لـەوتارێکی ئـەدەبی دەچێت، ئاماژە بەوە دەکات کە دیکێنزە خۆشەویستەکەی زێدەتر لەوەی کە لایەنگرێکی بەردەوام و قورسی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بێت خۆی بەو جـۆرە نیـشاندەدات کـە ریفـۆرمی کۆمەڵایـەتیی دەویێـت. ئـەم وتـارە بـۆ ئـەو خوێنەرانـەی کـە تێگەیـشتنێکی منداڵانـەیان

لەئۆرویڵ بوو و لەوبڕوایەدا بوون سەردەمەکەی کۆتایی پێهاتووە وتارێکی پێویست و باشە. جۆشوخرۆش و دڵپاکی، راستگۆیی و گەشبینی، رەوان وساکار بوون لەنووسینەکانیدا زۆرتر لەهەرکەسێك ئازایەتییەکانی ئۆرویڵ نیشاندەدات (کە چۆن دەیتوانی لایەنگرانی توندڕەوی هەردوو لایەن ئیدانە بکات) بەجۆرێك لەجۆرەکان سەرسوڕهێنەر بوو، لەمڕۆدا هاوشێوەی ئەو جۆرە کەسانە کەمن، بەهۆی ئەو تایبەتمەندی و شێوازەوەیە کە رێزی لێدەگرین، هێشتا دەتوانین لایەنگری ئۆرویڵ بین تەنانەت گەر تەنیا بەو هۆیەوە بێت کە خۆی پاراستووە لەوەی کە نیشانبدات تایبەتمەندی و خوو و سروشتی چاکەی تێدایەو خۆ بەزلزان نەبووە، لەوانەیە ئەو وشانەی کە زێدەتر لەهەمووان رووبەڕوویان دەبوویەوە ئەو گێڕاندنەوانە بووبێت کە دەربارەی خودی خۆی بوون. لەکۆتایی تەمەنیدا بەخاکەڕایی، بەئاشکراو بەتەنزە بێهاوتاکەی گوتی: (تائەوکاتەی زیندووم نووسینم خۆشدەوێت، زەویم خۆشدەوێت و لەهەموو شتێك سوود وەردەگرم، تەنانەت سوود لەزانیاریی پارچەپارچەو بەکەڵك نەهاتوو وەردەگرم). چۆن دەتوانرێت ئۆرویڵ بەکەسایەتییەکی زیندووی ئەدەبی نەزانین کاتێك لە نێو ئەو شتانەدا کە بۆ ئەو گرنگن و بەهایان هەیە (زانیارییە پچڕپچڕو بەکەڵکنەهاتووەکانیش) تۆمار دەکات؟

سەرچاوە: رۆژنامەی شەرق ژمارەی ١٢٦، لاپەڕەی ئەدەبیات ٢٠٠٦/١/٢٧

# کۆترەکەی باتریک زۆسکێند

لەعەرەبیەوە: کەریم مەلا



نوسەرو گەورە رۆمان نوسی ئەڵمانی باتریك زۆسكێند بەنوسینی رۆمانی بۆن (العطر) ناوبانگێکی جیهانی وەرگرت، بەتایبەتی بەنوسینی ئەم رۆمانەو رۆمانی (کۆتر) گەیشتە ئاستی نوسەرانی وەك (کۆندێرا)و (لۆکیلزیۆد)و (مارکیز)و (گالا)و (کۆیلۆ)و چەندانی تریش لەڕۆمان نوسانی جیهان.

(باتریك زۆسکێند) لەساڵی (١٩٤٩) لەشاری (ئامباخ)ی ئەڵمانیا لەدایك بووەو لە (میونخ)و (پاریس) مێژووی خوێندووەو ساڵانێکی زۆریش لەبوارەکانی بازرگانیو رۆژنامەنوسیو بواری نووسین لەتەلەفزیۆن کاری کردووە.

گومان لەوەدانییە (زۆسکێند) بەر لەنوسینی رۆمان تائەو رادەیە ناسراو نەبوو، ئەگەر چی لەسەرەتاشدا وەك چیرۆك نووسێکی بەتواناو خاوەن خەیاڵێکی فراوان لەفەنتازیا دەرکەوت، لەساڵی (١٩٨٧) خەڵاتی (گۆتەنبێرگ)ی لەبواری ئەدەب بەدەست هێنا، لەسەرتای کاری نووسینیشدا بەنووسینی شانۆیی یەك پەردەیی دەستی بەنوسین کرد، ژمارەیەك شانۆنامەی نوسی، زۆربەشیان لەسەر شانۆکانی (ئەڵمانیا) نمایشکران، لەوانەش، (کۆنتەرباس)، (بەسەرهاتی بەڕێز زۆمەر)و (شەڕ)و چەندین شانۆنامەی تریش

لەکاتی ئێستاشدا نووسەر لەنێوان پاریس‌و میونیخ ژیان دەگوزەرێنێت‌و خۆی بۆ کاری نووسین تەرخان کردووە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین زۆر بەکورتی لەسەر هەردوو رۆمانەکەی (زۆسکێند) بەچەند رستەیەك مانا شاراوەکانی دەق‌و رەهەندەکانی بخەینەڕوو.

چیرۆکی (کۆتر) بەسەرهاتی پیاوێکە بەناوی (جۆناسان نۆیل) کەپاسەوانی یەکێکە لەبانکەکانی (پاریس)و بەتەنیا ژیانی خۆی لەژوورێکی بچووکی وەك کوخێك، لەسەر یەکێك لەباڵەخانە کۆنەکانی (پاریس) بەسەر دەبات.

تەوەری سەرەکی رۆمانی (کۆتر) مەغزاو نهێنی (نۆیل)ی پاسەوان دەخاتە روو، کەچۆن لەڕۆژێکی زۆر گەرمای ئابی ساڵی (١٩٨٤)دا کتوپڕ ژیانی سەرەو ژێر دەبێت‌و گۆڕانێکی گەورە لەژیانیدا روو دەدات، ئەوەی جێگای سەرسوڕمان‌و سەرنج راکێشان بوو لای خەڵکیی (نۆیل) بەکەسێکی گۆشەگیرو پەراوێز کەوتوو سەیر دەکراو، لەزەینی کەسدا نەبوو، ئاوا بەخێرایی لەدوای بەرێکردنی تەمەنێکی دوورو درێژ لەژوورێکدا کەزیاتر لە (٢٠) ساڵ تەمەنی خۆی بەوپەڕی غەریبی‌و بێدەنگی بەسەر برد، بگۆڕێت بۆ تووڕەیی‌و هەڵگەڕانەوە لەو ژیانەی پێشتری‌و ببێتە کەسێکی سەرکێش‌و توندڕەو، نەك ئەو کەسە هەستیارو بێدەنگەی جاران.

دیارە ئەوەی لێرەدا گرنگە نووسەر زۆر زیرەکانە بەسەرهاتی (نۆیل) دەخاتە روو، کەبەر لەهاتنی (کۆتر)ێك بۆ نێو ژیانی، چ کەسێکی ئارام‌و تەنیا بووە، دوور لەبگرەو بەردەی رۆژگار لەتەنها ژوورێکدا، دوور لەهەراو زەنای شارەکە، ژیانی خۆی بەبێ چەرمەسەری‌و ئاڵۆزی بەرێکردووە.

بەڵام لەچرکە ساتێکدا کتوپڕ (نۆیل) کەسێتی‌و خورەوشتی دەگۆڕێت بۆ کەسێکی نائارام‌و راڕاو نەخۆش، ئەویش بەهاتنی ئەو کۆترە نەفرەتییەی کەسەرتاپای ژیانی تاڵ دەکات‌و نەخشەی کارو گوزەرانی رۆژانەی لێتێك دەدات.

کاتێکیش دەبینێت (کۆتر)ەکە لەبەردەم پەنجەرەی ژوورەکەیدا هەڵدەنیشێت‌و بەپەرو باڵەکانی خۆی گیف دەکاتەوەو بەچاوە بچووك‌و خڕەکانی هێندەی تر ترس‌و دڵەراوکێ لای (نۆیل)ی پاسەوانی بانك دروست دەکات‌و کار دەگاتە ئەوەی (نۆیل) نەتوانێت بەردەوامی بەو ژیانەی خۆی بدات‌و ئارامی ژوورەکەی بپارێزێت.

دیاره (زۆسکێند)ی رۆمان نووس، وەك هەر کارێکی ئەدەبی‌و رۆمان نوسین راشکاوانە باسی بیرکردنەوەو زیهنی کەسێك دەکات کەتەنها بەهۆی بوونی کۆترێکەوە، بەرەو دۆخێکی مەترسیدارو توندو تیژ دەچێت.

بەدڵنیاییەوە رۆماننووس، لەوکارە ناوازەیەدا دەیەوێت پەردە لەسەر ئەو کێشەو گرفتانە هەڵداتەوە کەسەر تاپای شارە گەورەکانی تەنیووە، بەزمانێکی سادەو ساکار مەرگەساتی خەڵکانێك دەخاتە بەر دیدی خوێنەرانی، کەلای خەڵکیی لەپەراوێزدان‌و لەبیر کراون.

گومان لەوەشدا نییە (زۆسکێند) بەگێڕانەوەی بەسەرهاتێکی کورت لەژیانی (نۆیل)ی پاڵەوانی رۆمانی (کۆتر) چیرۆکێك دەخولقێنێت، کەتوانیویەتی بەوپەڕی داهێنان‌و ئەفراندن بگات، سەرکەوتنی کارەکەشی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، نووسەر چیرۆکێکی سادەو ئاسان بۆ کاری نووسین هەڵدەبژێرێت، کە لەبیر چوونەوەی لەهزری خوێنەرانیدا ئەستەم بێت.

دیارە ئەم شێوازەی نووسەر لەو بەرهەمەیدا گرتویەتیە بەر شێوازێکە زۆر نزیکە لەنووسینی رۆماننووس‌و چیرۆکنووسی گەورە (کافکا) کەزیاتر لەرۆمانی (دەعەجان) المسخ بەدیدەکرێت، هەردووکیان جۆرە رەمزو دەلالاتێك دەگرنە بەر زۆر لەیەکترەوە نزیکن.

(کافکا)ش بەهەمان شێوە لەرۆمانی (دەعەجان)دا پاڵەوانەکەی بەناوی(گریگۆری سامسا) لەشەوو رۆژێکدا، کاتێك خەبەری دەبێتەوەو دەبینێت بۆتە زیندەوەرێکی قێزەوەن‌و وەك کابوسێك رووبەڕووی مەترسیدارترین رۆژگار دەبێتەوەو رزگاربوونی مەحاڵە.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین (باتریك زۆسکێند) لەرۆمانێکی تریدا بەناوی (بۆن) (العطر) گەورەترین سەرکەوتن لەبواری رۆمان نووسیندا بەدەست دەهێنێت، کەرەخنەگرانی رۆمانەکە بەباشترین لەکارە ئەدەبیەکانی وەسفدەکەن‌و دەڵێن: رۆمانی (بۆن) رۆمانێکە بەیەکجار دەخوێندرێتەوەو خوێنەر لەدەستپێکی رۆمانەکەدا تاکۆتایی ناتوانێت دابرێت.




نووسـەریش لەهەردوو رۆمانی (بۆن)و (کۆتر)دا داهێنەرانە توانیویەتی رەمزو ستایلێك بگرێتە بەر، کەرێگا خۆشکەر بێت بۆ خوێنەرانی تابتوانن لەڕەهەندو گرتنەبەری ئەو شێوازە نووسینەی بگەن، بۆیە (باتریك زۆسکێند) بەنووسەرێکی سەرکەوتووی خاوەن بەهرەی سەردەمەکەی دادەنرێت.

ئەوەی زیاتر لەکارە ئەدەبیەکانی ئەو رۆماننووسە بەدیدەکرێت، گێرسانەوەیە لەسەر ئازارەکانی تاکی کۆمەڵگای خۆرئاواو دۆزینەوەی ئەو دەلالاتە مەجازیو خەیاڵیانەیە کەخوێنەری پێ سەرسام دەکاتو ئازادی ئەوی پێدەبەخشێت، خوێندنەوەیەکی تر بۆ دنیاو دنیابینی نووسەر بکاتو حەزو خولیایی ئەوەی لادروست بێت لەگەڵ ماناو سیحری چیرۆکی خەیاڵی هەڵ بکاتو خوێنەر ئامادە نەبێت خۆی بەسیستەمو نەریتی توندو تیژی کۆمەڵگاکەی ببەستێتەوە.

بۆیە سەرجەم نووسینەکانی (زۆسکێند) پابەند نییە بەتاکە رەهەندێکی ئەدەبیو بەڵکو تەژییە لەئیحاوو خەیاڵو بینینی جۆراوجۆرو خوێندنەوەی سروشتو کۆمەڵگا بەتێڕوانینێکی تر.

بەم شێوەیە، دەتوانین، ڕۆمانەکانی (زۆسکێند) بەوە پێناسە بکەین، کەگەڕانێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو تواناو هێزە شاراوەیەی کە لەخودی هەر تاکێکماندا بوونی هەیە.

هەروەك دەبینین نووسەر زۆر بوێرانە توانیویەتی زاڵبێت بەسەر ئەو جیهانە ئاڵۆزەی کە لەدوو توێی ڕۆمانەکانیدا خستویەتییەوە پاڵەوانەکانیشی لەکەسێکی ئاسایی و سادەیی نێو کۆمەڵگا کتوپڕ دەگۆڕێن بۆ کەسانێکی لادەر لەسیستەمی ئەو کۆمەڵگایەی وەك تەڵەزگەیەك پێیەوە بەستراونەتەوە.

هەموو ئەو پێوەرو سیفەتانەش لەکەسێتی (جوناسان نۆیل)ی پاڵەوانی ڕۆمانی (کۆتر)دا ڕەنگ دەداتەوە، لەکەسێکی سادەو ساکار دەگۆڕێت بەرەو کەسێکی (کافکا)یانە، لەنێو هەراو زەنای شارە نامۆو گەورەکانی خۆرئاوا کەتاك هەموو سیفەتە مرۆییەکانی لەدەست دەدات، بەهۆی خێرایی پێشکەوتنی ژیارو دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەمەوە.

خوێندنەوەی ڕۆمانی (کۆتر)ی زۆسکێند، بەرەو قوڵبونەوەی خەیاڵ و ڕووداوی ترسێنەرو چارەنووسی بێ کۆتایی پەلکێشمان دەکات، دەمانخاتە نێو دێوەزمەی ئەو گریمانەی کەڕەنگە بەدرێژایی زەمەن وێنایەکمان لەچارەنووسی (جوناسان نۆیل) پێشکەش بکات و وامان لێبکات ڕووبەڕووی ئەو ژیانە ناماقوڵە ببینەوەو پرسیار بکەین و بڵێین ئایا دەبێت کۆتایی چارەنووسی هەر تاکێك لەئێمە بەو مەرگەساتە تێپەڕێت؟ کەڕووبەڕووی (نۆیل) دەبێتەوەو دووبارە دەبێتەوە یان پرسیار بکەین و بڵێین ئایا؟ بەگەشبینییەوە یان ڕەشبینییەوە لەکۆتایی جیهان بڕوانین!!! ئەمە ئەو پرسیارانەیە کە (باتریك زۆسکێند) دەیانخاتە ڕوو.

سەرچاوە:

ڕۆمانی (الحمامة)، باتریك زۆسکێند، ترجمة: عدنان عبدالسلام أبو شامات، دار ورود، سوریا، ١٩٩٩.

## دوو تەنزە چیرۆک

نوسینی: تۆفیق زیاد
وەرگێڕانی بەدەستکاریەوە: تۆفیق عەبدول

# کەرژمێریی

سوڵتان دارو دەستەکەی کۆکردەوە و لێی پرسین:

ـ دەمەوێت بزانم کێ دەزانێت ژمارەی ئاغا وبەگ ئەوانەی موچەی تایبەتمان بۆ بڕیونەتەوەو لەچەند شوێنێك موچە وەردەگرن لەگەڵ ئەوانەی لەقەوم و قیلەی خۆمان بەبێبڕوانامە لەپۆستەگرنگەکاندا دامانناون لەوڵاتەکەماندا چەندە؟

ئەوەی راستیبێت سوڵتان بەم پرسیارە کتوپڕە وەزیرەکانی تەنگەتاو کرد هەر یەکە بەواق وڕمان و بێدەنگییەوە سەیری ئەوانیتری دەکرد.

سوڵتان لەسەری رۆیشت و وتی:

ـ کەس نازانێت ها؟؟ کەسیش نازانێت کێ دەزانێت؟!.

دوای ئەوەی بۆ جاری دوەمیش هیچ وەڵامێکی دەست نەکەوت هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا و دەستی هێنا بە ریشە سورە خەناویەکەیدا و وتی:

ـ ئەوە ماوەیەکە بەدەست ئەم کێشەیەوە تیا ماوم بۆ هەر شوێنێك دەچم لەکۆشك و دەزگا و وەزارەتەکان، یان روو دەکەمە هەر لایەکی ناوچەکەمان کۆمەڵێکی لەژمارەنەهاتوم لەمانە پێدەگات، پرسیار دەکەم دەڵێن ئەمە مامۆستا فلانە، تیتکزای فلان کەس ئاغایە یان ئەمە فلان کەس بەگە دەڵێم چۆن؟! دەڵێن ئەمە ئاغایە لەبەر ئەوەی وایکردووە، ئەوە بەگە لەبەر ئەوەی (بحر المیت)ی کوشتووە، فلانە وا لەبەر ئەوەی (خط مائل) بووە، فیسار وا لەبەر ئەوەی بەرماڵێکی زۆری خستۆتە مزگەوتەوە، ئەمەیان لەبەر ئەوەی کچەکەی شوی پێکردوین، ئەوەیان لەبەرئەوەی کچەکەیمان خواستووە... بەمجۆرە وەزیری یەکەم غیرەتی نایە بەر خۆی و وتی:

ـ ئەمە هەمووی لەسایەی جەنابتانەوەیە.

ـ بەڵێ ... بەڵێ ... لەسایەو پیاوەتی ئێمەوەیە نکوڵیمان لەمە نیە، بـەڵام دەمـەوێت تەنیا بزانم ژمارەیان چەندە... تەنیا ژمارەیان، ئێمە ئەمەمان لەتۆمار دا هەیە، وا نییە؟

ـ بەڵێ قوربان.

ـ کەواتە فەرمان بدە بەبەشی ئامار، بە تۆمارەکاندا بچنەوەو ژمارەیان و لیستەیەکی ناوەکانیانم بۆ ئامادە بکەن.

کۆڕەکەی سوڵتان چۆڵ بوو، پاش هەفتەیەك سەر لـەنوێ کۆبونـەوە، وەزیـری یەکـەم هاتە دواندن و وتی:

ـ گەورەم! هەموو تۆمارەکانمان پشکنی، بەڵام ژمارەی ئەم خاوەن نازناوانـە کـەمن، هەروەها بۆمان دەرکەوت کـە ئـەم تۆمارانـە کۆنن و تاچـەند سـاڵێك لەمەوبـەریان تیـا دا نوسراوە. بەڵام ئەوانەی لەم چەند ساڵەی دوایدا ئەم نازناوی پایەبەرزییـەت پێبەخـشیون ناویان تۆمار نەکراوە.

سوڵتان ملێکی بادا و بەسەرسوڕمانێکەوە برۆکانی هێنایەوە یەك و وتی:

ـ چۆن؟

ـ قوربان! منیش پرسیومە چۆن، وتیان سوڵتانی گەورەمان ئەوەنـدە بـەخێرایی ئـەم نازناوانە دەبەخشێت بەدڵسۆزانی وڵات و دەست ڕۆیشتوان! یـانی مەبەسـتم ئەوەنـدە بـە زۆری و بێ سێ و دوو لێکردن کە ئەوان فریای ئەوە نەکـەوتون تۆماریـان بکـەن و ناویـان بنوسن.

وەزیری یەکـەم کـاتێ بینی سـوڵتان جـم و جوڵیـەتی و لەکورسـیەکەیدا شـانە وشـان دەکات، بێدەنگ بوو. دوایی هەڵی دایە.

ـ بەم شێوەیە قوربان ئیتر وازیان لەناونوسین هێنا، چونکە لەوە دڵنیا بـوون کـە ئـەم هەموو خەڵاتە بێژمارانە بەوان ناونوس ناکرێت. بێدەنگیی باڵی کێشا بە سەر کۆڕەکـەدا، هەتا دەنگی وەزیر دڕی پێدا:

ـ بەڵێ قوربان، لەبەر ئەوە ناتوانین ئەو لیـستە پێـشکەش بەبـەڕێزت بکـەین ئـیتر ڕا، ڕای جەنابتانە.

جـارێکیتر بێـدەنگیی ئـەو نـاوەی داگرتـەوە و هـەموو چـاوەڕوانی جوڵەیـەکی لێـوی سوڵتان بوون.

ئـەم جـارەش دیوەخـان بـەتاڵ بـوو بێئـەوەی نـە سـوڵتان نـە یـەکێك لەدارودەسـتە زیرەکەکـەی ڕێگایـەك بدۆزنـەوە بـۆ سـەرژمێرکردنی گەنـدەڵ و مـشەخۆرەکانی وڵاتـە ئاوەدانەکەیان.

(٢)

مەسەلەکە هەفتەیەك مێشك گوشینی ویست و سـوڵتانی دانـا ڕێگایـەکی پـسپۆڕانەی دۆزیەوە، ناردی بە دوای کاربەدەستاندا بـۆ کۆبونـەوە، دوای ئـەوەی هـەموو یـەکیانگرت پێی وتن:

ــ یـەك ڕێگـام دۆزیوەتـەوە، دوا بـەگ و دوا ئاغـا سـەر ژمێـر دەکـەین بێئـەوەی یـەك کەسمان لێ تێکبچێت.

هەموو وەزیرەکان بەیەك دەنگ و هەر یەکـە بـە پێی گرنگی وەزارەتەکـەی دەنگیـان هەڵبڕی.

ـ ئەی سەری پاشامان خۆش و سەلامەت بێت... چۆن؟

"ڕۆژێك دیاری دەکەین هەموو ئاغاو بەگەکانی وڵات ئاگـادار دەکـەین کـە لەپایتەختـدا کۆ ببنەوە، دەستە دەستە و کۆمەڵ کۆمەڵ بە ڕیز بە بەر کۆشـکدا بـڕۆن و خۆشـم لەبـەر هەیوانی کۆشکا ئەوەستم و ئەیانژمێرین".

سوڵتان ئەمەی وت و بەخۆشـییەکەوە دەسـتەکانی لەیـەك ئەخـشاند و چـاوی ئەبڕیـە چـاوی وەزیرەکـانی، بـۆ ئـەوەی بـۆی دەربکـەوێت زیرەکییەکـەی تـا چ رادەیـەك کـاری تێکردون، پیاو حەق بڵێت پلانەکەی سوڵتان کارێکی وایکردبووە سەر وەزیران، هەموویان فیکە و هەناسەی بە لاوە ماقوڵ بونیان لێبەرزبووەوە.

ــ فـەرمان ئـەدەین ئاغاکـان بەسـواری هێـستر و بەگـەکانیش بـە سـواری کـەر بـێن.. لەپێشا دەستەی ئاغاکان بە بەردەممانا بڕۆن، دەیانژمێرین، دوای ئەو دەستەی بەگـەکان بڕۆن و ئەوانیش دەژمێرین بەم شێوەیە لەم گیر و گرفتە رزگار دەبین. دیسانەوە بێدەنگ بووەوەو لەخۆشیدا دەستەکانی لەیەك خشاند و چاوی بڕیبووە چاوی وەزیرەکـان. ئینجـا بە وەزیری یەکەمی وت:

ـ دەبێت هەر ئێستا فەرمانی پێویست دەربکەیت.

(٣)

فەرمان بە جێهێنرا.

لە بەرەبەیانی ڕۆژە دیاریکراوەکەدا هەموو ئاغاو بەگی وڵات کۆبوونەوەو هەر ئاغایەك خۆی و هێسترەکەی و هەر بەگێك خۆی و کەرەکەی. سوڵتانیش لەبەر هەیوانی کۆشکدا و وەزیران و دەست و پێوەندە نزیکەکانیش لەپشتیەوە وەستابون و جاڕی دەست پێکردنی ئەم فیستیڤاڵە گەورەیە درا.

دەستەی ئاغایان دەستیانکرد بەڕەتبوون، هێستر ڕیز لەدوای ڕیز بۆئەوەی بەئاسانیش بژمێردرێن، هەر ریزێك پەنجا دانە بوو، ڕەتبوون بەردەوام بوو، ڕیز لەدوای ڕیز و سەعات لەدوای سەعات، ناونوسەکانیش ئەژمێرن و ئەنووسن و کۆی دەکەنەوە، هەتا تەواو بوو ئینجا نۆرەی بەگەکان هات، ڕیزە کەر لەدوای ڕیزە کەر هەر ڕیزێکیش سەد دانە بوو، سەعات لەدوای سەعات هەر دەهاتن هەتا ڕۆژ درەنگ بوو، کاتێك کە دوا دەستە ڕەتبوو سوڵتان و دارو دەستەکەی ویستیان پشویەکیان بێتەوە بە بەرداو ناونووسەکانیش ئەوەندە شەکەت بوون ئارەقیان لێدەچۆڕا، کاغەزیان نەمابوو، پێنوس هەموو نوکی کول ببوو، خەریك بوو تاریك دابێت، بەڵام هەموو لەسەرئەو شەکەتیەشدا زۆر بەگیانیان خۆشبوو کە ئەو کارە ناڕەحەتەیان ئەنجامدا، بەڵام لەپڕ سەیریانکرد شاڵاوی خەڵکێکی پیادەی زۆر وەکو لافاو بەبەردەم کۆشکی سوڵتاندا ڕێئەکات، سوڵتانیش ژاکاوە و لەسەر سوڕماندا بستێك دەمی داچەقاندوە، بەتایبەتی کە بینی ئەم سەری وا ڕیز ڕیز هات و کەس نازانێت ئەو سەری لەکوێیە، ناو نوسەکانیش وەکو توشی کارەساتێکی کت و پڕ بوبن واقیان وڕماوە بە تایبەتیش کە خەریکە دنیا تەواو تاریك ببێت، سوڵتانیش بەناو وەزیرەکاندا چاو دەگێڕێت دەیەوێت تێبگات مەسەلە چییە! هەتا چاوی کەوت بە وەزیری یەکەم.

ـ ئەمە چییە؟!

ـ قوربان ئەوە (وەزیری یەکەم ویستی وەڵام بداتەوە)

ـ ئێمە نەمان وت تەنیا ئاغا و بەگ؟

ـ قوربان ئەمانیش ... دیسانەوە وەزیر ویستی قسە بکاتەوە.

ـ چۆن...؟! پێم بڵێ ئەمانە کێن؟! پاشا بە هەموو دەنگی نەڕاندی بە سەریا وەزیریش پێی نا بەجەرگی خۆیداو وتی:

ـ قوربان ئەمانیش بەگن ... بەڵام لەسەرتاسەری وڵاتدا کەرمان دەست نەکەوت بە قەد ژمارەی خۆیان.

سوڵتانیش تۆزێك ڕاما هەتا دڵی قسەکانی وەزیری وەرگرت لەپڕ دایە قاقای پێکەنین، پێکەنی و پێکەنی هەتا خۆی پێنەگیراو بە پشتا دای بە زەویدا، قاچەکانی بە ئاسمانەوە یارییان دەکرد، وەزیرەکان و داردەستەکەش هیچ چارێکیتریان نەبوو ئەوە نەبێت ئەوانیش چاو لەو بکەن.



# سەعە دووشەش

سەعەدووشـەش لەدۆمینـەدا بتکولاَندایـە ئۆخـەی نـەدەکرد هـەموو رۆژێـك لەبـەیانی زووەوە لەچـایخانەی گۆڕەپانەکـەدا دادەنیـشت و چـای کـەمڕەنگی دەخـواردەوە، چاوەڕوانی چایخانە دۆستەکانی دەکرد تـا نێـچیرێکیان لێـڕاو بکـات و کاتەکـەی لەگەڵـدا بکوژێت، یاریزانەکان هەر لەبەیانیەوە هەتا ئێوارە دەچوونە سەر مێزەکەیی و یەك لەدوای یەك لێی دەبردنەوە. کاتێك کە ئەچوە ناو یاریەکەوە ئاگای لەدەورووپشتی خـۆی نـەدەما، نـەباران دەیتـوانی کـۆڵی پێبـدا نەدەنگـەدەنگ و قـەرەباڵغی، خـەڵك ژیـان و گێروگـرفتی خۆیان هەیەو جیهانیش چارەنوسی خۆی هەیە، سەعەدووشەشیش مێزو کاغـەزو قەڵـەمی دارو چـایزەردی خـۆی هەیـە. بـەڵام ئـەمڕۆ هاوڕێیـەکی دەسـتنەکەوت یارییـەکی لەگەڵـدا بکات، وەکو پیشەیی هەمیشەی  بەدوای بەرامبەرێکدا ئەگـەڕا بێئـەوەی بەلایـەوە سـەیر بێت کە چایخانەکە هیچ کەسێکی تیا نییە، بەڵکو دەرکیشی بـەوە نـەکردبوو کـە شـتێکی تازە بە سەر شارەکەدا هاتوەو بـارێکی نائاسـایی هـەموو کۆڵانـەکانی گرتۆتـەوەو هـەموو دانیشتوانی شار نزیك گۆڕستانەکە کۆبونەتەوەو خۆیان ئامادە کـردوە بـۆ خۆپیـشاندانێك لەگۆڕەپانەکەدا. تێبینی ئەوەشی نەکردبوو کە هەندێك سەرباز سەری کۆڵانە گرنگەکانیان گرتووە، چونکە چایخانەکە و ئەوەی تیایەتی –لە کاغەز و پول و مێـز– تـەنیا مەبەسـتی ئەو بوو. لەپڕ هەراهەرایەکی گوێ لێبوو چووە دەرەوە بزانێت چییە ! . بینی خەڵکەکە بـە هەموو لایەکدا شەپۆل دەدەن، سەربازەکانی بینی بڵاوەدەکەن و بـەرەو ڕوویـان دەڕۆن و تەقـە دەکـەن بەئاسمانـدا، بۆڕەیـەکی لێهەسـتاو پولـەکان و قەڵەمەکـە و ژێرپیاڵەکـەی لەدەست کەوتە خوارەوە.

***

ئـەوەی ئـەمڕۆ لەبـەردەمی ئـەو چـایخانەیەدا بووەسـتێت دەبینێـت لەسـەر هەنـدێك لەدیوارەکان نوسراوە (گۆڕەپانی شەهید حەمەسەعید).

بەڵام عەبەخڕە کابرایەکە ئابروی خۆی لەکۆکردنەوەی سامان و خۆراك و پۆشاکدا بردووە. ئەو پیاوانەی کە چیایان کردووە بە بێشە، پێویستیان بە ئازوقە و پێخەف هەیە. ئەویش زۆر لەخۆبوردو بوو لەیارمەتی دانیاندا. هەموو رۆژێك دەیبینیت بەدوکانی بازرگانەکاندا ئەخولێتەوە، سواڵی خواردەمەنیان لێئەکات بۆ ئەوانەی کە خوێنی خۆیان بەخشیوە بە (کێشەکە) و هەستی شۆڕشگێڕی دەبزواندن و مژدەی دوارۆژێکی روناکی پێئەدان، خەڵکیش هیچ درێغییان نەدەکردو رەزیلییان نەدەنواند، مادام باربووەکانیان لەخزمەتی (کێشەکە)دایە. ماڵەکەی پڕ دەبوو لەفەردە برنج و شەکرو ئاردو رۆن و کەلوپەل و پێخەف و پارە بەو هیوایەی بگاتە لوتکەی چیاکان. دوای خۆرئاوابوون پیکابێك لەبەر دەرگاکەیاندا دەوەستا کە کابرایەکی کەڕ ولاڵ لێی دەخوڕی، ئەوەی لەماڵەکەیدا کۆکرابووەوە باریدەکردو هەندێ بۆڵەبۆڵ وئیشارەتی دەکردو ڕێگای خۆی دەگرتەبەر، خەڵکەکە وا تێگەیشتبوون ئەم کابرا شۆفیرە بەئەنقەست خۆی کەڕولاڵ کردوە بۆئەوەی گومانی لێنەکرێت، بەڵام دۆستەکانی عەبەخڕە کە هەموو ئێوارەیەك دەهاتن لای ئەو بلەوەڕێن دەیانزانی ئەو کابرایە بەڕاستی ناتەواوەو دەلاڵی کابرایەکی قاچاخچییەو شتەکان بەرەوسنور باردەکات.

***

ئەوەی ئەمڕۆ لەبەردەمی ماڵەکەی کاك عەبدوڵلا دابوەستێت ئەبینێت بووە بە تەلارێکی قەشەنگ، باخچەیەکی رازاوە دەورەی داوە و بەردەوام ئۆتۆمبێلی نایابی لەبەردەمدا دەوەستێت...

(٣)

خەڵك خوێن گەرمی و نەبەزی و توانای هەژاندنی گیانی خۆڕاگری و نەگۆڕانی قالەدرێژ دەزانن... لەهەر شوێنێك بێت داوا لەخەڵکەکە دەکات خۆڕاگربن و لەمزگەوت و چایخانە و بازاڕو کۆڕدا وتاریان بۆ دەدات و نەخشەی زۆربوونی پیاوەکان ئەکێشێت و ئەوەی رۆژنامەکان بڵاوی دەکاتەوە شییان دەکاتەوە. هەر ئەوەندەی بەزینێك یان ساردبونەوەیەك لەخەڵکەکەدا ببینێت وتاریان بۆ دەدات و سەربەرزیی باپیران و چێژی سەربەستییان بیر دەخاتەوە. ئەو هەر چی لەدڵی خەڵکدایە دەیزانێت و کەس هیچ ڕێگایەکی لێناشارێتەوە کە دەچێت بۆ ئەشکەوتەکانی چیا. هەروەها هەموو نامەو نوسراو

و هێنـان و بردنێـك دەبینێـت و لەوانەیـە ئـەو بـۆ خاوەنـەكانیانی بخوێنێتـەوە ئەگـەر نهێنییەكانیان بۆ شیتەڵ نەكرێت.

ئەو هیچ كاتێكیش لەشار ناچێتە دەرەوە تەنیا یەك ڕۆژ نەبێت لەهەفتەیەكدا ئـەویش ئـەو ڕۆژەیە كـە زانیارییـەكانی بـەرز دەكاتـەوە بـۆ ئـەو كەسـانەی سـودی لێدەبینن بـۆ هەرەس هێنان بەخۆڕاگری خەڵك و نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەكی.

***

ئەمڕۆ كێ ڕوو ناكاتە مامۆستا قادر بۆ دابینكردنی پێویـستییەك یـان واسـیتەیەك یـان كار مەیسەركردنێك؟

(٤)

خەڵك هەموو لەزۆرداریی (عەلی حوشـتر) دەترسـن، چـونكە فەرتەنـە بـەرپا دەكـات و تەڕو وشك پێكەوە دەسوتێنێت، هەرگیز دودڵی ناكـات ئەگـەر ویـستی تاڵانێـك بكـات یـان سەرانە لەبازرگانەكان بسەنێت یان بدات بە سەرهەندێك لەجوتیارەكاندا، ئەو شـەوو ڕۆژی بۆ نییە، چونكە هیچ هێزێك ناتوانێت بەرپەرچی بداتەوە هەر كـە خـەڵك ببیـنن ڕوویكـردە بازاڕ خۆیان قوتـار دەكـەن و هەرچییەكیان بەدەسـتەوە بێـت بـۆی بەجێدەهێڵن و هـەر چییەكی بەدڵبێت دەیبات و بەدەستكەوتەكانییەوە دەگەڕێتەوە حەشارگەكەی.

خەڵكەكـە چـەند جارێـك پـەنایان بردۆتـە بـەر حكومـەت، بـەڵام عـەلی حوشـتر خـۆی دەزانێـت كـە پیـاوانی حكومـەتیش لێـی دەترسـن، چـونكە هـەتا پـەلاماری نوختـەكانی ئەوانیش دەدات و سەگەكانیان دەترسێنێت و بڵاوەیـان پێدەكات و پێیـان دەڵێـت: (لـە مقەبا دروستكراون)، بەڵام (مقەبا) ئەمجارەیان ویستی تۆڵەی خۆی بـستێنێت، سـەگەل و زەلامی زیاتری هێناو لەپشت هەندێ بنچكەوە بۆسەیەكیان بۆ دانا و چاوەڕێی (حوشـتر) بـوون بێـت و تێـی بكـەوێت. هـەر ئەوەنـدە دەركـەوت سـەگەل و چـەكدار پەلاماریانـداو ویـستیان بەزینـدوویی بیگـرن، بـەڵام لەدەسـتیان دەربـاز بـوو، بـە تونـدی ژەنـدی لەئەسـپەكەیەوە و وەكـو ئـەو ئەسـپە باڵدارەی لێهـات كـە لەئەفسانەدا باسـیدەكەن... چەكدارەكان بەهەموو ئامێرەكانیانەوە دوای كـەوتن، ماوەیـەك ون بـوو، بـەڵام دیسانەوە دەركەوتـەوەو نیـشتنەوە سـەری. خێراتـر بـوو تـا لەپـشت هەنـدێ گردۆڵكـەوە ون بـوو،

پیاوەکان و سەگەکان و هەرا هەراکە وازیان لەڕاونانی هێناو گەڕانەوە بۆ بنکەکانی خۆیان و چاوەڕوانی عەلی حوشتریان دەکرد.

بەڵام پەنای بردە بەر لوتکە سەرکەشەکانی چیا و چاوەڕوانی گۆڕانی ئەو بارەی دەکرد.

بارەکە گۆڕا، ئەو ڕۆژەی کە کێشەکە ڕێبازێکی نوێی گرتە بەر و پیاوەکان ناچاربوون دەست بدەنە چەك، ئەویش بە شێوەی ئەوان خۆی گۆڕی و خۆیکرد بەناو ریزەکانیاندا.

***

کێ دەزانێت ئەمڕۆ ئەو ئەفسەرە گەورەیەی کە گەیشتۆتە بەرزترین پلەی سەربازیی، لەمەو پێش پێیان دەوت عەلی حوشتری کوڕی ئەحە حوشتر؟!.

(٥)

هەروەها ئەمڕۆ کێ دەزانێت ئەو کابرایەی کە سەرکردەی خەڵکەکە بوو لەگۆڕەپانی شەهید حەمەسەعیدداو کڵپەی پێسەندن. ئەو کابرایەیە کە ئەمڕۆ ڕێبوارەکان هەندێ وردەواڵەو کلینیکس وپیلیقەڵەمیی لێدەکڕن؟

(٦)

چیرۆك بێژەکە وتی: ئەرێ برادەرینە! کەی رووپۆش لەسەر فایلەکانی تریش هەڵدەدرێتەوە؟!.

**هونەرمەند ڕێبوار سەعید:هونەری شێوەکاریی کوردی لەئاستێکی جیهانیدایە**

**دیداری عەتا مەحمود**

**دەرهێنەری عیراقی سەعید سەلمان دەربارەی فیلمەکەی**

**و.لەعەرەبییەوە: دلێر محەمەد**





## هونەرمەند ڕێبوار سەعید:

# هونەری شێوەکاریی کوردی لەئاستێکی جیهانیدایە

دیداری: عەتا مەحمود

ڕێبوار سەعید لەساڵی ١٩٦١ لەشارۆچکەی تەوێڵە لەدایکبووە، بڕوانامەی ماستەری لەزانکۆی (میدڵ سیکس) لەبەریتانیا بەدەستهێناوە، خاوەنی چەند پێشانگایەکی تایبەت و هاوبەشە، خاوەنی چەند پرۆژەیە، کە دیارترینییان پرۆژەی پێنج هەزار پۆرترێت پێنج هەزار شەهیدی مۆنۆمێنتی هەڵەبجەیە، ئێستا سەرۆکی بەشی شێوەکارییە لەکۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئاستی ئێستای هونەری شێوەکاریی، بەباشمانزانی لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەماندا دیدارێکی تایبەتی لەگەڵدا سازبکەین.

***هەڵسەنگاندنی تۆ چییە بۆ ئاستی ئێستای هونەری شێوەکاری؟**

–بۆ پێوانەکردنی ئاستی هونەری شێوەکاریی لەکوردستاندا پێوانەیەکمان لانییە، پێوانەیەکی ستاندارد، کە پێناسەی دابەزینی ئاستی هونەریی بکات، چونکە پێوانەکردنی ئەو ئاستە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێوەرانەی کە هەتا ئێستا زۆر بەخاوی‌و زۆر بەکەمی دەبینرێت، ئەوەش ناتوانێت پێناسەیەکی وا راستەقینە وەربگرێت، کە ئێمە بتوانین ئاستی بەرزو نزمی ئەم هونەرەی پێبەراورد بکەین.

***دەکرێت لێرەدا بپرسین ئەو پێوەرانە چین؟**

–هەڵبەت ئاستەکانی هونەری شێوەکاریی لەکوردستاندا دەتوانین ببەینە سەر ئەو خاڵانەی کەئایا لەکوردستاندا گەلەری پرۆفیشناڵ هەیە؟ مۆزەخانە هەیە؟ گۆڤاری تایبەت بەهونەر تا چ ئەندازەیەکە؟ رەخنەی هونەری شێوەکاریی کوردی لەچ ئاستێکدایە؟ (کۆلێکتەرەکان)ی هونەر لەم وڵاتەی ئێمەدا بوونیان هەیە؟ قسەکردن لەسەر هەریەك لەم خاڵانە دەمانباتە ئەو شوێنەی کە قسە لەسەر ئاستەکانی هونەری شێوەکاریی کوردی بکەین.

بوونی گەلەری بەواتای گەلەری لەم وڵاتەدا لەئاستێکی زۆر سەرەتاییدا دەبینرێت، گەلەرییەکانی کوردستان هەرهەمووی ئاستێك نییە بۆ پیشاندانی ستایلێکی تایبەت بەهونەر، بەپرۆفیشناڵبوونی هونەرمەندان، بەقوتابخانە جیاوازەکانی هونەر، بەئەزموونە جیاوازەکانی هونەرمەندان، کاتێك گەلەرییەکان کاراکتەری تایبەتی خۆیان دروستدەکەن دەتوانن ببنە ئاستێك بۆ بەرزبوونەوەو وەرگرتنی ئاستی هونەری هونەرمەندان، ئەگەر ئێمە نموونەیەکی بەردەست وەربگرین لەوڵاتێکی وەك بەریتانیا یان فەرەنسا یان لەهەر وڵاتێکی ئەوروپادا، هەندێك گەلەری هەیە دەکرێت کاری ئەو هونەرمەندە ئەماتۆرانەی تێدا نمایشبکرێت کە لەسەرەتای خولقاندنی کارەکتەری هونەری خۆیاندان، کاتێك ئاستی هونەری ئەم هونەرمەندە لەهەوڵە بەردەوامەکانیدا بەرز دەبێتەوە، ئەوکاتە ئاستێکی هونەری دیکەی گەلەری هەیە، کەپێشوازی دەکات لەوەرگرتنی بەرهەمی ئەو هونەرمەندانەی کە لەقۆناغی سەرەتاییەوە هەنگاو دەنێن بەرەو دروست بوونی کارەکتەری خۆیان، کاتێك ئەم هونەرمەندانە بەهیلاکی و ماندووبوون بەدنیابینینی خۆیان دەتوانن ئاستی هونەرییان بەرزتر بکەنەوە ئەو کاتە گەلەرییە پرۆفیشناڵەکان بۆ نموونە شوێنێکی وەك (تێت گەلەری) لە لەندەن و (فینۆلداسك) لەفەرەنساو دەیان گەلەری لەوڵاتانی دیکە پێشوازی دەکەن لەوەرگرتنی کارە هونەرییەکانیان، زۆر ئەستەمە ئەو هونەرمەندانەی کە ناچنە ناو خانەبەندی هونەرمەندە پرۆفیشناڵەکانەوە کارەکانیان لەو گەلەرییە ناودارە پلە یەکانە پیشان بدرێت، نمایشکردنی کاری هونەری لەو گەلەرییانەدا پێناسەیەکە، ئاستێکی هونەرییە، فیزەدانە بەهونەرمەند کە لەچ ئاستێکدا قبوولکراوە، بەهەمان شێوە گۆڤارو رۆژنامەکانیش لەئاستێکدا کار لەسەر خوێندنەوەی بەرهەم و رەخنەی هونەری دەکەن، کە رەنگە تەنها بەسبێت هونەرمەندێك لەیەکێك لەوگۆڤارە

هونەرییانەی کە لەئاستی کوالیتیدا پلە یەکن، کاتێك شتیان لەسەر دەنووسرێت و بڵاودەبێتەوە ئەمەش پاسپۆرتێکی دیکەیە دەدرێتە هونەرمەند، دەتوانین لەو ئاستەدا بیخوێنینەوە کە رەخنەگرانی پرۆفیشناڵ کەسانی شارەزا بەدنیای هونەر پێناسەی ئەمانە دەخەنە ناو ئەو گۆڤارو نووسینانەی تایبەتن بەرەخنەی هونەری، یەکێك لەرەهەندەکانی دیکە کە لەدەرەوە کاری لەسەر دەکرێت کوالێکتەرەکانی هونەرە، ئەو کەسانەی کە هێندە شارەزان لەبواری هونەریدا رەنگە پێشهاتی ئەوە بکەن کە دە ساڵی دیکە لەئەوروپادا چ هونەرمەندێك دەتوانێت کارە هونەرییەکانی لەئاستێکی بەرزدا بخوێندرێتەوە، کام شێوازی کاری هونەرییە برەودانی دەچێتە پێشەوە، کام هونەرمەندەیە دەکرێت ببێتە هونەرمەندێکی جیهانی و کارە هونەرییەکانی لەرووی ماددییەوە قازانجێکی گەورەیان بۆ بەدەست بهێنێت؟، ئەم کۆلێکتەرانە لەمێژووی هونەردا دەورێکی بنەرەتییان هەبووە، وەك چۆن دەرهێنەرەکان یان ئەوانەی لەپشت دەرهێنەرەکانەوەن لە(هۆلیود) توانیویانە مێژووی سینەما وەرچەرخێنن، بەهەمان شێوەش کوالێکتەرەکان لەدنیای هونەری شێوەکاریدا لەئەوروپا توانیویانە داهاتووی هونەر، ئاراستەی هونەر، تائەندازەیەکی زۆر بەرەو ئەو شوێنە بەرن کە خۆیان مەبەستیانە.

***لەلای ئێمە، گەلەرییەکان یان میدیاکان تا چەند توانیویانە ریزبەندی یان پۆلێنکردن بۆ کاری هونەریی بکەن؟**

–لەلای ئێمە ئەم خاڵانە زۆر بەسەرەتایی دەبینرێت، گەلەرییەکانی کوردستان هونەرمەندان لەهەموو ئاستێکدا دەتوانن نمایشی کارەکانی تێدا بکەن، گۆڤارەکان رەزامەندی وەرگرتنی باشترین نووسەری ئێمە دەکەن و رەنگە کەسێك بێت کە لەبواری نووسیندا لەسەرەتادا بێت ، رۆژنامەکان بەهەمان شێوە، تەلەفزیۆنەکان بەهەمان شێوە، میدیای ئێمە میدیایەکە ناتوانێت یان نەیتوانیوە تاکو ئێستا کارەکتەری پرۆفیشناڵبوون بۆ خۆی دروستبکات، ئەمەش رەنگی داوەتەوە تەنانەت لەناو عەقڵییەت و سیستمی بەڕێوەبردن، عەقڵییەت و سستمی سیاسی، عەقڵییەت و سیستمی کۆمەڵایەتی، عەقڵییەت و سیستمی هونەری شێوەکاری، رەنگە لەلای ئێمە ئەو هونەرمەندە جدیانەی لەبەرچاون و کاری جدیان هەیە توانیبێتیان مێژوویەك بۆ خۆیان دروستبکەن، بەڵام هەرگیز

نـەیانتوانیوە ببنـە بزافێکـی هونـەری کاریگـەر، کـە کاریگـەری خـۆی بەسـەر رەهەنـدە کۆمەڵایـەتی و کـەلتووریی و ئـایینی و ئابوورییەکانـەوە جێبهێڵێـت، هەمیـشە وەك پاشکۆیەکی بێهێز کاری لەگەڵ کراوە، هونەرمەندانیش هەمیشە لەسنووری ستۆدیۆکەی خۆیان و لەسنووری ئەو دەسەڵاتەی کە کەلتووری ئێمە پێی بەخشیوە نەیتوانیوە وەك بوونیادێکی مەعنەوی بخوێنرێتەوەونەیتوانیوە کـاریگەری خۆی جێبهێڵێت، بێمەڵامەت



نییـە هـۆڵی کۆنفرانـسەکان، ئوتێلـەکان، هـۆڵی زانکۆکـان، بەبەرهـەمی بازرگـانی رازێنراوەتەوە، بێمەڵامەت نییە سەرمایەداری ئێمە تائێستا نەیانتوانیوە بەرهەمی هونەری بکەنە بەهایەکی ماددی کە کارەکتەری خۆیانی تێدا ببیننـەوە، ماڵـەکانی ئێمـە هـەمووی چـوونیەکن، دیـواری ماڵـەکان بەشـێوەیەکی گـشتی دەتـوانین هـەمووی لـەدوو سـێ دابەشبووندا ببینینـەوە، ئەمـەش لەسـەر ئاسـتی نـەبوونی ئـەو زهنییـەتی رۆشـنبیرییەیە هەسـت بـەبوونی دیوارێك ناکـات کـە بەبەرهـەمێك رازابێتـەوە، پێشوازیکردن لەبەرهەمـە بازرگانییەکانی دەرەوە کاریگـەری زۆر زیـاترە لەکاریگـەری هونـەری شـێوەکاری بەسـەر کۆمەڵگەی ئێمەدا، رەنگە هونەرمەندان تا ئەندازەیەك خەمساردییان هەبێت لـەم بزافـەدا،

بەڵام هونەرمەندیش کە پشتیوانی نەبوو، کە بەرهەمەکانی نەیتوانی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی دابینبکات، تاچەند و تاکوێ دەتوانێت بەردەوامبێت، بەردەوامنەبوون لەسەر کاری هونەری تەنها لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە هونەرمەندانی ئێمە هونەرمەندانێکن توانای داهێنانیان نییەو ئاستی ڕۆشنبیرییان دیاریکراوە، وەك چۆن منداڵێك پەروەردە دەکرێت بەو شێوەیەش دەکرێت ئاگامان لەپەروەردەکردنی ئەو منداڵە بێت کە منداڵی شێوەکاریی کوردییە، بەبەردەوامبوونی ئەم ڕۆشنبیرییە لەکەناڵەکانی پەروەردەییدا دەکرێت زهنییەتی کۆمەڵگا بگۆڕێت.

***بەشێوەیەکی گشتی کێشە یان ئاستەنگەکانی هونەری شێوەکاری چییە، پێشنیازت چییە لەو بارەیەوە؟**

–یەکێك لەکێشەکانی ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەیە کە نەبوونی یان کەمبوونی کەسانی ڕۆشنبیری بەهونەر کەسانێك کەتوانای خوێندنەوەی هونەریان هەبێت، توانای ئاشکراکردنی ئەو کۆدانەیان هەبێت کە دەکرێت لەچاوی بینەرەوە جارێکیتر بیانبینینەوە، هونەرمەند کاتێك ئەفراندنەکانی خۆی لەناو بەرهەمی هونەریدا بەرهەم دەهێنێت، نازانێت لەکوێدا داهێنانی کردووە، نازانێت هێڵەکانی بەرەوپێشچوونی کارە هونەرییەکەی لەکوێدایە، بەڵام لێرەدا ڕەخنەگری زیرەك، بینەری زیرەك و بەئاگاو ڕۆشنبیر لەسەر ئاستی هونەری دەتوانێت ئەو کۆدانە ئاشکرا بکات، کە هونەرمەند کاری لەسەر کردووە، لێرەشەوە ئێمە دەتوانین ئەو هونەرمەندانەی توانای ئەفراندنی جوانتریان هەیە زیاتر ئاشنایان بکەین بەڕۆشنبیری خۆمان.

–یەکێکی تر لەکێشەکانی ڕۆشنبیری هونەری ئێمە ئەوەیە، هونەری ڕۆشنبیری لەناو سنوورێکی زۆر دیاریکراودا دێت و دەچێت لەناو شارەکانی کوردستاندا، تەنها لەهەواڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکاندا لەچەند ڕیپۆرتاژێکی سادە زیاتر هیچی دیکەت پێناگات، بەئاگانەبوونی ئێمە نەك لەسەر ئاستی هونەری دەرەوەی خۆمان، بەڵکو لەسەر ئاستی هونەری ناوخۆشماندا پێگەیەکی هێندە کزی دروستکردووە، بێدەنگییەکی هێندە سامناك هەیە لەناو ئەم بزافە هونەرییەدا کە کاریگەرییەکی وەهای دروستکردووە، تەنانەت خۆشمان ئاگامان لەبەرهەمی هونەرمەندە جدیەکانی خۆشمان نییە، زۆر بەدەگمەن دەبینیت لەکوردستاندا لەسەر ئاستی هونەری شێوەکاری کۆنفرانسێك گیرابێت

یان لەسەر هونەری شێوەکاری سیمیناری زیندوو بکەن، بەشێوەیەکی جدی باس لەڕەهەندەکان و باس لەکێشەکانی هونەری شێوەکاری بکەن، بەشێوەیەك کەبتوانێت ئیزافەیەك بخاتە سەر خوێندنەوەکانی هونەری شێوەکاری، هونەری شێوەکاری ئەگەر تەنها لەناو ئەم چەند شارەدا بێت و بچێت، هونەرمەندی شێوەکار تەنها لەسنووری شارەکەی خۆیدا کارەکانی نمایش بکات، تەنها لەناو رۆژنامەو گۆڤارە ناوخۆییەکاندا وەك هەواڵێکی سادەو ساکار بەرهەمەکانی بخوێندرێتەوە، من پێموایە زیانێکی نەوعی بەداهاتووی هونەری کوردی دەگات.

-یەکێکیتریش لەو ئاستانەی کە هەست دەکەم لەکوردستاندا زۆر کەم ئاوڕی لێدراوەتەوە کارکردنە لەو دنیا تەکنەلۆژییەی کە ئەمڕۆ هونەری شێوەکاری بەرەو مەودایەکی دیکە بردووە، کارکردنی تاکڕەهەندی لەناو هونەری شێوەکاریی کوردیدا بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا دەبینرێت، زۆرکات هونەرمەند دەق ئەبەستێت بەشێوازێکی تایبەتەوە نایەوێت مجازەفە بەبەرهەمە هونەرییەکانی بکات، یان زۆرکات ترسی لەدەستدانی ئەو ستایلەی هەیە، لەکاتێکدا دەکرێت نموونەی لەبەرچاوی هونەرمەندە پێشینەکانی مێژووی هونەر کە زۆرن ئەوانەی لەتەمەنیاندا کۆمەڵێك موجازەفەی جیاوازیان کردووە، بۆ نموونە کەسێکی وەك (بیکاسۆ)، ئەگەر سەرنج بدەین کەسێکی پەیکەرسازە، بەڵام ئیشی گرافیکی و جیداری و تابلۆو دیکۆمێنتاری هەیە، بەڵام لەناو بزاڤ هونەری شێوەکاریی کوردیدا ئەم دیاردەیە زۆر بەکەمی دەبینرێت کە هونەرمەندان موجازەفە بکەن بەوەی کە بپەڕنەوە یان لەناو کایە هونەرییەکانی شێوەکاریدا تەجروبە بکەن.

بەشێك لەوەی ئەم ئاستە چۆن چاك دەبێت بەبڕوای من لەوەدایە کە ئێمە بەرهەمی هونەری خۆمان لەدەرەوەی خۆمان ببینینەوە بزانین خەڵکانی پسپۆڕی دەرەوەی خۆمان چۆن هونەری ئێمە دەخوێننەوە، لەوەدایە کە ئێمە (پلات فۆرمێك) دروستبکەین بۆ هێنانی هونەرمەندانی دەوروبەری خۆمان و وڵاتانی دەرەوەو پیشاندانی بەرهەمە ئۆرجیناڵەکانیان لەکوردستاندا، هەروەها رێکخستنی فیستیڤاڵی هونەری لەوڵاتانی دەوروبەرو وڵاتانی ئەوروپا، رەنگە ئەو هەوڵانەی کە دراوە لەسەر ئاستی تاکەکەس بێت، ئەگەر پێشانگایەك لەوڵاتانی ئەوروپا کرابێتەوە هەرگیز نەبووەتە سیستمێك کە ئێمە

بتـوانين هونـەری شـێوەکاریی کـوردی ببەینـە دەرەوەی خۆمـان بەهـەموو سـتایلە جیاوازەکانەوەو بڵێین ئێمە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەتیانەین لەناو هونـەری شـێوەکاریی کوردیدا.

لەسەر ئاستێکی دیکە باسی ئاستی شێوەکاریی کوردی دەکرێت، ئایا ئـەو پێوەرە جیهانییەی کە هونەرمەند دابەشدەکات کە لەئاستەکەی خۆیدا جێگری دەکات؟ ئایا ئێمـە دەتوانین لەو ئاستەدا کاری لەسەر بکەین؟ ئایا ئێمە دەتـوانین خانەبەنـدیمان هـەبێت بـۆ هونەرمەندەکانی خۆمان کامانەن ئەو هونەرمەنـدە لۆکاڵیانـە، ئایـا پێناسـەی لۆکـاڵیبوون لەفەرهەنگی رۆشنبیری ئێمەدا تاکو ئێستا قسەی لەسـەرکراوە؟ ئایـا هونەرمەنـد کاتێك لەلۆکاڵییەوە دەپەڕێتەوە بۆ شـارەکانی کـەو لەسـنووری وڵاتـی خۆیـدا دەناسـرێت؟ ئایـا پێناسـەکانی چـین؟ ئایا هونـەری کـوردی یـان هونەرمەنـدی کـورد لەسـنووری نیـشتمان دەپەڕێتــەوە بـۆ دەرەوەی نیـشتمان دەتوانێـت جیهـانیبوون بـۆ بەرهەمـەکانی خـۆی فەراهەمبکات؟ ئەمانە هەمووی کێشەی ئەمڕۆن کە دەکرێت قسەیان لەسـەر بکـەین تـاکو قسەش نەکرێت لەسەر پێناسەکردن و ئاستی هونـەری شـێوەکاری ئـەمڕۆ ئێمـە هەمیـشە بەڕەهاییەوە قسەکانمان لەدوو رستەدا کۆدەکەینەوە، هونەری کوردی ئاساتی دابـەزیوە، نەخێر هونەری شێوەکاریی کوردی لەئاستێکی جیهانیدایـە، هەنـدێکجار دەبێـت هێنـدەی ئەوە بەئاگابین کە عاتیفە بەرچاومان لێڵ نەکات، هێندەی ئەوە بەئاگابین کەئەمڕۆ هونەر کاریگەری خۆی بەجێدەهێڵێت بەسـەر هـەموو کایـە کۆمەڵایـەتیو سیاسـی و کلتـووری و فەرهەنگی و ئابوورییەکاندا، ئایا هونەری شێوەکاریی کوردی توانیویەتی کاریگەری خـۆی بەسەر هەریەك لەو خاڵانەدا جێبهێڵێت، ئەگەر نـەیتوانیوە بـۆ؟ ئایـا هونـەری شـێوەکاری لەدنیادا پێناسەیەکی جیهانگیری بۆخۆی دروستکردووە، بـەجیاوازیی بیرکردنەوەکانـەوە، بەجیاوازی خوێندنەوەکانەوە؟ ئایا لای ئێمە تاچەند کـاری پێدەکرێت؟ ئایا کەناڵـەکانی میدیا تاچەند ئەکتیڤن لەسەر زیندووکردنەوەی زهنیەتی کۆمەڵایەتی ئێمە بۆ قبـووڵکردنی هونەر وەك کایەیەکی زیندوو؟ ئایا عەقڵییەتی سیاسی ئێمـە تـا چ ئەندازەیـەك دەتوانێـت ئـەم جەسـتەیە بکاتـە جەسـتەیەکی کاریگـەر؟ لەکاتێکـدا دنیـای ئێمـە کراوەیـە بـەرەو دەرەوە، ئـەمڕۆ لەزۆربـەی وڵاتـەکانی دنیـادا باڵیۆزخانـەی عـیراق بـوونی هەیـە، بـاڵیۆزە کوردەکان لەوڵاتانی دەرەوە توانـاو دەسەڵاتی خۆیان هەیە، ئایا چۆن دەتوانین پاشـکۆی

ڕۆشنبیریی ئەو باڵێۆزخانانە بەهونەری کوردی چالاك بکەین؟ کە لـەو کەناڵـەوە دەتـوانین بچینە نـاو ڕۆشـنبیری عەقڵییـەتی ئـەورووپی، دەتـوانین بیانهێنینـە نـاو ئـەو هۆڵانـەی کـە میدیای ئەورووپا چاوی لەسەرە، دەنا هەرچی بەرهەمی داهێنانی ڕۆشنبیری کـوردی هەیـە لەهۆڵێکی لاوەکی ئەورووپادا نمایشی بکەین ناتوانێت کاریگەری خۆی لەسەر ڕۆژنامەیـەکی ناوخۆیی دابنێت.

***بەو پێیەی ئەزموونی چـەند ساڵێکت هەیـە، هـەم لەئـەورووپاو هـەم وەک مامۆستایەکیش لەکۆلێژی هونـەر، بـەڕای تـۆ سـستمی پـەروەردەیی ئێمـە تا چـەند کاریگـەری هەیـە لەسـەر ئاسـتی هونـەری شـێوەکاریء لەدروستبوونی کارەکتەری هونەریدا؟**

—ئێمە نەمانتوانیوە هونەری شێوەکاری لەناو سستمی پەروەردەییدا بکەینە گیـانێکی زیندوو، عەقڵییەتی پەروەردەیی ئێمە تاکو ئێستا عەقڵییەتێکە نـەیتوانیوە بەشـێوەیەکی مۆدێرن هونەر بخاتـە ڕۆحـی منداڵـەوە، لـەڕێی هونـەرەوە منـداڵ وابەسـتە بکـات، بنـەما ئەخلاقی و کلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بەرجەستەبکات، تائێستاش لەولاتی ئێمـەدا (مۆسیقاو وێنەو وەرزش) ئەو وانانەن کە هەمیشە پاسیف کراون و مامۆستاکانی لەئاستی ئەو مامۆستایانەدا پێناسـەناکرێن کەوانـەکانی (مێـژو و جوگرافیـاو ماتماتیـك) دەڵێنـەوە، هەمیشە ئەم وانانە بوونەتە پاشکۆی وانەکانی تر، پێموایە ئەگەر هونەر لەوانەکانی دیکـە کاریگـەری زیـاتر بەسـەر پـەروەردەبوونی منداڵـەوە جـێ نـەهێڵێت کاریگـەری لـەوان کەمتربێت، وانەکانی تر ئەگەر ڕێگەیەك بن بۆ کەناڵێکی مەعریفی، وانـەی هونـەر دەکرێـت بکرێتە کەناڵێکی هەم مەعریفی هەم کەناڵێك کە سستمی ئەخلاقی و سستمی دنیابینین بۆ مرۆڤەکان دروستبکات، چاوی بینەر تیژتر بکات، چاوێك هەیە پێی دەڵێن چـاوی هونـەر، گوێیەك هەیە پێی دەڵێن گوێی هونەر، ئێمە بەدرێژایی تەمەنی پـەروەردەیی منـداڵان لـەو دوو کەناڵە بێبەش دەکەین، باشە منداڵێك کە لـەماوەی ئـەو چـەند سـاڵەدا لەقۆناغـەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیدا نەتوانین ئەمادەی بکەین کـە پـەیمانگای هونـەر یـان کۆلێژی هونـەر قبـووڵ بکـات چ کارەسـاتێك ڕوودەدات، کـە ئەسـتەمە لـەو چـەند سـاڵەی خوێندنی پەیمانگاو زانکۆدا بتوانێت ئەو مێژووە هەمووی لەناوخۆیدا بتوێنێتەوەو قبـووڵی بکـات و ئـەو ڕۆشـنبیرییە ببێتـە پاشـخانێکی مـەعریفی بـۆ داهـاتووی خـۆی، هەربۆیـە

خوێندکارەکان پاش تەواوبوونی پەیمانگا یان کۆلێژ بەدەگمەن دەیانبینیت کار لەبواری هونەریدا بکەن، یان ببنە هونەرمەندێکی بەرچاو، دەکرێت بۆ ئەمە ئێمە مۆدێلی ئەو وڵاتانە وەربگرین کە چەندین ساڵ کاریان لەسەر ئەم بوارە کردووە، من وەك ئەزموونی خۆم لەئەوروپا بەدرێژایی (١٣-١٤) ساڵ لەبواری کاری منداڵاندا کارم کردووە، پرۆژەی بەردەوامم هەبووە لەقوتابخانەکاندا، لەوێ تەنها مامۆستای هونەرو ستۆدیۆی هونەر لەقوتابخانەکاندا دابینی ئەو رۆحییەتە ناکات، کەبیانەوێت بیدەن بەمنداڵ، بەرامبەر بەوە هەمیشە هونەرمەندان لەدەرەوەی قوتابخانە دەهێنن بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر و ئەزموونی زیاتر ببەخشنە منداڵەکان، منداڵێك کە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی تەواودەکات مەعریفەی هونەری شێوەکاری دەبێتە سەرمایەیەکی گەورە بۆی، ئەگەر بیەوێت بچێتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان یان کۆلێژی هونەر بەباکگراوندێکی بەتاڵەوە ناچێت، بەمێژوویەك زانیارییەوە دەچێت، کە لەناو سستمی پەروەردەییدا پێیان بەخشیوە، بۆیە کە هونەر هەڵدەبژێرێت بەجدیەوە ژیانی بۆ تەرخان دەکات، بۆیە دەبێتە هونەرمەندێکی ئاکتیڤ، رەنگە بەهەموو مێژووی پەروەردەیی کوردستان دەگمەنبێت قوتابخانەیەك قوتابییەکانی بەرێت بۆ سەردانی پێشانگاو مۆزەخانەو شانۆگەریی و ئەو کۆنسێرتانەی کە لەم وڵاتەدا ئەنجامدەدرێن، بەڵام کەم قوتابی هەیە لەئەوروپا لەڕێگەی قوتابخانەکەیەوە ئاشنا نەکرێت بەهۆڵو گەلەرییە ناودارو مۆزەخانەو هۆڵەکانی شانۆو دنیای مۆسیقاو..هتد.

# دەرهێنەری عیراقی سەعید سەلمان دەربارەی فیلمەکەی (Baghdad, on/of) دەدوێت

سازدانی گفتوگۆ: ئیف لیفیه
و.لەعەرەبییەوە: دلێر محەمەد

*سەرەتایەکی پێویست:

دەرهێنەری عیراقی پەڕاکەندە سەعید سەلمان ساڵی ١٩٥٠ لەشاری بەغداد لەدایکبووە، پاش تەواوکردنی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی شاری بەغداد، ساڵی ١٩٦٩، لەتەلەفزیۆنی ئەو کاتەی عیراق دەستبەکاری دەرهێنان دەکات، بەڵام دواتر بیروبۆچوونە سیاسییەکانی ناچاری دەکەن وڵات بەجێبهێڵێت، کەچی لەساڵی ١٩٧٢ دا سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە عیراقو ماوەیەکی کەم دوای گەڕانەوەی لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەستگیردەکرێتو بۆ ماوەی ساڵێك دەخرێتە زیندانەوە، پاش ئازادکردنی سەرلەنوێ لەعیراق هەڵدێتو روودەکاتە لوبنان، دواجاریش جەنگی ناوخۆی لوبنان ناچاری دەکات لەوێش هەڵبێتو رووبکاتە پاریس–ی پایتەختی فەرەنسا، سەرەتای کارکردنی وەك دەرهێنەرێك لەبواری سینەمادا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٢، کەتوانی یەکەمین رۆمانە فیلمی خۆی بەناونیشانی (بەهۆی بارودۆخەوە) دەربهێنێت، کە چیرۆکی فیلمەکەی باس لەکێشەی کۆچو کۆچبەرانو کۆچی ناچاری دەکات، ساڵی ١٩٨٤یش رووداوەکانی جەنگی ناوخۆی لوبنان دەبنە هەوێنی بەرهەمی دووەمی، کە ئەویش کورتە فیلمێکی بیست خولەکییە بەناونیشانی (هەبوو نەبوو.. بەیروت).. پاشان نەبوونی دەزگایەکی یارمەتیدەرو، تێچوونی زۆری بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی، لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٠وە، سەعید سەلمانی دەرهێنەر، ئاشنای دەرهێنانی فیلمی تۆماری (الفيلم التسجيلي) دەکاتو ئیدی لەم شێوازەدا روو لەداهێنان دەکات، بەتایبەتی، پاشئەوەی لەهەمان ساڵدا روو لەوڵاتی (یەمەن) دەکاتو بەکامێراکەی بۆ ماوەی چەندین کاتژمێری دوورودرێژ وێنەی گەلێ دیمەنو گرتەی ئەم وڵاتە دەگرێت، کە دواتر هەر لەم وێنانەوە کاری دەرهێنانی سێ

فیلمی تۆماری بەشێوەی زنجیرەییو بەدوای یەکتردا ئەنجام دەدات، کە بریتین لە: فیلمی (رامبۆ، ساتەوەختی هەڵهاتن، ١٩٩٠)و، فیلمی (لەباڵەکۆنی رامبۆدا، ١٩٩١)و هەروەها فیلمی (بۆم بگێڕەوە ئەی شیبام، ١٩٩٢).

دیارە هەتا هەنووکەش ئاشنایانو رەخنەگرانی سینەمای عیراقی، بەسەرسوڕمانەوە دەڕواننە رەهەندە شیعرییە باڵاکەی ئەم سێ بەرهەمە.. هەڵبەت پاش تاقیکردنەوەی شێوازی دەرهێنانی فیلمی تۆماریو کورتەفیلم، دەرهێنەر درێژە بەم شێوازو رێڕەوە دەداتو لەم بوارەدا کاری دەرهێنانی چەند کورتە فیلمێکی دیکە ئەنجام دەدات، وەك: کورتە فیلمی (رێگا، ساڵی ١٩٩٣، ٢٠ خولەك)و کورتەفیلمی (هەمەچەشنییەکان لەسەر حیجاب، ١٩٩٤).. پاشان ئەم دەرهێنەرە لەساڵی ١٩٩٦ بەدواوە، جارێکیتر دەگەڕێتەوە سەر شێوازی دەرهێنانی رۆمانە فیلمو ، ئیدی لەم ساڵە بەدواوە، وەك دەرهێنەرێکی ماندوو نەناس، سێ فیلمی گرنگی خۆی بڵاودەکاتەوە: فیلمی (ڤیزایەك بۆ بەهەشت، ١٩٩٦، ٦٠ خولەك)و فیلمی (Baghdad, on/of، ساڵی ٢٠٠٢، ٨٦ خولەك)، کە (سەعید سەلمان) لەم چاوپێکەوتنەی بەردەستماندا، کە نووسەرو رۆژنامەنووسی فەرەنسی خاتوو (ئیف لیفیە) لەگەڵیدا سازداوە، بەتێرو تەسەلی دەربارەی دەدوێت.

دیار بیرۆکەی ئەم فیلمە، کە بەنهێنی لەعیراقو کوردستانی عیراق وێنەگیراوە، جیاناکرێتەوە لەبیرۆکەی ئەو گەشتەی، کە دەرهێنەری فیلمەکە، پاش ٢٦ ساڵ ژیان لەغوربەت، زیاتر بەمەبەستی بینینی (دایکی)و خێزانەکەی لەشاری بەغدادی بندەسی بەعس، لەپاریسەوە بەرەو کوردستانی عیراق ئەنجامی دەدات. ئەم بیرۆکەیە کە سادەو مەترسیدارە، دەبێتە کلیلو هەوێنی لەدایکبوونی ئەم بەرهەمە، کە دەرهێنەر بەخۆیو کامێرا (DV) یەکەیەوە، بەنیازو مەبەستی ئەنجامدانی، لەشارێکەوە بۆ شارێکی دیکەی کوردستانی عیراقو ، تەنانەت هەندێ شوێنی بندەستی رژێمی بەعسیش دەگەڕێت، خاڵی سەرەکیو ناوەندی فیلمەکەش لەوەدایە، کە لەڕێگای گرتەو وێنەوە چیرۆکی تراژیدی مرۆڤگەلێکی پەراوێزخراوی عیراقی بەکوردو عەرەبو کەمایەتییەکانی تریشەوە دەگێڕێتەوە، دواجار ئەم لایەنە مرۆییەی فیلمەکەیە کە پاڵ بەهەربینەرێکەوە دەنێت، کە تاکۆتایی لەدیمەنو گرتە جیاجیاکانی فیلمەکە وردبێتەوەو دواجاریش لایەنگری مەسەلە ئینسانییەکەی فیلمەکە بکات، تەنانەت هەست بەسەفەری پێچەوانەی سینەماکارێکیش

بکـات، کـە لەچرکەسـاتێکدا پێـی هەڵدەسـتێت، کـە مرۆڤـەکانی وڵاتەکـەی خوازیـارن بەهەرنرخێك بێت وڵاتەکەیان بەجێبهێڵن، ئەمەی خوارەوەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیە:

***هەڵبـەت هـەر لەرۆمانـە فیلمـە درێژەکەتـەوە بەناونیـشانی (بـەهۆی بارودۆخـەوە)، تاسـەر فیلمـی (Baghdad, on/of)و، دیـارە بەتێپـەڕبوون بــەفیلمی (دادگــایی K، عومــەر ڕەداد)دا، تێکــڕای فیلمــەکانت بــەجۆرە جەنگێک دادەنرێن..**

–کاری هەرفیلمێك، بەچاوپۆشین لەناوەڕۆکەکەی، لەخودی خۆیدا بریتییـە لەجـەنگ، نارەحەتییەکی گەورەتریش کە بیخەمە سەر ئەم لایەنـە ئەوەیـە: کـە بابەتـەکانم، بـریتین لەبابەتگەلی جەنگەکان، کە بەهۆیانەوە هێرش دەکەمە سەر بیرکردنەوە پێشوەختەکان، کلێشەکان،و ئەو بیرکردنەوانەی کـە زوو بەدەسـتەوە دێـن بـۆ بـەکارهێنان، هـەروەها مـن وەك (دانــەر/دەرهێنــەر)ێـك ســەرەڕای ئــەو چــێژەی کــە بەرهــەمهێنانی فیلمێــك پێمدەبەخشێت، هەموو وزەی خۆشم لەجەنگو ، دژایەتییە مەزنەکاندا دەبینمەوە.

***ئایا خۆت وەک دەرهێنەرێکی مولتەزیم دەستنیشاندەکەیت؟**

–بەلامەوە گرنگە خـودی خـۆم بم، هەرئەمـەش بریتییـە لـەئیلتزامی مـن، مـن ئیلتـزام بەپەیوەندیی لەگەڵ شتێکدا دیاری ناکەم، بەڵکو بەپەیوەندی لەگەڵ خۆمدا دەستنیشانی دەکـەم. گـەر بەربەسـتەکان بەدژایەتییـەکی تایبەتییـەوە بـەرز دابنێیـت، ئەوکاتـە ئیـدی ناچـاردەبیت رووەو بـالأبوون بازبـدەیت، بەپێـچەوانەشەوە گـەر بەربەسـتەکان زۆرنــزم دابنێیت، ئیدی لەماندووبوونی دۆزینەوەی شوێنێکدا بۆ خۆت دەحەوێیتەوە.

***بۆچــی مــاوەی ٢٠ ســاڵ چــاوەڕوانبوویت، بەرلــەوەی فیلمێــک بەرهەمبهێنێت کە چارەسەری مەسەلەی عیراق بکات؟**

–عیراق بەردەوام لەهەموو فیلمەکانمدا ئامـادەیی هەیـە، لـەفیلمی یەکەمـدا (بـەهۆی بارودۆخەوە)، گۆرانییەکی عیراقی و، تەنانـەت نوێـژکردنیش بەشـێوازی عیراقـی بوونیـان هەیـە، هـەر لەوێـشدا ناڕەزایـەتی خـۆم بـۆ جـەنگ لـەدژی ئێـران خـستووەتەڕوو، ئەمـە سەرەڕای ئـەوەی کـە فیلمـی نـاوبراو دەربـارەی یـەکێك لەگەڕەکـە پـەراوێزەکانی شـاری پــاریس دەدوێــت. پاشــان لــەفیلمی (هــەبوو نــەبوو.. بــەیروت)یــشدا بینــەر درك بەهەڵواسراوەکانی سەردیوارەکان دەکات، کە ژمارەیەك دروشمیان لەسەرنووسـراوە، کـە

دژایەتی رژێمی عیراق دەکەن، هەروەها لەفیلمی (بۆم بگێڕەوە ئەی شیبام)دا کە دەربارەی وڵاتی یەمەنە، تێیدا یادەوەری دارخورما بەرزڕاگیراوە، لەفیلمەکەدا جووڵەیەکی پانۆرامایی درێژو، ستونی لەسەر دارخورما ئامادەیی هەیە لەگەڵ باکگراوندی مۆسیقای عودی یەکێك لەمۆسیقارە عیراقییەکاندا، ئەمەش بەو مانایە دێت.. کەمن باوەڕم وابووە، کەتێکڕای فیلمەکانم، جۆرێکبوون لەهەڵهاتنو راکردن، بۆئەوەی فیلمێك بەرهەمنەهێنم، کە چارەسەری مەسەلەی عیراق بکات، لەبەرئەوەی قسەکردن لەسەر عیراق ئەستەمە..

***بۆ چی؟**

–چونکە گەر من ئەو شتانە بگێڕمەوە کە بینیومن، یاخود وەکچۆن تیایاندا ژیاوم، ئەوکات ئەمە وەك جۆرێك لەخەیاڵی زانستی لێدێن پاشان لەبەرئەوەی ناڕەحەتییەکی دیکە هەیە: ئەویش ئەوەیە کە ماوەی سی ساڵە رژێمی سەدام حسێن سوود لەخۆشەویستییەکی گەورە دەبینێت لەڕووی سیاسیو راگەیاندنەوە.. بەجۆرێك هیچ دیکتاتۆرێك وەك سەدام حسێن پشتگیری نەکراوە لەلایەن سەرجەم هێزەکانی جیهانەوە، ئیدی هەر لەپاڵپشتی یەکێتیی سۆڤیەتی جارانەوە بیگرە، بۆ واشنتۆن و، سیربیاو، پاریسو ئیتاڵیاو، وڵاتانی عەرەبی. بەشێوەیەك کە دەوترا سەروەتو سامانی (سەدام حسێن) بەهەموو شوێنێکی جیهاندا بڵاوبووەتەوە، بەڵام تا چ ئەندازەیەك ئەم قسەیە پراکتیکی بوو!

***ئایا لەم بارەیەوە، پترو زیاتر هۆکارە تایبەتیء کەسیەتییەکانت لەلانییە..؟**

–ئەمە راستە.. ناڕەحەتی کارکردن لەهەرشتێکدا دەربارەی عیراق، بەربەستێکی داخراوو یاساغ نییە، بەڵام ئەو هێزە ناوەکییە، ئەو بڕیارە یەکلاییکەرەوەیە، بەشێوەیەکی تایبەتیش، ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییەی (کە بۆ ئەم کارە پێویستە)، هێشتا من خاوەنی نیم، ناتوانم چارەسەری بابەتێك بکەم بەبێ رۆچوونو قووڵبوونەوە تیایدا، چونکە یان دەبێت لەناویدا رۆبچم، یاخودنا، بەدڵنیایی لەچرکەساتێکدا روویدا لە دەستپێکی حاڵەتێکەوە کە عیراق تیایدا دەژیا، بەجۆرێك پارێزگاریکردن لەبێدەنگی هاو واتای خیانەتکردن بوو لەخود کە هەلی ئەم کارکردنەم بۆ هەڵکەوت، سەرەڕای

مەترسییەکانیش، یەکچرکەسات لێی دوو دڵ نەبووم، باوەڕیشم وابوو کە هەموو هەستەکانم لەوکاتەدا ئامادەییان تێدابوو، ئەوە بۆمن ئەنجامدانی ئەرکێك بوو لەبەرامبەر یەکەمین بۆنکردن و، یەکەمین رووناکیمدا، لەبەرمبەر یەکەم نوتەی مۆسیقی و، یەکەم زەردەخەنەم و، یەکەمین وشەدا کە لەدەمی دایکمەوە بیستم، لەو دڵۆپەشیرەدا، کە بۆ یەکەمجار چەشتم.. چیرۆکی من لەگەڵ (بەغداد) دا چیرۆکێکی کورتە، چونکە کاتێك تەمەنم بوو بە١٩ساڵ ئیدی چیرۆکەکەی من لەگەڵ بەغداددا راوەستا، بۆیە پاش ئەم تەمەنە، من یان لەپەراوێزو تاریکیدا، یاخود لەزینداندا ژیاوم، ئەوکات من تازە لەسەردەمی هەرزەییو تەمەنی باڵقبوونی خۆم هاتبوومە دەر، گەرچی لەحەقیقەتدا من هێشتا تەمەنی هەرزەیی خۆم نەژیاوم و چاوەڕوانی چرکەساتێکی گونجاوم بۆئەوەی تێیدا بژیم.

***ئایا دەکرێت وەک یاداشتنامەیەک دەربارەی فیلمی (** Bagdad, on/of**) بدوێین؟**

–بەڵێ یاداشتنامەیە، بەڵام نەك بەمانای تاکە کەسی، بەڵکو یاداشتنامەیە بەواتای دەستەجەمعی، واتە وەك هەمان قەدەرو چارەنووسی کۆگەلی عیراقی.

***دەتەوێت بڵێیت، کە چارەنووسی تۆ، هاوشێوەی قەدەرو چارەنووسی عیراقە؟**

–ئامادەیی فیزیکیو جەستەیی من لەوێنەی فیلمەکەدا، هیچ نییە جگە لەڕەگەزێکی پێویست بۆ بونیادو ستراکچەری فیلمەکە، فاکتەرەکەش ئەوەیە کە ئەم چەشنە ئامادەییە، لەوەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە بووە خاوەنی کاریگەری شۆك ئامێز لەسەر جەماوەر (بینەر)، ئەمەش لەبەرئەوەی کە رەهەندی کەسیەتی رۆچوو بووە ناو رەهەندی کۆگەلیو دەستەجەمعی، لەناو ئەو زبڵدانو پیسەیەی ئازارەکاندا، هیچ کەسێك بیر لەخۆی ناکاتەوە، لەکۆتایی فیلمەکەدا، بەمانای پۆزەتیڤی وشەکە، بینەرو جەماوەری فیلمەکە دەبێتە بینەرێکی شێواو.

***ئایا (**Bagdad, on/of**) رۆمانە فیلمە، فیلمێکی تۆمارییە، یاخود شێوازێکی نوێی فیلمە؟**

–ئەو بەتەنیا هەر فیلمە..

***فیلمەکەت بەدیمەنێکی وروژێنەر دەستپێدەکات، بەرووداوێک کە لەسەر رێگایەکی گشتی روودەدات..**

–حەزمکرد فیلمەکە بەدیمەنو وێنەیەکی شۆك ئامێز دەستپێدەکات، هیچ شتێك لەوە ناخۆشتر نییە، کەماشێنێك بەشێوەیەکی ئاسایی بڕواتو کتوپڕ بگۆڕێت بۆ ماشێنێکی تێکشکاوو قوپاو، لەناویشیدا کەسێك هەبێت، ئە وکەسە چرکەساتێك پێشتر بیری لەبینینی هاوسەرەکەی، دایکی، یاخود منداڵەکانی کردووەتەوە، کەچی کتوپڕ ژیانم لەدەستدەدات، هیچ شتێك لەم دیمەنە پتر دراماتیکی نییە لەفیلمدا، ئەم رووداوە تەواو ترسناکە، ئێمە لەفیلمەکەدا دیمەنی ئەم تێکشکانە، لەحاڵەتێکی روونی تێکشکاودا دەبینین، کە لەلایەکییەوە هەندێ سەربازی (ONU)و، لەلایەکی تریشەوە سەربازەکانی ترن دەبینین, ئەمە کورتەی ئەو رووداوانەیە کە لەعیراقدا روودەدەن، دەکرا فیلمەکە لێرەدا راوەستێت، پاش جێگیرکردنی حاڵەتەکەو، دیاریکردنی، یان بایەخپێدانی، هەربۆیە بەدیوێکی دیکەدا پێویستە خۆمان بکەین بەناو تونێلی عیراقداو بچێتە ناوی، بۆ زانینی تەواوی درێژەی رووداوەکان، بۆ تێگەیشتن و، چنگگیرکردنو دەستگرتن بەسەر شتەکاندا،و دواتریش بۆ پەیبردن بەوەی کە تا چ ئاندازەیەك زیانەکان تۆقێنەرن.

***ئایا ئەو گەڕانەوەیەت بۆ نیشتمان، پاش (٣٠) ساڵ لەژیان لەمەنفا لەدایکبوو نەوەیەکی نوێ بوو؟ ئایا رۆچوون بوو بەناو ئازارەکانی عیراقدا، لەڕێگای ئەو تونێلەوە؟**

–ئەمە لایەنو میحوەرێکی باشە، بەڵام پێمخۆش نییە دەربارەی ناوەوەی خۆم بدوێم.

***ئایا ئەمە نهێنییە؟**

–نازانم ئایا ئەوە نهێنییە، یاخود نا، بەدڵنیاییەوە ئەمە لەڕێگای ئازار، پێداویستی، حەزو ئارەزووی توندەوە روویدا.. لەڕێگای شتێکەوە کە پێمخۆشبوو بیڵێم، بەبێئەوەی بیچەپێنم.

***لەکاتی گەڕانەوەتدا بۆ عیراق هەستت بەچیکرد؟**

–حەزمدەکرد بەڕۆژی نیوەڕۆ بگەڕێمەوە (بەغداد)، لەتەندروستییەکی باشدا چاوم بەخێزانەکەم بکەوێت، بەڵام وەك دەڵێن رەشەبا بەپێی حەزی کەشتی نەگەڕا.

***لەشێوازی دەرەوەو رواڵەتیدا، فیلکی (Baghdad, on/of)، بریتییە لەچیرۆکێکی سادەو ئاسان، بەڵام لەڕاستیدا، چەندین ئاست لەخۆ دەگرێت بۆ خوێندنەوە.. لەفیلمەکەدا هیچ شتێکی بێئەرزش بوونی نییە، لەگەڵ ئەمەشدا هیچ شتێکی ئەستەمی تێدا نییە بۆ چوونە ناوەوە، راڤەکردن.**

—کاتێك فیلمێك بەرهەمدەهێنم، کار لەسەر چەندین ئاست دەکەم، هەڵبەت لێرەدا مەبەستم لەئاستە کەلتووری‌و بۆچوونە دیالێکتی‌و فەلسەفییەکان و شتگەلێکی لەم چەشنە نییە،.. بەڵکو مەبەست لەو ئاستانەیە کە دەست لەهەستەوەرەکان‌و (الحواس)، هەستەکانی (الاحساس) دەدەن. دیارە ئاستی یەکە چاودەکاتە ئامانج و نیشانە، دواهەمین هاتنە ناوەوەش کەبەناو ڕێگای دڵدا تێپەڕدەبێت هزرو ئەقڵ دەکاتە ئامانج‌و نیشانە، پاشان لەم نزیکبوونەوەیەدا، یان راستتر..لەم گواستنەوەیەدا، فیلمەکە دەگاتە بینەرەکانی، هەر بینەرێکی فیلمەکەش لەخودی خۆیدا بریتییە لەجیهانێك، واتە هەر بینەرێك لەناو ئەو ئاستەدا بەفیلمەکە دەگات، کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، هەروەها بەپێی ئەو ئاستەش فیلمەکە دەخوێنێتەوە، کە خۆی دەیەوێت، هەروەها ئەمەش بەسەر هەر کردەیەکی داهێنەرانەدا دەسەپێت، کە دەکرێت ئەمڕۆ قسە لەسەر شتێك بکەین‌و سبەینێش دەربارەی شتێکی دی بدوێین، هەر ئەمەش فەزاکە بەکراوەیی بەجێدەهێڵێت، منیش تێگەیشتنێکی دیاریکراو پێشنیار ناکەم، بەڵکو بەکراوەیی واز لەدەرگاکە دەهێنم.

*بەدڵنیایی تۆ وێنەی وڵاتێکی داگیرکراوت گرتوە، کەچی ئێمە لەهەمانکاتدا لەفیلمەکەدا هەست بەئازادییەکی گەورە دەکەین.

—ئازادی لەناو وێنەکان و لەبەردەمی کامێراشدا نییە، بەڵکو چارەسەرکردنی وێنەکان و لەناو شێوازی سەیرکردنی فیلمەکەشدایە. هەر بۆیە ئێمە لێرەدا دەست لەشتێکی جەوهەری دەدەین، چونکە داهێنەر بەبێ ئازادییەکەی داهێنەر نییە، ئەو کەسێکی جێبەجێکەر، فەرمانبەر، چالاکو ئەکتیڤە، نووسەرێکی گشتییە، بەڵام ئەو داهێنەر نییە، هەربۆیە ئێمە ئەمڕۆ لە (دۆن کیشۆت)و مرۆڤگەلێکمان کەمە، کە بەپێچەوانەی ئاراستەی باوەوە بڕۆن‌و ڕێبکەن.

***لەفیلمەکەتدا هەندێ منداڵ لەبەردەم قاپێکی گەورەی بەتاڵدا پێدەکەنن، هەندێکی تریش بەرەو رووت دێن، بەئەندازەیەک نزیکدەبنەوە کە لوتیان دەلکێنن بەعەدەسەی کامێراکەتەوە، وەک ئەوەی بیانەوێت خۆیان بەتەواوەتی پیشانی بینەر بدەن، تۆشێوازێکی کۆمیدیی گاڵتەجارێت هەیە، لەپێچەوانەکردنەوەی شتەکاندا..**

—ئەم سەیرکردنو روانینەی منداڵەکان لەفیلمەکەدا، وەڵامدانەوەی تەواوی جیهان و هەموو بینەرێکە، کاتێك لەسەر کورسییەکەی دادەنیشێتو تەماشایاندەکات، بەجۆرێك وەك ئەوەی هەریەك لەوان بیەوێت بڵێت تەماشای ددانەکانم بکەن، بڕوانن لەچ بارودۆخێکدا دەژیم، ئایا ئەمە شایستەی منداڵێکی بچووکە.

***تۆ پێشتر گوتت، من سەرەتا کارم لەسەر هەستەکان کردووە، ئایا ئەم جۆرە کارکردنەیە ئەو لایەنە هیومانیی مرۆییەی بەفیلمەکە بەخشیووە؟**

—هەروەها شێوازو رێگای لەیەکترنزیکبوونەوەش (دەرهێنەر لێرەدا مەبەستی شێوازی نزیکبوونەوەی خۆیەتی وەك کامێرامان لەکاراکتەرەکانی. و.ك) هەمان رۆڵی هەیە، لایەنی مرۆیی بەئەمرکردن دانامەزرێت ولەوێشەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو ئەم لایەنە رۆچوونە بەناو مرۆڤدا، هەرکاتێك زیاتر بەناو قووڵاییەکاندا رۆبچین، ئەوکاتەخاڵی هاوبەش لەگەڵ بەرامبەردا بەدی دەکەین، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئێمە دەستمان لەناخی خۆماندا وە، سەرەڕای سروشتی بوونو راستگۆییەکەم لەڕۆشتنمدا بەرەو خەڵکی و تەنانەت سەرەڕای خاکیبوونیشم، کەچی من هێشتا بێزاربووم، چونکە من هەرگیز لەوەدا سەرکەوتوو نەبووم کەخۆم وەك دەرهێنەرێك بسەپێنم، من نیگەرانبووم لەبەرامبەر ئەو هەموو ئازارە تۆقێنەرەدا، بەدڵنیایی من باخاکیبوونەوە بەرەو پیری خەڵکەکە چووم و ئەوانیش بەهەمان شێوە بەرەو پیری من هاتن، ئیدی هەردوو هەستمان بەوە کرد کە ئێمە خاوەنی گەلێك شتی هاوبەشین، هەردوولا هەستمانکرد کە عیراقیبوونی ئەمرۆکەو لەخودی خۆیدا بریتییە لەتراژیدیاو ئازار.

***لەفیلمەکەتدا گەلێک ئازارو قەهر دەبینرێت، بەڵام لەهەمانکاتیشدا جووڵەو ژیان دۆستییەکی گەورەش بەدیدەکرێت..**

–ئەمە بەڵگەیەکە بۆئەوەی عیراقی ئایندەی لەسەر بونیادبنرێت، وزەو گەرمی لەعیراقدا کەمنەبووەتەوە، لەکوردستان کە ئەمڕۆ لەژێردەستی رژێم رزگاری بووە.

خەڵکەکەی لەبوونیادنانەوەی شتگەلێکی جواندا، سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، لەکوردستان، کتێب و فیلم و ژیانی رووناکبیری و حەزو ئارەزووی ئاوەدانکردنەوە سەرەڕای گەمارۆی رژێمی بەعس و گەمارۆی نێودەوڵەتی بوونیان هەیە. ئەم وزیە بریتییە لەزیندوویەتیو چالاکی عیراق، بەبێ بوونی سەدام حسێن.

*بۆ چارەسەرکردنی رووداوە هەرە درامایییەکانی فیلمەکە، پەناتبردووەتە بەر هەڵبژاردنی شێوازێکی شیعری، بەتایبەتی لەدیمەنی شاری هەڵەبجەو، رۆچوون بەناو گۆڕستانە بەکۆمەڵەکەیدا، بەجۆرێك ئەو شۆکە خاڵیو هێد مەکەرو لاڵانەوەی کە هەمان دیمەن دەبەخشێت، وەك ئەوەی دێتە بەر چاو کەمردووەکان بیانەوێت لەناوەوەی گۆڕکانیان بدەن، تاکو سەرنجی جیهان بەلای خۆیاندا راکێشن، یاخود لەدیمەنی رۆچوون بەناو راڕەوی زۆر بلێییە ناتەندروستو نەخۆشەکاندا..

–ئایا بەلای تۆوە هەر ئەم رۆچوونە، لەتەندروستییەکی باشدایە !..

***بەدڵنیایی ژمارەیەک لەدیمەنەکانی فیلمەکە، شیعری (هایکۆ) یان بیرخستمەوە، ئەو قەسیدە کورتە ژاپۆنیانەی، کە خەیاڵ فەنتازیا تێدەپەڕێنن، بەجۆرێک کە بەبێ ئاماژەدان شتەکان دەڵێن و، دەستدەگرن بەسەر چرکەساتی دامەزراندنی هاوسەنگیشدا لەنێوان مرۆڤ شتەکاندا وەک حاڵەتی سیحرو ئەفسوون، لێرەوە دەپرسم ئایا شیعر بەهێزترە لەهەموو گوتارە سیاسییەکان؟**

–بەڵێ بەدڵنیاییەوە، ئەمە کاری واقیعە، بەڵام ئایا شیعر چییە؟ شیعر بریتییە لە زمانی هەستەکان، هەروەها لەو دیمەنەشدا، لەبەرئەوەی ئەوە زمانی هەستەکانە قسەدەکات، بۆیە حەزم بەهەڵوەراندنی فرمێسکەکان نەبووە بۆ هەڵەبجەو پێشم خۆشنەبوو خەڵکی بەو چەشنە وەسف بکەم، کە بەخنکاویی بەهۆی گازی کوشندەوە بەشەقامەکاندا رادەکەن.. بەڵکو من لەفیلمەکەمدا زۆر بەسادەیی ئەوەم پیشانداوە، کە چۆن هەستم بەم شارە شەهیدە کردووە، ئەم جۆرە دیمەنانە پرسیار ناسەپێنن، بەڵکو لەڕاستیدا خۆیان دەسەپێنن.

***ئەم هەڵبژاردنە شیعرییە، جەوهەرییە لەنزیکبوونەوەتدا لەسینەما؟**

–من خاوەنی تێڕوانینی خۆمم لەمەڕ جیهانو هەر بەشێوازی خۆشم دەریدەبڕم، سەرەتا من بەناو سیاسەتو ئەدەبدا تێدەپەڕیم، ئیدی درکم بەوەکرد کە راوەستان کەمێك لەبەرزیو بالآییدا نەك بەمانا وەزیفییەکەی، بەڵکو واتا رۆحیانییەکەیو تەماشاکردنی جیهانو سەیرکردنی مرۆڤەکانو شتەکان لەو بەرزاییەوە، جیاوازییەك دەبەخشێت، کە دەکرێت بڵێین جیاوازی دەربڕین، فۆرم دەبەخشێت.. فۆڕمیش بریتییە لەچوونە ناوەوە بەرەو لایەنی جەوهەریو کاتێکیش بەرەو لایەنی جەوهەری مل دەنێین، هەمیشەو بەردەوام پەی بەشیعر دەبەین.

***بەدڵنیایی رەهەندی گاڵتەجاڕو کۆمیدیای رەشء لایەنی پوچگەرایی لەفیلمەکەتدا گەلێک کاریتێکردم.**

–بارودۆخی عیراق لەخودی خۆیدا، بریتییە لەبارودۆخێکی پووچگەرا (عبثـي)، نازانم چۆن دەکرێت بەشێوازێکی ئەقڵانی دەربارەی بدوێم، چونکە ئەم بارودۆخە خۆی لەدەستی لۆژیك دادەماڵێتو تەنانەت هەتا رەفتاری (ئەمریکا)ش، لەڕووبەڕووبوونەی (سەدام)دا خۆی لەهەموو لۆژیکێك داماڵیووە، لەم بارودۆخەدا، کێ چ کارێك دەکات؟ کێ ئەوی دیکە تێکدەشکێنێت؟ ئەم بارودۆخە، لەخۆیدا ئانارشیستانەیە، کەواتە هەلومەرجەکە پووچگەرایە، لەبەرئەوە منیش وەك خۆی کە هەیە خستوومەتەڕوو، بەڵام پێویستە ئەوەمان بیر نەچێت، کە ئەو شتەی بۆ بینەری ئەورووپی پووچگەرایە، دەکرێت خاوەنی بایەخێکی جەوهەری بێت، گەر بەتێڕوانینی لایەنو کەسێکی رۆژهەڵاتی تەماشای بکەین، لەبەرئەوەی فیلمەکەم لەقووڵایی خۆیدا بەرهەمێکی عیراقییە.

***بەڵام فیلمێک نییە لەسەر عیراق.**

–هەرگیز، حەزو ئارەزووی بەرهەمهێنانی فیلمێکم نییە لەسەر عیراق، ئەم فیلمە لەڕووی دەربڕینەوە عیراقییە، بەخوێن نووسراوە، دەزانم لەم فیلمەدا چیم بەخشیوەو تا چ ئەندازەیەکیش ئەو پەنجا ساڵەی تەمەنم لەژیاندا بەدەستهێناوەتەوە، بۆئەوەی هەموو شتێك بەرەو لای ئەو شێوازە بەرم، کە فیلمەکە لەخۆی گرتووە.

***دەربارەی شێوازی فیلمەکە بۆمان بدوێ، چۆن دروستتکرد؟ چۆنیش بیرت لێکردەوە؟**

–ناتوانم بەشێوەیەکی سینەمایی ئەوە شیبکەمەوە کە فیلمەکەم چۆن بوونیادنا، شێوازەکەشی لەناوگەڕانی بەردەوامدا، بۆ دۆزینەوەی نووسینە تایبەتمەندە فیلم ئاساکەمدا گەڵاڵە دەبێت، ئەمە لەگەڵ حاڵەتی نەبوونیو ئیفلاسی وێنەدا، کە تیایدا دەژین، کارێکی ئاسان نییە، بۆیە ئەوەی دەمێنێتەوە شێوازی نزیکبوونەوەیەو ئیدی منیش هەوڵمداوە کاتێك لەشتەکان نزیك بمەوە خودی خۆم بم، پاشان من وەك فلانەشێواز، یان هەر شێوازێکی دی کارم نەکردووە، لەشێوازی فیلمی ( Bagdad, on/of)یشدا، گەلێك لەو توخم و شێوازانە دەبینرێن، کە پێشوەخت بەشێوەیەکی پوکاوەو نهێنی لەفیلمی (بەهۆی بارودۆخەوە) ئامادەییان هەیە، کە من (٢٢) ساڵ لەمەوبەر بەرهەممهێناوەو، بەڕۆڵی خۆشم سەرسام بووم لەم کارە.

***خاوەنی هەستکردنێکم بەوەی کە لەفیلمەکانی تۆدا شتێکی زۆر گرنگ، بەجۆرێک کە دیارە، بوونء ئامادەیی هەیە، ئەویش بریتییە لەگەڕان بەدوای شێوازێکدا بۆ ئەوەی بخرێتە خزمەتی هەستەکانەوە؟..**

–بەدڵنیایی.

***بەڵێ، بەدڵنیایی، ئەو شێوازە لەهەموو جارێکدا جیاوازەو بەشێوەیەکی سۆزدارانەش تێکەڵاو دەبێت ئەوەی کە تۆ دەتەوێت بیڵێیت.**

–لەو فیلمانەدا کە هەوڵمداوە بەرهەمیان بهێنم، هەموو جارێك لەگەڵ فیلمێکدا مامەڵەم کردووە، وەك ئەوەی کە فیلمی یەکەمە، هەموو جارێك ئەزموونەکانی پێشووم لەیادکردووەو وەك کەسێکی سەرەتایی کەڕێگە بەجورئەتی خۆی بدات لەسەر هەموو شتێك کارمکردووە، کە هەربەتەنیا دواجار لەکۆتاییدا بچێتە ناو ئەزموونەکەیەوە، هەروەها هەر لەسەرەتاوە بەوپەڕی ئازادییەوە کارمکردووەو لەهزریشمدا ئەوە بوونی هەبووە، کە من خاوەنی شتێك نیم کە بیدۆڕێنم. من بەدوای زیندووکردنەوەی باکگراوندێکدا ناگەڕێم، کە لەفیلمێك لەفیلمەکانی رابردوومدا ئامادەیی هەبووە، وەکچۆن بەدوای گێڕانەوەی شێوازێکی پێشووتری خۆشمدا ناگەڕێم، لەبەرئەوەی کە من خاوەنی هەمان شێوازم، یاخود شوێن هەمان میتۆدی فیلمی پێشووترم ناکەوم، لەبەرئەوەی سەکەوتنی بەدەستهێناوە. کاتێکیش بڕیاردەدەم کە بەناو بابەتێکدا رۆبچمو قووڵ

ببمەوە، ئەوا بەتەواوەتی خۆم لەئاوی ئەو بابەتە تێردەکەم‌و ئەمەش پەیوەستە بەچڕی شۆکی ئەو ڕۆچوونەو قوڵاییەکەیەوە، پاشان پەیوەستیشە بەو شتەوە کە من لەوقوڵاییەدا دەیدۆزمەوە، بەڵام مەسەلەی چۆن پێویستە لەسەرم کە لەو قوڵاییەوە بگەڕێمەوە بەشی سەرەوەی ئاوەکەو، ئایا پێویستە بگەڕێمەوە، یاخود نا، ئەمانە مەسەلە گەلێکی دیکەن، هەندێجار لەڕۆچوونەکەمدا راو دەکەم، گەلێك ماسی دەستگیردەکەم‌و هەندێجاری تریش هیچ شتێك نادۆزمەوە..

*لەسەرەتای فیلمەکەدا، بەدڵنیایی تۆ بەشێوەیەکی نهێنی، بەڵام بەگۆرانی‌و سەماوە دەگەڕێیتەوە وڵات، لەکۆتایی فیلمەکەشدا دەتبینین رووبەڕووی کەسێکی عیراقی دەبیتەوە کە حەزی بەکۆچ‌و سەفەرەو ناتوانێت لەوڵاتەکەی هەڵبێت، لێرەدا ڕۆچوونێکی هێواش‌و دڵڕەق دەبینرێت بەناو ئازارو قەهردا، ئایا بەشێوەیەکی زیهنی هەمیشە هەست بەوە دەکرێت کە تۆ زیندانیی عیراقیت؟

–(بێدەنگ) نەخێر، من زیندانیی عیراق نیم، بەڵکو من عیراقم لەناو دڵی خۆمدا هەڵگرتووە.

***(Baghdad, on/of)، جوانء ئاڵۆزە، بۆچی ئەم ناونیشانەت هەڵبژارد؟**

–بۆچی نا؟ ناونیشانەکە هەروەك میتۆدو بەرنامەیەکەو لەناو ئەم ناونیشانەدا رەشبینییەکی تۆقێنەر هەیە، لەبەرئەوەی (بەغداد) کە لەناونیشانەکەدا بەئینگلیزی نووسراوە، لەئەمڕۆشدا ئیدی عیراق هەرگیز لەدەستی عیراقییەکان خۆیاندا نییە.

***لەفیلمەکەدا، پیاوێک هەیە کە لە (بەغداد)ەوە هەڵهاتووەء رستەیەکی سەرسامکەر دەڵێت، ئەو پیاوە لە (خوداو ئەمریکا) دەپاڕێتەوە، بۆئەوەی ئەم گەلە هەژارەی عیراق رزگار بکەن.**

–واتە نەفرەت! نەفرەت لەهەموان، هەتا لەئۆپۆزسیۆنی عیراقی‌و تەنانەت لەوڵاتە عەرەبییەکانیش.

***بۆچی لەفیلمەکەدا کاراکتەری رێپیشاندەر بەردەوام (من چیمە؟) دووبارە دەکاتەوە؟**

—ئەوە رستەیەکی عیراقی زۆر ناسراوە، گەلێك جار دووبارەدەکرێتەوە، لەهەنووکەدا گوزارشت لەترسنۆکیو لاوازیی دەکات، هەندێجاریش دەلالەت لەلاوازی دەکات، بەلام زۆرجاریش ترسێك دەشارێتەوەو پەردەپۆشی دەکات.

***لەسەرەتای فیلمەکەدا، پیرەژنێک دەبینرێت، کە هێلکەیەکت پێشکەش دەکات، بۆئەوەی بەدیاری بیبەیت بۆ دایکە نەخۆشەکەت، بەڵام لەکۆتایی فیلمەکەتدا هێلکەکە دەشکێت، ئەمە واتای چییە؟**

—ئەمە کۆتایی گەشتەکەیە.. کۆتایی وەهمو خەیاڵپلاو، بەجۆرێك کە هیچ توانایەك لەوێدا نامێنێت، پێشەکییە لۆژیکییەکانی فیلمەکە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە من هەرگیز بەر لەمردنی دایکم ناگەمە (بەغداد)، هێلکەکە، بەو واتایە دێت کە (بەخشینی هێلکە.و.ك) شتێکی بێلایەن نییە لەکلتووری ئێمەدا، تەنانەت هەتا کەلتووری مرۆڤایەتیشدا..

***ئەمە بەمانای ئەوە دێت کە (پیرەژنی) فیلمەکەش، بەهەمانشێوە دوو چاری کۆچ ڕاگواستن بووە؟**

—بەڵێ، لەهەمانکاتیشدا ئەم کاراکتەرە خاوەنی ئەو خەسڵەتە مرۆییەیە لەڕێزو، کرانەوەو بەخشینی ئەو شتەکەمەی کە هەیەتی، گەرچی ئەو زیاتر لەمن پێویستی بەو هێلکەیەیە، ئەم ئافرەتە، بریتییە لە(ئافرەتی عیراقی)، ئەو دایکمەو دایکی هەموو عیراقییەکانیشە.

***دەلالەتی هێلکەکە چییە؟**

—هێلکە ئەو شوێنەیە کە لەناویدا بوونەوەری زیندوو دروست دەبێت، نهێنییەك کە دەکرێت هەنووکە لەوەوە سەرچاوە بگرێت، کاتێك هێلکەیەك بەدەستمانەوە دەگرین، ئیدی دەزانین خاوەنی ئەو توانایەین کە هەتا ناوژیانی بگەیەنین، یاخود لەناوەڕاستی ڕێگادا بیشکێنین، بەدڵنیایی ئێمە هێلکەکەی عیراقمان شکاند.

*** چۆن دەکرێت لەئەزموونێکی هاوشێوەی ئەمە بێیتە دەرێ؟**

—بەئازار..و پێداگرتن..

***ئایا ئەم فیلمە حەزو ئارەووزی تۆی لەعیراق پاککردەوە؟**

—وشەی پاکبوونەوەم خۆش ناوێت، نەخێر، لەو باوەڕەدام کە فیلمەکە ئازادی کردم، یاخود بەشێوەیەکی وردتر، فیلمەکە کۆمەڵێ هۆکاری تایبەتی پێبەخشیم تاکو لەپێناو

عیراقدا تێبکۆشم، فاکتەرگەلێك کە لەخزمەتی کەسدا نین، چونکە دژایەتی من بۆ (سەدام حسێن) دوورە لەو سیاسەتەی کە دەگیرێتەبەرو بریتییە لەدژایەتییەکی ئەخلاقی، وادەبینم کە (عیراق) شایستەی ئەوەیە کەسانی تر حوکمی بکەن، بەبێ ئەو گروپە نەخوێندەوارو بکوژو بەربەرییەی کە تینووی خوێنو بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست تیایاندا نیشتەجێیە.

***بەگەڕانەوە بۆ ئەو گەشتەی کە کردت، چ شتێک بەلای تۆوە زیاتر ئەستەمو ناڕەحەتبوو لەکاتی ئەم ریسکو سەرکێشەیەدا؟**

—ئەوەی کە لەناو یادەوەریمو لەناوجەستەمدا دەیپارێزم، ئازارو قەهری پشتئێشە، ئازارە جەستەییەکەم لەکاتی وێنەگرتنی فیلمەکەدا، زۆر لاوازبووم، هەستم بەئازارێك دەکرد کە بەرگەی ناگیرێت، بەدڵنیایی جارێکیتر لەعیراقو لەناو ئازاردا ژیامەوە.

***ئەمە مانای وایە، کە ناتوانیت بەشێوەیەکی جیاوازتر بگەڕێیتەوە عیراق؟**

—ئەمە لەسەر تێڕوانینو تێگەیشتنی تایبەتی تۆ راوەستاوە، بەڵام ئەم ئازارە بریتییە لەو شتەی کە بۆمن ماوەتەوە، جگە لەدڵەڕاوکێو نیگەرانیم لەسەر سنوورو لەکاتی دەرهێنانی کاسێتەکاندا (مەبەستی کاسێتەکانی فیلمەکەیە. و.ك)، بەدڵنیایی قورسایی هەموو مەترسییەکانیشم خستە سەر شانو گوتم ئیدی یان سەرکەوتوو دەبم یان شکست دەهێنم، گەرچی لەسنوور پەڕیمەوە، بەڵام هێلکەکە شکا.

***راستە، بەڵام فیلمەکەت، رووناکی بەخۆیەوە بینی..**

—حاڵەتەکەش بەتەواوەتی جێگیرو دەستنیشانکرا.

***ئایا لەناو بەرهەمەکانتدا پێگەوشوێنی فیلمی (Baghdad, on/of) چییە؟**

—کاری من دەستنیشانکردنی ئەمە نییە.

***پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

—یەکەمجار بهێڵە پشوویەك بدەم.

سەرچاوە: گۆڤاری (المدی)ی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠٠٣

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم سایتەدا بخوێنیتەوە:

(www.arankurd.com)

گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی– شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.